# ڕابوون

19 17 96

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

هەواڵنامەی کتێب



# بابەتەکان

چۆن لە ولاتەکەم ببوورم؟..........................(٥) رەفیق سابیر

جوولەکەکانی کوردستان و کێشەی رزگاریخوازی گەلی کورد......(٧) د. کەمال سەیدۆ قەرەداغی

لە راپەرینەوە بەرەوسەربەخۆیی.. تا ببوورن بەرەو سرینەوەی عار و کرینەوەی حەیا !!..........................................(١٠) هاشم کۆچانی

وتاری لەیلا زانا لە بارەی مافەکانی کورد لە بەردەم دادگای ئاسایشی تورکیادا ..........................................(١٨) و: مەهاباد کوردی

هاوکاریی دەوڵەتانی داگیرکەر دژی گەلی کورد.............. (٢٣) د. جەبار قادر

پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئیران ......(٣٦) ئەنوەری سوڵتانی

شاعیرو دەسەلات ! ..........................................(٤٩) کامەران محەمەد

شیعری ئۆکتاڤیۆ پاز..........................................(٥٨) و: موحسین ئەحمەد عومەر

شتێک دەربارەی شێوازی سینەما..........................................(٦٥) کارڵ تیۆدۆر و: قاسم عەزیز

بانگەوازێک..........................................( ٧٠ ) هێمن

مردنی سەربازە هەڵاتووەکە (چیرۆک)..........................................(٧١ ) عەتا محەمەد

کاتێ پڵاو ستران دەڵێ..........................................( ٧٧ ) بەرۆژ ئاکرەیی

روونکردنەوەیەک..........................................(٨٥ ) مستەفا قەرەداغی

Box 25161, 750 25 Uppsala- Sweden.
9211995 - 7 :ژمارەی پۆستگیرۆ
ISSN - 1102 - 4372

**رابـــوون**
**گۆڤارێکی کولتووریی کتێبیە**
**ژمارە ١٧ - ١٩٩٦**

**سەرنووسەر**
رەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**
کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵلا

**بەرپرسیاری هونەری**
دیلان دەرسیم

RaBûN
Cultural Kurdish Journal
No. 17-1996

Editor in chief
Rafik Sabir

Editorial Board

Kamal Mirawdali
Hashim Kochani
Karwan Abdulla

Technical Editor
Dylan Dersim

# دەروازە

## کوشتنی کچێکی ١٥ ساڵەو زیندەبەچاڵکردنی ساواکەی !

"لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێر، لە ئاکامی پەیوەندییەکی سێکسی نێوان کچە هەژارێک و چەکداری یەکێک لە بەرپرسە دەستڕۆیشتووەکانی شار، کچە سکی پڕ دەبێ.

تا ناوەراستی شوباتی ١٩٩٦و شەوی منداڵبوون و داناني سکەکەی، کچەکە دەکارێ سکپڕبوونەکەی پەردەپۆش بکات.... بە شێوەیەکی نهێنی منداڵەکەی چاوی بە دنیا هەڵدێنێ..... بەڵام کاتێک کچەکە لە... بزرکردنی کۆرپەکەی سەرکەوتوونابێ، هەموو نهێنییەک ئاشکرادەبێ.

باوکی کچەکە کاتێک لە سەروبنی ڕووداوەکە تێدەگا و دەزانێ لە بەرامبەر زۆردەستی و پشتئەستووریی کابرای چەکدار هیچی پێناکرێ....بۆ ئەوەی سەروەریی و پیاوەتی !!کۆمەڵگای باوک مەزنی خۆی لەدەست نەدا.... کچەکەو کۆرپە ساواکەی بەرەو گۆرستانی شێخ ئەحمەد ڕاپێچ دەکاو، لە وێ... کۆرپە ساواکە زیندە بەچاڵ دەکاو بەدەسترێژێک کۆتایی بە گیانی کچەکەی دەهێنێ."

## کۆمەڵگای مەدەنی!

ڕۆژی یەکشەممە ١٨-٢-١٩٩٦ لە سلێمانی. لە ئاپوورەی دەستگێران و دۆلارو تمەن فرۆشاني سەر جادەی مەولەوی. سێ کچی نەونەمام و ... دڵ بە دنیا خۆش. بۆ کرینی هەندێ پێویستی جەژن ڕێگایان دەکەوێتە ئەو ناوە.

لە پڕ هەروەک تاوانێک ڕوویدابێ... لە چەند لاوە دەیان کەس دەمیان لێدەکرێتەوە... بە هۆهاڵێکردن و فیکەکێشان و قسەی ناشیرین بەرەو ڕوویان دەبنەوە. تەنانەت دەگاتە رادەی پەلاماردان و ئیغتساب و رەجم کردنیان!!

ئەگەر چەند کەسی بەدەربەست و مەدەنی نەبوونایەو فریا نەکەوتنایە کارەسات ڕوویدەدا."

شایانی گوتنە ئەم تراژیدیایە بەبەرچاوی پۆلیسە ( سۆسیال دیموکرات )ەکانی شارەوە ڕوویدا. بەڵام مرۆ ڕاست بڵێت ئەم پۆلیسانە هەقیان بەسەر هیچ لایەکیانەوە نەبوو. نەدیفاعیان لە کچەکان کرد کە بە پۆشاکی(ستریچ) تاوانبارکرابوون. نە لەو خەڵکەی هێرشیان بردە سەر کچەکان.

**ئەمەیە سۆسیال دیموکرات!**

**نە شیش بسووتێ نەکەباب!!**

---

« هەواڵی یەکەم لە ژمارەی ٩-٤- ١٩٩٦ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان وەرگیراوە. هەواڵی دووەمیش لەیەکێک لەژمارەکانی هەمان ماوەی ڕێگای کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.

**بەرگی یەکەم: وێنەی قەڵای شێروانە -باشووری کوردستان**

**دوابەرگ: لالش ، جێگای هەرە پیرۆزی ئاینی ئێزدییان -باشووری کوردستان**

# چۆن له وڵاتەکەم ببورم؟

**ڕەفیق سابیر**

له ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ گروپێکی سیندیکالیستەکانی سوێد SAC سەردانی کوردستانی کردووەو، کۆمەڵێک باس و ڕیپۆرتاجی گرینگی سەبارەت بە باکوورو باشووری کوردستان ئەنجام داوە، کە پار هەموویان له بەرگێکدا بە ناوی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

ئەو ڕیپۆرتاژەی سەبارەت بە کوشتنی ژنان له باشووری کوردستاندا بڵاویان کردۆتەوە، شتێکی ئەوەندە سامناکە کە پێشتر له کوردستاندا وێنەی نەبووە. مرۆڤ کە ڕاپۆرتەکە دەخوێنێتەوە، شەرم دایدەگرێ کە خەڵکی وڵاتێکە حوکمڕانانی، لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا، ڕێگە دەدەن ئاوا دڕندانە و بەربەریستانە لەگەڵ ژن و پەیوەندی خۆشەویستی و سێکس و سۆزانیدا ڕەفتاربکرێت.

بە پێی ڕاپۆرتەکە، کە پشت بە گەلێک بەڵگە دەبەستێت، تەنیا لە دوو ساڵدا «١٩٩١- ١٩٩٣» ٥٧٥ ژن لە کوردستاندا بە تۆمەتی «بێ ڕەوشتی»کوژراون، کە ئەم وشەیە هەر لە پەیوەندی خۆشەویستی، سێکس و سکپڕبوونی پێش مارەبڕینڕا دەگرێتەوە تا جەستەفرۆشتن. لە زۆر حاڵەتدا کەسوکاری ژنە خۆیان ئەم کارەیان کردووە، یان یارمەتی بکوژانیان داوە. نەخۆشخانەی «کۆماری» هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٢ دا ١٦٠ کەسی لەو ژنە کوژراوانە ناونووس کردووە، کە لە هەولێر تەرمەکانیان بۆ ئەوێ براون. کاربەدەستان نەک هەر پیاوکوژان سزا نادەن، بەڵکو خۆیشیان ڕاستەوخۆ لەم کوشتارەدا بەشدارن. هەروا لە یەکی مای ١٩٩٢ تا دەیەمی جەنیوەری ١٩٩٣، بە ڕەسمی ٢٨٠ ژن لە نەخۆشخانەکان ناونووسکراون، کە خۆیان سوتاندووە*.

پێدەچێت دیاردەی ژنکوشتن، لە ساڵانی دواتردا زۆر زیاتر بووبێت. چونکە شەش ڕێکخراوی ژنان، لە ڕۆژی ١٤-٨-١٩٩٥ دا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوە تیایدا دەڵێن کە: لە١ -١-١٩٩٥ تا ٦-٥-١٩٩٥تەنیا لە شاری هەولێر ٣٦ ژن کوژراون، هەفتەی پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە، واتا ٧-١٤ ی ئاب هەر لە هەولێر شەش ژن کوژراون**

* * *

ئایا کۆمەڵگایەک، کە شەرەفی خۆی لەناو ڕانی ژنەکاندا دەبینێتەوە، دەبێت لە چ زەلکاوێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بژیت، کاتێک هەفتانە لە تاکە شارێکیدا شەش ژن بکوژرێت؟ ئایا لە مێژووی کورددا ژن ئاوا دڕندانە، بە ناوی پاراستنی گوایا شەرەفەوە، ڕەفتاری لەگەڵ کراوە؟ ئایا لە شوێنێکی دیکەی جیهاندا نموونەی ئەو دڕندایەتییە بووەو هەیە؟

لە وڵاتێکدا کە یاساو ژیری حوکم ناکات و، وەک جەنگەڵستانێکی گەورەی لێهاتووە، دەبێ لاوازەکان تێک بشکێندرێن و بخورێن. ژنان، کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، لاوازترین بەشی ئەو جەنگەڵستانەن، هەوەڵین گرووپێکی کۆمەڵ دەبن کە دەبێت لە دۆزەخی ستەمی جەنگەڵستانەکەدا بسووتێن. خۆ ئەگەر کەسێکیان ئەڤین بەرەو سێکسی بەرێت، یان لەژێر فشاری برسێتی و نەداری و هەر هۆکارێکی دیکەدا، ناچار بێت جەستەی خۆی، کە موڵکی خۆیەتی، بفرۆشێت، کە زیاتر بازرگانانی خوێن و هەندێ لە لێپرسراوە نەجیبزادەکان کڕیارن، ئەوا شەرەفی عایلەو خێڵ و، تەنانەت شەرەفی نەتەوەیشی لەکەدار کردووە! لێرەوە دەتوانین لەوە بگەین کە بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم نەک هەر نایانەوێ سنوورێک بۆ ئەم وەحشیەتگەرییە بێ وێنەیە

دابنێن، بەڵکو خۆیان، کە نەیانتوانیوە دەرفەتێکی کار بۆ ژنان بڕەخسێنن تا بە ڕەنجی بازوویان نانێک بۆ خۆیان و منداڵەکانیان پەیدا کەن، هانی ئەم دڕندایەتییە دەدەن! بۆ نا؟ مەگەر ئەوان ئەرکی پاراستنی شەرەفی نەتەوەیان پێ نەسپێردراوە؟!

لە میرنشینەکانی ئێمەدا هەموو جۆرە فرۆشتنێک ڕەوایە جەستە فرۆشتن نەبێت؛ چونکە جەستە ناسنامەی خێلە.. جەستە پیرۆزترین سەروەری نەتەوەیەکی بێ سەروەرییە! هەڵەی ئەم خوشکە شەهیدانە، کە ئێستا لە هەزار زیاترن، و ئەوانەیش کە هێشتا شەهید نەکراون، ئەوەیە کە لەم یاساو نەریتە نەگەیشتبوون. ئەوان دەبوو بزانن کە جەستە شتێکی پریڤات «شەخسی» نییە. جەستە قیبلەی نەتەوەیەکی بێ قیبلەیە، شەرەفی کۆمەڵگایەکی بێ شەرەفە! کۆمەڵگایەک کە ڕێگەی هەموو جۆرە فرۆشتن و هەڕاجکردنێک دەدات، جەستە نەبێت: ڕەوایە ویژدان بفرۆشرێت، ڕەوایە جوامێری، سەروەریی و کەرامەتی نەتەوەیی، ڕاستی، ئەڤین، باوەڕو حیزب، شیعر، تەنانەت ڕەوایە وڵات بفرۆشرێت، بەڵام مەحاڵە ڕێگە بە جەستەفرۆشی بدرێت!

خوشکە میهرەبانە شەهیدەکانم! من لە ڕووی ئازارەکانی ئێوەدا، کە وەک ڕاسکۆلنیکۆڤ (پاڵەوانی ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیێڤسکی) بە ئازاری مرۆڤایەتییان دەزانم، کڕنۆش دەبەم..

لە ڕووی هەر برینێکی جەستە پیرۆزەکانتاندا، کە چەقۆو خەنجەرو گوللەی بکوژانتان خستیانە جەستەتانەوە، پاکانە دەکەم..

خوا شایەتە من لە تاوانی مەرگی ئێوە بێبەریم..

بێبەریم لەو نەریت و ڕەوشت وئایین و دەسەڵاتە بەلەسەیەی خوێنی ئێوە حەڵاڵ دەکەن.. بێ بەریم لەو دادگایانەی کە بکوژانتان ئازاد دەکەن.. ئەو دادگایانەی کۆنە جاشەکان پاساکانی وەک کورتان و ڕانکوچۆغە دەدوورن.

من بێ بەریم لەو کۆمەڵەی کە سادەترین مافی ئینسانی بە ئێوە ڕەوانابینێت، ئەو کۆمەڵەی دەسەڵاتدارانی هێندە برسیتان دەکەن تا بەرەو جەستەفرۆشیتان دەبەن و، لێپرسراوە نەجیبزادەکانی، لە بازرگانانی خوێنەوە تا هەندێک لە کاربەدەستە سیاسیی و عەسکەری و حوکومییەکانی، بە جەستەتان حەزی حەیوانییانەی خۆیان دادەمرکێننەوە.. بەخوێنیشتان تینوێتی سادییانەی خۆیان دەشکێنن..

من بێ بەریم لەو جانەوەرانەی پێیان وایە بەخوێنی ئێوە سەروەری و شەرەفی دۆڕاوی خۆیان و کۆمەڵ و خێڵ و نەتەوە دەستێننەوە.

من ناتوانم لە بکوژانتان ببورم..

ناتوانم لە وڵاتەکەم ببورم..

ئاپریلی ١٩٩٦

* Kurdistan, Rapport från SAC:s studierese1994 Kvinnomord och "omoraliska olydnad" s.54

* ڕزگاری ژمارە دوو ١٩٩٥/٥/٨

# جوولەکەکانی کوردستان و کێشەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد

د. کەمال سەیدۆ قەرەداغی

لەگەڵ نەمانی جەنگی ساردو سەرهەڵدانی هەلومەرجی نوێ لە جیهاندا، پرۆسەی چاوپێداخشاندنەوە بە گەلێک هەڵوێست و چەمکەکان، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دەستی پێکرد. گرینگترین ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و عەرەبە دراوسێکانە ڕێکەوتنی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، هەروا سەرهەڵدانی سەرەتای ڕێکەوتنیش لە نێوان سوریا وئیسرائیل، بەڵگەی ئەوەن کە ڕەوتی ئاشتی گەڕانەوەی بۆ نییە.

بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد، بە هەموو پەلەکانییەوە، جاران و ئێستاش، لە دڵسۆزو پشتگیرانی، چارەسەری ڕەواو ئاشتییانەی مافی هەموو گەلان و دەوڵەتەکانی ناوچەکەن لە پێناوی بڕیاردانی چارەنووس.

گەلی کورد لە مێژووی هاوچەرخیدا، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە بارودۆخێکی یەکجار ناسکدا تێدەپەڕێت. هاوکات لەگەڵ ڕابوونی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، گەلێک کۆسپ و تەگەرەو ناتەبایی خەتەرناکی نێوخۆش ڕوویانداوە، گرینگترین گۆڕانکاری، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی دواییدا، لە گۆڕەپانی کوردستاندا سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگارییە لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای (تورکیا)و کارتێکردنیەتی لە پارچەکانی تر. بەمەش بۆ یەکەمین جار بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان سیمای هەمەلایەنەی نەتەوەیی بەخۆوەگرت.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک کەموکوڕی لە خەباتی ئەو بەشەدا هەن، بەڵام گرینگی و ڕۆڵی بزاڤی ئەو بەشە لە چوارچێوەی گرینگی قورسایی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکەو جیهاندا لەبەرچاو بگیرێت. گەلی کورد لەو بەشەدا بە پشتبەخۆبەستن توانیویەتی، لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە، سەرکەوتنی زۆر بەدەست بێنێت. باسکردنی گرینگی خەبات لە باکووری کوردستان ڕۆڵی پارچەکانی تر کەم ناکاتەوە. تەواوبوونی شەڕی دووەمی کەنداو و ڕاپەڕینی ئەمری ئادار لە باشووری کوردستان (عێراق) و گۆڕانکارییەکانی دوایی، توانای بزاڤی کوردیان لە گشت پارچەکانی تر زێترو بەتینترکرد. بەڵام ڕەفتارو سروشتیی ڕێبەرە سیاسییەکانی باشوور کارێکی خراپی کردۆتە سەر خەباتی کوردەکان و لە گەلێک حاڵدا بۆتە هۆی تێکشکاندنی بزاڤە کوردییەکان. شەڕەکانی ئەم دواییەی نێوان پارتی و یەکێتی و دابەشکردنی ئەو بەشە ڕزگارکراوە لە نێوان خۆیانداو، هاریکاریکردنیان لەگەڵ لەشکری تورک لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ زەبروەشاندن لە بزاڤی باکوور، بەڵگەی ئەوەن کە ئەو ڕێبەرانە هیچ شتێک لە مێژوو فێر نەبوون. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئەو دەستپێشخەرییەی پ. ک. ک بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ پارتی، کە دوای ڕازیبوونی پارتی و یەکێتی بە لێدانی بزاڤی باکوور لەگەڵ تورکیا، ئەنجامی دا هەڵەیەکی ئەو حیزبە بوو.

دیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش (ئێران) گەلی

کورد ڕوو بە ڕووی شەڕێکی ماڵوێرانکەری ڕانەگەیەندراوی ڕژێمی ئیسلامی بۆتەوە. لە خوارووی ڕۆژئاواش (سوریا) بارودۆخی کورد هەتا دێت نالەبارتر دەبێت و پرۆژە شۆڤێنیەکانی ئەم دەوڵەتە، وەک سەرژمێری و بە عەرەبکردن، هەر بەردەوامن و لە داهاتووشدا توندتر و فراوانتر دەبن.

دوای ئەو پێشەکییە دێمە سەر بارودۆخی جوولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.

وەک دەزانن لە کۆندا جوولەکەیەکی زۆر لە کوردستاندا هەبوون. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیبری زۆربەی هەرەزۆری جوولەکە کوردەکان، لە ساڵی ١٩٥١، ڕوویان لە ئیسرائیل کرد و ئێستا لەوێ دەژین. بە پێی ئەو مەزەندانەی کە مۆتی زاکین«١» دەیانخاتە ڕوو، نزیکەی سەدەهەزار جوولەکەی کوردستانی لە ئیسرائیل هەن. بە تەنیا لە قودس لە نێوان چل تا پەنجاهەزار لەو جوولەکانەی لێیە. ئەمانە لە گەلێک لە کەرتەکانی ئابووریی ئیسرائیلدا کاردەکەن. تیایاندا هەیە کە بازاڕی گەورەو میوانخانەی مەزنیان هەیە. خاوەنی ئەومیوانخانەبەناوبانگانە وەک [ئیلات، تیپریوز، ناتانیا] خەڵکی کوردستانن«٢».

گرینگترین هۆی بایەخپێدانی جوولەکەکانی کوردستانیی بە بارودۆخی کوردستان و لایەنگیرییان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، ئەو دراوسێیەتییە خاوێن و چاکە بووە کە لە نێوان جوولەکەو برا کوردە موسڵمانەکاندا هەبووە. جوولەکەکانی کوردستان بە گەرمییەوە خۆیان خەریکی ڕوداوو ئاڵوگۆڕەکانی وەزعی کوردستان دەکەن. هەندێکیشیان هەوڵی کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتگیری بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد دەکەن و چالاکی بەرچاو ئەنجام دەدەن بۆ کارکردنە سەر جوولەکەکانی ئیسرائیل لە ئەمەریکا، بەو مەبەستەی هەڵوێستێکی باش لە بەرامبەر بزاڤی کورد، بە تایبەتی لە بەشی باکوور، وەربگیرێت. ئەگەرچی تا ئێستا جوولەکەکانی ئیسرائیل لە ئەمریکا هەڵوێستی بێلایەنەیان لە شەڕی نێوان تورک- کورددا هەیە، بەڵام گەلێک جاریش، لەبەر کۆمەڵێک هۆی ستراتیژی، پشتگیری دەوڵەتی تورکیایان کردووە.

گرینگی جوولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل لێرەدایە کە بۆ بەرژەوەندی کورد بتوانن بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ فشار بخەنە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل.

مۆتی زاکین لە یەکێک لە ڕۆژنامە بڵاوەکان The Jerusalom Post وتارێکی نووسیوەو تیایدا باس لە دەستپێشخەری ئیسرائیل دەکات لە نیشتەجێکردنی پەنابەرەکانی بۆسنە لە ساڵی ١٩٩٣ و دەڵێت: «لە کاتێکدا حکومەتی ئیسرائیل ڕێگای بە موسڵمانەکانی بۆسنە دا کە هەندێکیان پەنا بۆ ئیسرائیل بێنن، ئەمەش جێگای ڕێزلێنانە، بەڵام لە هەمان کاتدا (حکومەت) کەمترین هەوڵ نادات بۆ یارمەتیدانی گەلێکی تری موسڵمانی وەک کورد، کە لەڕووی جوگرافی و سیاسییەوە لە ئێمەوە نزیکترن، ئەمەش جێی نارەحەتی و بێزاری ئێمەیە»«٣»

جوولەکەکانی کوردستان هەڵوێستی دەوڵەتی ئیسرائیل بەرامبەر بزاڤی خەڵکی کوردستان ڕەتدەکەنەوەو داوا لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیدا پشتی داخوازییە ڕەواو نەتەوەییەکانی گەلی کورد بگرێت. بەڕێز م. زاکین لەم ڕووەوە ڕەخنە لە حکومەتەکانی ئیسرائیل دەگرێت و بە پێویستی دەزانێت کە ئەم هەڵوێستە گۆڕانی بەسەردا بێت. هەر لە هەمان وتاریدا دەڵێت: دەبوایە حکومەتەکانی ئیسرائیل لەو چەند ساڵەی دواییدا کۆمەکی کوردەکانیان بکردایە، کە لە ڕاستیدا داواکردنی ئەو کۆمەکە لەلایەن خودی نوێنەرانی کورد لە ئەورووپاو ئەمریکاو نێو کوردستانیشەوە پێشکەش بە ئیسرائیل کراوە. کاتێک عێراق لە هەشتاکاندا چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکان بەکارهێنا ، ئەوکاتە ئیسرائیل

دەیتوانی دڵسۆزی و لایەنگیری خۆی بۆ کوردەکان ڕابگەیەنێت.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کاتێک جوولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل پشتگیری لە خەباتی کوردەکانی باشوور دەکەن لەبەر ئەوە نییە کە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییەو دژی ئیسرائیلە، ئەو پشتگیرییە لەگەڵ پارچەکانی تریش بەردەوامە، بە تایبەتی لەگەڵ خەباتی باکوور (تورکیا). ئەو بایەخپێدان و هەڵوێست وەرگرتنە لە داهاتووشدا پابەند دەبێت بە رادەی پەرسەندنی ئەو خەباتەو دینامیکییەتی سیاسیی ڕێبەرایەتی کورد. شایەنی باسە دەوڵەتی تورکیا، لە ڕۆڵی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ئیسرائیل تێدەگات و هەوڵ دەدات سوودی لێ ببینێت. بۆیە پێویستە کوردەکان ئەو بارودۆخە بە باشی هەڵسەنگێنن و هەنگاوی سوودبەخش هەڵێنن بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ئیسرائیل.

دیارە لەگەڵ نزیکبوونەوەی نەمانی کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و، پەیوەندی دروستبوون لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئیسرائیلدا، ڕۆڵی سیاسیی و ئابووریی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا پەرەدەستێنێت. سەرەرای ئەوە، شوێن پێی ئیسرائیل لە بواری نێودەوڵەتیدا، بە یارمەتی پارەی زۆرو زەبەندی کۆنگرەی جوولەکەکانی جیهان، بە تایبەتی ڕۆژئاوا، هەتا دێت فراوانترو بەهێزتر دەبێت. پێویستە ڕێبەرایەتی کورد، بە تایبەتی بەشی باکوور، گرینگی بەو ڕۆڵە بدات و سوودی لێوەربگرێت. ئەگەرچی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی ناوچەکە گەلێک حەساس و ئاڵۆزن، بەلام دەبێت هەڵوێستی پراگماتی نەرم لە بەرامبەر هۆکارو لایەنەکانی ململانێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەنجام بدرێت و بەرژەوەندی ستراتیژی نەتەوەی کورد لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت. ئەگەر بڕیاربێت خزمەتی خەباتی ئەو گەلە بکرێت، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستی و هۆکارانە بەوردی دیراسەبکرێن. لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم کە ڕێبەرایەتی کورد دەبێت زۆر بە هێمنی و وردی و ئاگاییەوە باس لە جوولەکەکانی ئیسرائیل، کە لە ئەمریکا دەژین، بکات. هەروا دەبێت ڕۆڵی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا لەبەرچاو بگرێت. هەر هەڵوێستێکی توندیش لە دژی ئیسرائیل ئەوا زیان بە خەباتی کورد دەگەیەنێت و کاری خراپیش دەکاتە سەر جوولەکەکانی ئیسرائیل، کە پشتیوانی لە خەباتی ڕەواو ڕزگاریخوازانەی کورد دەکەن.

---

١- مۆتی زاکین Moti Zaken نووسەرێکی ئیسرائیلییەو بایەخ بە کێشەی کورد دەدات. ئێستا لە زانکۆی عیبری لە قودس کاردەکات. گەلێک باس ووتاری لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە. زاکین لە نووسینەکانیدا پشتیوانی لە خەبات و مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکات.

2- Moti Zaken, Kurdish Jwes making it in Israel, The National Jewish Post,Nr. 36, May 29, 1991

3- M. Zaken, Some care for The Kurds, The Jerysalem Post, Feb, 28, 1993

٤- هەمان سەرچاوە.

5- M. Zaken, Israel and the Kurds, forwards, April 1991

# لە ڕاپەرینەوە بەرەو سەربەخۆیی!!

## نا...ببورن:

## بەرەو سڕینەوەی «عار» و کڕینەوەی «حەیا»!!

هاشم کۆچانی

**کووپەی نوێ بۆ شەرابی کۆن!!**

جارێکیان لە فەیلەسووفی چینی کۆنفۆشیۆس (٥٥١-٤٧٩پ.ز) دەپرسن:

– کاتێک بارودۆخی وڵاتێک بە تەواویی تێکدەچێ، چارەسەر چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێت:

– چارەسەر ئەوەیە کە هەر وشەیەک بەمانای ڕاستەقینەی خۆی بەکار بێت.

ئەم دەربڕینە چڕ و سادەیە، پڕ بە پێستی بارودۆخی لێکترازاوی ئێستای باشووری وڵاتە.

* لە کوردستاندا هەڵبژاردنمان سازکردو پەرلەمانیشمان پێکهێنا. حکومەتیش بە کابینەو چەندان پۆستی وەزارەتەوە دامەزرا.

ئایا ئەم دەزگایانە دەربڕی ناوەکانی خۆیان بوون؟

بۆچی ئەم دوو دەزگایە نەکران بەدوو دەزگای نیشتمانیی، کە بتوانن کوردستان بخەنە ناو چوارچێوەیەکی یاساییەوەو وڵاتەکە بەڕێوەبەرن؟

چونکە عەقلی سیاسی حوکمڕان لە باشووردا، ئەم دەزگایانەی بۆ ئەوەنەبوو شەرعییەتی کێشەکە بنوێنن، بەڵکو بۆ ئەوەی بوو بیانکات بە سەیوانێک بۆ شەرعیەتدان بە سیاسەتێکی نا شەرعی. بە کردەوەش کردیانن بە دوو ئامرازو پاشکۆی حزبیی بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی پێچەوانەی ئامانجەکانی ڕاپەڕین، بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا.

* پێشتر ناوی پێشمەرگە لە زەینی مرۆڤی کوردا، نیشانەی وڵاتپارێزی و گەلپەروەریی بوو. بەڵام ئەمڕۆ ئەم وشەیە بۆتە ناوی نهێنی دزو کوردکوژ و تاڵانچی.

لە گەرمەی ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، ئەوە دەرکەوت کە پانتایی عەقڵی سیاسی سەرکردایەتی باشوور، گەلێک لەوە تەسکترە، ستراتیژییەتی ڕاپەڕینەکەی پێ هەزم بکرێ. بە تایبەتی کاتێک کە بەشێکی گرنگی خاکە ڕزگارکراوەکانی دۆڕاندو لە ئاستی دیفاعکردن لە یەکپارچەیی باشووری وڵاتدا نەبوو. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا، ئەم عەقڵە زاڵە سیاسییە، بابەتی ڕزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی لە بیری خەڵک بردەوەو، بەکردەوە ناوچەکانی بندەسەڵاتی خۆشی کرد بە دووبەشەوە.

داخوا عەقڵی سیاسی سەرکردایەتی و دەزگاکانی شاخ، ئەگەر عەقڵ و دەزگای ڕزگاریی و بەرگریی بوونایە، لە گەرمەی ڕاپەڕیندا وابە چەشنێکی ئۆتۆماتیکی و خۆڕسکانە دەبوونە دەزگای تاڵانیی؟

لێرەدا بۆ ئەوەی بوار بۆ هیچ بیانووهێنانەوەیەکی پووت نەمێنێتەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، کە لەسەرەتای سەرکەوتنی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا، کاتێک دەزگای کۆن دەڕوخێ، بۆ ماوەیەکی کورت تا دەزگای نوێ جێگیر دەبێ، جۆرە تاڵانی و پاشاگەردانییەک سەرهەڵدەدا. نموونەش زۆرن، هەر لە کۆموونەی پاریسەوە بگرین تادەگاتە شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧ی ڕووسیاو١٩٥٨ی عێراق و ١٩٧٩ی ئێران و...هتد

بەڵام تاڵانی و دزی تەنانەت وێرانکردنی دامووەزگا دەوڵەتییەکانیش، لەو نموونانەو هیتردا، لە لایەن خەڵکی سادەوەئەنجامدراون و هۆیەکانیشی زانراون. کەچی لە کوردستاندا ئەم تاڵانی و(ئاودیوکردن)و دزییە، لە لایەن خودی دامووەزگا سیاسییەکانەوە پەیرەودەکران. تەنیا فرۆشتنی کەرەستەکانی پرۆژەکەی «بێخمە» بەسە بە نموونە بهێنینەوە، کە بە رێککەوتنی حزبیی فرۆشران و، لەیەکێک لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا، لەسەر دابەشکردنی پارەی ئەو میراتە، قسەو باسکراوە.

ئەوەی دەوڵەتی عێراق بە گشت رژێمەکانییەوە، بە تایبەتی رژێمی ئێستای، بۆ لاوازکردن و هەڵتەکاندنی هاونەتەوەیی کوردی باشوورو لێکترازاندنی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەنجامیان داوە کەم نین.

راستە دەوڵەتی عێراق لە بەشی یەکەمی پرۆژەکانیدا تارادەیەکی زۆر سەرکەوت و توانی بە قووڵی کوردستان وێرانبکات و قرکردنی بە کۆمەڵ بڵاویکاتەوە، کە سامناکترینیان شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال بوو. بەڵام پرۆژەکانی ئەم دەوڵەتە لە بواری دووەمدا نەیانتوانی بەهەمان ئەندازەو بە هەمان قووڵی، هاونەتەوەیی و هاوخەباتیی باشوور تێکشکێنن و، بە قووڵاییدا رۆچن وکەسایەتی نەتەوەیی مرۆڤی کورد وەک(تاک) وگەلی کورد وەک(کۆ) بەتەواوی تێکشکێنن و لە هوشیاریی و ئینتمای ناسنامە بیانشۆنەوەو، لە ئایندەی ئازادی و رزگاریی رەشبینیان بکەن.

دەوڵەتی عێراق هەستی بەوەکردبوو، کە پرۆژەکانی لەم بوارەدا لە باری پانبوونەوەدا ماونەتەوەو ناتوانن مۆرکێکی قووڵ بگرنە خۆیان و لە ناخەوە کۆمەڵگای کوردەواریی هەڵتەکێنن. هەربۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم بەشەی پرۆژەکانی، چەندان بەرنامەی تری دانابوو، وەک دروستکردنی دامووەزگای کارتۆنی و داهۆڵی کوردانە. هەروا هەوڵدانەکانی لەبواری چاپەمەنی و راگەیاندن و کنەکردنی بۆ دیوار هەڵچنین لە نێوان دوو دیالێکتی باشوورو، هەوڵدانی بۆ جیاکردنەوەی جوگرافییانەی ناوچەی سۆران و بادینان لە یەکترو، پرۆژە کۆلۆنیالیستییەکەی «بێخمە»ش تایبەت بۆ ئەو کارە بناغەی دارێژرابوو. ئەمە جگە لە تازەکردنەوەی سیاسەتی (جێنشینکردن)و هێنانی ژمارەیەکی زۆرتری عەرەبی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان. دەوڵەتی عێراق بەرنامەی درێژ خایەنی هەبوو بۆ بەتەواویی سڕینەوەی کوردستانی باشوورو سڕینەوەی ئینتمای نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردەواری. بەڵام شەری دووەمی کەنداوو راپەرین و ئەو گۆرانانەی بەسەردا هات کە هێشتا روون نییە بە کام باردا دەشکێنەوە. پرۆژەکانی عێراق لەم بوارەدا نەیانتوانی توێکڵی سەرەوەی (جیۆلۆجیای) کوردایەتی و کۆمەڵگای کوردەواری تێپەرێنن و بەو قووڵاییە بگەن کە نیشانیان لێگرتبوو.

دوای راپەرین،عەقلی دەزگا سیاسییەکان و سەرکردایەتی باشوور، لە جیاتی ئەوەی ئەو کوونوکەلەبەرانەی کە دەوڵەتی عێراق لە توێکڵی سەرەوەی(جیۆلۆجیای) کوردایەتی و کۆمەڵگای کوردەواریدا درووستی کردبوون، پڕبکەنەوە. کەچی ئەو کوون و کەلەبەرانەیان گەورەترکردو لە قووڵاییەوە کۆمەڵگای کورد بەرەو شێواندنێکی زیاترو هەڵتەکاندن دەبەن. درووست مەترسی سامناکتری ئەم کارانەش لەوەدایە، کە ئێستا ئێمە لە باشووردا، زۆرتر بەدەست عەقڵی خۆمانەوە دەناڵێنین و، ئەوەی لەم بوارەدا بۆ دەوڵەتی عێراق ئەنجام نەدرا، ئەم عەقڵە سیاسییە وەک فاکتەرێکی ناوخۆیی ملی لێناوە. بەتایبەتی لەم دووساڵەی دواییدا، بە ئاگاییەکی تەواوەوە(راپەرین) لە بەرنامەیەکی رزگاریخوازییەوە، بەرەو پێچەوانەکەی لێژکراوەتەوە. ئەوەتانێ زەمینەیەکی ئەوتۆ لە وڵاتدا سازکراوە نەک هەر شەڕی ناوخۆیی و پێشێلکردنی سەرسوورهێنەرانەی مافی مرۆڤی تیا ئەنجام دەدرێ بەڵکو بۆتە زەمینەی

بەتەواویی تێکشکانی کورد، لەوەش زیاتر، لە کوردستانی بەناو ئازادو لە سایەی حوکمرانیی ئەم عەقڵەدا، چەندان دیاردەی چەپەڵی کۆمەڵایەتی سیاسی (پەیوەست بەیەک) سەریان هەڵداوە، کە وەحشەتناکترینیان ئەوەیە کە ئەمڕۆ، بەناوی سڕینەوەی عارو کرینەوەی حەیا، شەرمەزارترین لاپەرە لە مێژووی کۆمەڵگای کوردەواریدا تۆماردەکرێت و، بە برووبیانووی نا ئینسانی و تاریکپەرستانە شالاوێکی کووشتارو سەربرینی بێ وێنە لە مێژووی وڵاتەکەماندا دەرهەق خوشکان و دایکان و کچانی کوردستان دەستی پێکردووە.

هیچ گومان لەوەدانییە کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو ئافرەت و کچانەی ناچاری لەشفرۆشی بوون، ئەو خەڵکە هەژارو برسییەن، کە بۆ ئاردو نان و کرێی خانو و بەخێوکردنی (هەتیوانی کوردایەتی) منداڵە شەهیدو منداڵانی بێ بابی ناوچە ئەنفالکراوەکان، لەشی خۆیان بە پیاوان و مافیاکانی کوردایەتی دەفرۆشن. دەبێ ئەو کیژو ژنانە تاوانیان چبێ، لەوەی کە هەرچی سامانی ماددی و (سامانی بایۆلۆجی) خێزانەکانیان هەبووبێ، کرابێتە قوربانیی کوردایەتی؟ کەوا ئەمرۆ لە کوردستانی بن دەستی داگیرکەرانی ناوخۆییدا، ناچاری لەشفرۆشی و سۆزانێتی بکرێن و، بە دەستی مافیاکانی (عەقلی نەخۆش) رەشەکووژیی بکرێن.

دەبێ ئەمە تەنیا عارو بێ حەیایی دەسەڵاتی خۆماڵیی بێ بەم زەلکاوی کۆمیدییە گەیشتبێ. یان تەواوی کۆمەڵگاکەمان.

**پێکەوە هەڵنەکردن!!**

ئەگەر بمانەوێ سەرنجێکی گشتی عەقلی سیاسی دەزگا دەسترۆیشتوو سەرکردایەتییەکانی خۆمان بدەین، لەهەردوو قۆناغدا بەرلەدروستبوون و دوای دروستبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، دەبینین ئەم عەقڵە بە شێوەیەکی گشتی لە بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە:(شەری ناوخۆیی، بێگانەپەرستی، پێکەوەهەڵنەکردن و سەربەخۆیی). لێرەدا پێویستە بە پێی قۆناغ سەرنجی ماناو وشەی سەربەخۆیی بدەین.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەمیشە لایەنی زاڵ لەم عەقڵەدا لایەنە نەگێتیڤەکە بووەو، لایەنی سەربەخۆیی بەشی لاوازی عەقڵەکەی پێکهێناوە. سەبارەت بە رابردوو مێژوو شتێکی پێچەوانەی ئەو ئەنجامگیرییەی بۆ تۆمارنەکردووین، برواش ناکەم بۆ ئێستامان کەسێک داوای دەکۆمێنت و نموونەهێنانەوەمان لێبکات.

دیارە لە باسکردنی ئەم عەقڵەدا، مەبەست ئەوە نییە کە لێرە سەرکردەیەک و لەوێ کۆمەڵە روناکبیرێکمان نەبووبێ، دەستپاکانە بۆ رزگاریی خەباتیان کردبێ، لەوەش زیاتر رەنگە هەندێک جار لە هەندێ قۆناغدا لەم بەشە یاخود ئەوی تری کوردستاندا بۆ ماوەیەک بە نیوەچڵی لایەنی سەربەخۆییەکە زاڵبووبێ. بەڵام لێرەدا مەبەست باری گشتی عەقڵەکەیە، کە هەر ئەم بارە گشتییەش رەوت و ئایندەی بزووتنەوەکە بریاردەدات.

پێم وایە تا ئێستا هەر ئەو لایەنە نەگێتیڤە زاڵە، هەر بۆیە :

یەکەم: هیچ دەزگایەکی سیاسی نەتەوەییمان نییە، بتوانی ستراتیژو تاکتیکی بزووتنەوەکەو میکانیزمی پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی داڕێژێ.

دووەم: دەوڵەتانی داگیرکەر، لەسەر لانی کەم و لانی زۆری بەرنامەی خۆیان، بۆ تێکشکاندنی کورد یەک دیدو هاوکارن. کەچی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئێمە، تەنانەت نەیتوانیوە لەسەر لانی کەمی بەرنامەی نەتەوەیی رێککەوێ.

سێیەم: نەک هەر لەسەرانسەری کوردستاندا ئەم رێککەوتنە نییە، بەڵکولەسەر ئاستی هیچ بەشێکی کوردستانیشدا، بزووتنەوەکە نەیتوانیوە بۆ بەشەکەی

خۆی پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی کاملّی هەبێ. هەر بۆیە دەبینین عەقڵی حوکمرانی باشوور، جارێک ڕەدووی پرۆژەی ئیسلامچێتی فارسی ئێران دەکەوێ و، جارێک پرۆژەی تۆرانچێتی تورکیاو، جارێک پرۆژەی قەومی عەرەبی سووریا.

راستە تا ئەو کاتەی گۆرانکاریی قووڵ لە بواری ئابووری و کۆمەلآیەتی و روناکبیرییدا روونەدەن، زەحمەتە باسی دامووەزگای مۆدێرنی سیاسی و کولتووری لە ولآتێکی وەک کوردستان و ئەوانەی دەوروبەردا بکرێ. بەلآم نابێ ئەم راستییە بە مووتلەقکراویی سەیربکرێ. چوونکە دەکرێ لە ولآتێکی دواکەوتوودا (بەتایبەتی کۆلۆنیکراو) بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرادەیەکی(رێژەیی) پێشکەوتوو سەرهەلّبدات، بە مەرجێک ئەگەر دەزگای رابەرایەتییەکەی بەدەست گروپێکی سیاسی و روناکبیرو نیشتمانپەروەرو دەستپاکەوە بێ، کەم و زۆر بنەمای عەقلآنییەتی شارستانی و یەکتر قبوولکردن و مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و بیروڕای رەخنەگریی قبوولّبکات و بڕوای بە دیالۆگ هەبێ ، تا زەمینەی نزیکبوونەوەی لە دیموکراسی (وەک سیستەمی حوکمرانی )لادروستبێ. بۆ نموونە لە باشووری کوردستاندا ئەو زەمینە سیاسییە هەبوو کە بزووتنەوەکە بە رەوتێکی وادا بڕۆشتایە. پێم وایە ئەگەر دەزگای سەرکردایەتی باشوور بەدەست گروپێکی (نخبە) لەو چەشنەوە ببوایە ، پرۆسەی سیاسی باشوور رەوت و چارەنووسێکی تری دەبوو.

کەلەکەبوونی دواکەوتوویی بە هەردوو دیوەکەیەوە، چ ئەوەی کۆلۆنیالیستان بەسەرماندا سەپاندوویانە چ ئەوەی لە خۆماندا هەیە، بەتایبەتی پەیوەندی خێلآیەتی، زەمینەیەکی لە باربوون بۆ ئەوەی عەقڵی سەرکردایەتی و دەزگا سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بازنەی خۆیاندا بمێننەوە. پێم باشە لێرەدا قامک بخەمە سەر خاڵێکی سامناکی ئەو عەقڵە ئەویش( باری پێکەوەهەڵنەکردنە). لام وایە ئەم بارە چ لە ئاستی ساکاریدا(پەیوەندی نێوان کەسەکان) و چ لە ئاستی ئالۆزیدا (پەیوەندی دامووەزگا سیاسییەکان)، لەناو ئێمەدا لە هەموو گەلانی تری ناوچەکە زیاتر بلآوەو قووڵتر رەگی گرتووە.

پێکەوەهەڵنەکردن لە مێژووی ئێمەدا وەک تۆپەڵە بەفرێک وایە لە لوتکەی شاخەوە خلۆرکرابێتە خوارەوەو، تادێت گەورەترو سامناکتر دەبێت. تا ئێستاش ئەم باری پێکەوە هەڵنەکردن و نەبوونی دیالۆگە، لای ئێمە وەک پرسیارێکی جدی سەریهەڵنەداوە.

بڵێی هۆی ئەم پێکەوەهەڵنەکردنە، ئەوەبێ کە تائێستاکورد دەسەلآتێکی مەرکەزیی نەبووە؟ یان بەهۆی ئەو فرە دەسەلآتیی و نیمچە دەسەلآتییەوەبێ کە هەمانبووە، تادەگاتە بندەستبوونی ئێستامان وکۆیلەکردنمان لە لایەن چوار دەوڵەتی ناشارستانی ناوچەکەوە.

رەنگە هەر ئەم پێکەوەهەڵنەکردنەشبێ وای لێکردبین، کە بە رادەی فیلیهاتن، چێژولەزەت لە خۆتێکشکاندن و خۆدانە بەر هەرەس وەربگرین.

بەهەرحاڵ ئەمە پرسیارێکی کۆن و ترسناکەو، رەنگە لێکدانەوەشی یەکێک بووبێ لە بابەتە قەدەغەکراوەکانی فکری نەتەوایەتیمان.

### لە کۆی ( ٣٥ ) ساڵ ( ٢٠ ) ساڵ شەری ناوخۆیی !!

پێموایە لەرەوتی ئەم باسەدا، سەرنجدانێکی بزووتنەوەی سیاسی باشووری کوردستان پێویست بێت. بۆ ئەم سەرنجدانەش (٣٥) ساڵی ئەم دواییە بەسە، ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لەو ماوەیەدا شۆرشی ئەیلوولی(١٩٦١-١٩٧٥) بەرپابوو. کە لە مێژووماندا هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی -

چەکداریی بەو چەشنە بەهێزو تەمەن درێژ دەرنەکەوتووە. تایبەتمەندییەکی تریشی ئەوەبوو کە لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە رابەرایەتی دەکرا. بۆ یەکەمین جاریش لەم بەشەی کوردستاندابوو، کە گەلی کورد بتوانێ یەکێک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان ناچاربکات لە رووی سیاسی و تا رادەیەکیش حقووقییەوە لە رێککەوتننامەکەی ئاداری١٩٧٠دا دان بە بوونی نەتەوەیی کوردستان و گەلەکەیدا بنێت.

لە هەمان کاتدا ئەم شۆرشە بە چەشنێکی تراژیدیی پڕ لە کارەسات هەرەسیهێنا.

**دووەم:** پاش هەرەس، جارێکی تر بزووتنەوەیەکی سیاسی-چەکداریی (ئەمجارەیان فرە حزبیی) سەریهەڵدایەوە. لەم قۆناغەدا شەری دەوڵەتی عێراق دژی گەلی کورد گەیشتە پلەی جینۆسایدو، پتر کوردستان خاپورو گەلەکەی قڕکرا.

ئەم بزووتنەوەیە قوربانییەکی گرانبەهای داو لەرووی مەیدانیشەوە رۆڵی کیانفیدایانەی زۆر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی یاخود پێشمەرگەیی بەدەست نەهێنا. بەڵام لەم قۆناغەدا شێوەیەکی تازەی خەباتی جەماوەریی ناوشار لە دایکبوو، کە بەرچاوترینیان خۆپیشاندانە پچرپچڕەکانی هەشتاکان بوو.هەر خودی ئەم بزووتنەوەیە کارتێکردنێکی ناراستەوخۆی لەسەر راپەرینە خۆرسکییەکەی١٩٩١یشدا هەبوو.

**سێیەم:** راپەرین و پرۆسەی سیاسی باشوور، بۆ یەکەمین جارە گەلی کورد بتوانێ (لە باروخێکی نوێی هەرێمایەتی و جیهانیدا)دەوڵەتی عێراق لەتەواوی باشوور دەربکات.پاشان هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی خۆماڵیی و راگەیاندنی فیدرالیزم بەدوای یەکدا سەریان هەڵدا.

لەم ئاوردانەوە(٣٥) ساڵە سێ قۆناغەیەدا:(شۆرشی ئەیلوول و هەرەس، بزووتنەوەی پاش هەرەس، راپەرین) دەبینین لەهەر سێ قۆناغەکەدا عەقڵی سیاسی و دەزگای سەرکردایەتی نەگۆرا. تەنانەت راپەرینیش نەیتوانی ئەو عەقڵە سیاسییە بە بارێکی گشتی نوێدا بگۆرێ.

لەهەر سێ قۆناغەکەدا، باری پێکەوە هەڵنەکردن بەردەوامبووەو، بێگانەپەرستی درێژەی هەبووەو، لەم (٣٥)ساڵەدا شاخەتی شەری ناوخۆیی(١٩٦٤-١٩٧٠) و (١٩٧٦-١٩٨٨) و (١٩٩٤-١٩٩٦) لە نێوان دەزگا سیاسییە دەستروێشتووەکاندا بەردەوامبووەو، لە کۆی ئەو (٣٥) ساڵە (٢٠) ساڵی شەری ناوخۆیی درێژەی بووە. لێرەدا قووڵیی ئەو قەیرانە فکریی-سیاسیی-رووناکبیرییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمانی تیا چەقیوە. لەبەر ئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا نە سیاسەت و نە رووناکبیریتی نەچوونەتە رەوت و باری پرۆژەییەوە، تەنانەت لەو چرکەساتانەشدا کە سەرکەوتنی سیاسیی بەدەستهێنراون، هیچ کارێکی گەورە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە نەکراوەو، رەنگە داننان بە بوونی قەیرانەکەشدا لای ئێمە هێشتا یەکلانەبووبێتەوە.

ساڵی ١٩٦٤، گەورەترین کەرتبوونی سیاسی-چەکداریی لە مێژووی تازەی بزووتنەوەی کوردستاندا سەریهەڵدا، کەبە رابەرایەتی خەتی(م.س) دەناسرێ. ئەم خەتەبۆ سەلماندنی شەرعییەتی خۆی، پەنای بۆ دووبابەت برد:

**یەکەم:** سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلوولی بە خێڵەکیی ناوبرد.

**دووەم:** باڵۆنێکی پڕ لە دروشمی پێشکەوتنخوازیی و سۆسیالیستی کیم ئێلسۆنگی و ماویستی و کیڤاریستی.... لە کوردستاندا هەڵدا.

لەگەڵ پەیدابوونی ئەم خەتەدا، سەرەتاو بناخەیەکی چەوت بۆ ململانێی سیاسی لە کوردستاندا چەکەرەی کرد. کە پێموایە تا ئێستەش هەموو ململانێکانی ناو بزووتنەوەی کورد بەو رێگایەدا دەروا:

١- ئەم خەتەش وەک (ئۆرگیناڵەکەی) بروای بە دیمۆکراسیی بوونی ململانێی فکریی و سیاسی نەبوو.

٢- خۆ بە ئالتەرناتیڤ بوونەکەی تەنیا لەوەدا دەبینیەوە، کە ئەویتر بسڕێتەوە، نەک ململانێی سیاسی و فکریی لە گەڵدا بکات.

٣- ئەو دووخاڵەی سەرەوە وایلێکرد، لە بزووتنەوەکە دەرچێ و سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی لا ببێتە دوژمنی بنەرەتی و سەرەکی.

٤- بەم پێیەش چووە هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی و سەربازییەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ، دژی شۆڕشی ئەیلوول. بەم هاوپەیمانێتییەش، یەکەمین هاریکاریی سەربازیی-سیاسی هێزێکی کوردیی، دژی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کورد، تۆمارکرا.

ئاکام ئەم خەتە بوو بە نوقتەو وەک قەوارەی ڕێکخراوەیی نەیتوانی بەردەوامبێ و، لەدوای ڕێککەوتننامەکەی ئاداری ١٩٧٠ گەڕایەوە ناو ئۆرگیناڵەکەی خۆی.

دوای هەرەسی ١٩٧٥، جارێکی تر ژمارەیەک لە کادیرو سەرکردەکانی خەتی(م.س)ی ١٩٦٤ و ژمارەیەک لە کادیرانی شۆڕشی ئەیلوول و کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کە پێشتر لە ١٩٧٠دا دامەزرابوو، یەکێتی نیشتمانییان پێکهێنا.

ڕەنگە ئەگەر کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی، سەربەخۆیی خۆی بپاراستایەو تێکەڵ بە (ینک) نەبوایە، بیتوانیبایە لە دەرەوەی عەقڵە سیاسیە باوەکەدا گەشەبکات. چونکە ئەو کۆمەڵەیە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانە بوو کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان لە ستروکتوری کۆمەڵگای کوردستاندا ڕوویاندا.

(ینک) ئەگەر پرۆژەو ئالتەرناتیڤێکی عەقڵانی بوایە، هەر لەسەرەتاوە ئەزموونی(١٩٦٤-١٩٧٠)ی لە گەڵ (پدک) دووبارە نەدەکردەوەو، جارێکی تر پارتی بەناوی (قیادە موەقەتە) لێ نەدەبوو بە دوژمنی سەرەکی.

بەڵکو خوێندنەوەیەکی تری بۆ (پدک) دەبوو. (پدک) ئەوکاتەو ئێستاش ئەوە نییە کە (ینک) باسی دەکات. (پدک) لەو ئاست و پلەیەی کۆمەڵگای کوردستان پێگەیشتووە، حزبێکی کۆنەکارو تەقلیدییە، کە لە لایەن دەزگای بارزانییەوە ڕابەرایەتی دەکرێ. جاکەسێک ئەو دەزگا بنەماڵییەی قبووڵە یان نا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

من پێم وانییە، ئەگەر سبەینێ سەرکردایەتی پارتی بە دەست بنەماڵەی بارزانییەوە نەمێنێ، پارتی ببێتە قوتابخانەیەکی نوێ یاخود جیا لەوەی کە ئێستا هەیە. نموونەش بۆ ئەم قسەیەم (خەتی م.س) ی ١٩٦٤و (ینک)ی ئێستایە، کە نەک هەر لە ژێر سەرکردایەتی ئەو بنەماڵەیەدانەبوون و نین ، بەڵکو وەک پرۆتێست بەرامبەر بەوان پەیدا بوون. بەڵام داخوا لە ڕووی فکریی و سیاسییەوە بوون بە قوتابخانەیەکی تر؟

هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فکرو سیاسەت و پراکتیک و مۆراڵی(پدک) و (ینک) چین؟ چ کارێکی جەوتی (پدک) و سەرکردایەتی (پدک) هەن، کە (ینک) وسەرکردایەتییەکەی ئەنجامیان نەدابێ؟ خۆ ناکرێ (سۆسیال دیموکرات) بوونەکەی (ینک) بکرێ، بە خاڵی جیاوازیان، کە ئەمەیان (سوریالیترین) ئیدعایە. چونکە (پدک) یان هەر هێزێکی تری ناوچەکە لەهەر وەختێکدا بیانەوێ بە چەندان پرۆسێنتی(٪) زێدەوە دەتوانن ببنە ئەو تەرزە(سۆسیال دیموکرات)ەی(ینک).

لە ململانێی سیاسیدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەو قوتابخانە سیاسییە یاخود بە مانایەکی فراوانتر ئەو عەقڵە سیاسییە بەرهەمی بنەماڵەیەک یان چەند کەسێک نین. پێشم وایە هەموو مرۆڤێکی کورد، بەوانەشەوە کەوەکو من بیردەکەنەوە هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی کوردین، کەم یان زۆرسێبەری ئەو عەقڵە، ئەگەر لە هەستیشماندا نەبێ ئەوا بێشک لە نەستماندا هەبووەو هەیە. بەڵام کەسێک کە هەست بەلایەنی جەوتی ئەو عەقڵە بکات دەبێ بزانێ چۆن بانگەشەی عەقڵێکی تر دەکات و بە چ پرسیارو ڕەخنەیەکەوە ڕووبەڕووی عەقڵەکە دەبێتەوە.

کەسێک بیەوێ خاوەن عەقڵێکی نوێی سیاسیی بێ و کۆششی ئەوەی بێ، ئالتەرناتیڤ بۆ ئەو بۆشاییە

دروست بێ کە لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستاندا هەیە:

**یەکەم:** پیموایە دەبێ ئەوراستیە تاڵە بریاربدات کە لەباشووری کوردستاندا، یەک قوتابخانەی سیاسی هەیە. جیاوازی نێوان (پدک) و (ینک) لەو قوتابخانەیەدا هێندەیە کە دوو(شعبە-لق) ی(A-B)ی پۆلێکی هاوچەشنی قوتابخانەکەن. تەنیا هەر بەمەش دەکرێ لێکتر جیابکرێنەوە، کە (لقی A) یان شەرانییەو، (لقیB) یان کۆنەکارو کیسەڵییە. لەم رووەوە منیش وەکوو ئەو رۆژنامەنووسە بێگانەیەی کەسەردانی کوردستانی کردبوو، پێموایە جیاوازی نێوان (پدک) و (ینک) هێندەی جیاوازی نێوان(COCACOLA) و (PEPSICOLA) یە. لام وایە هەموو حزبەکانی تریش هەر لەو قوتابخانەیەدان، بەلام بە جیاوازی ئاستی پۆلەکانیان لە (ینک و پدک). لێرەدا حەزدەکەم جەخت لەوە بکەم، کە لەم بەراوردانەدا باسی گشتێتی فکرو سیاسەت و پرنسیپە رێکخراوەییەکان دەکەم. ئەگینا خوانەخواستە مەبەستم ئەوە نییە بەیەک چاو سەیری (بکوژێک) و کەسێکی تر بکەم کە رەنگە ببێتە بکووژو ، رەنگیشە نەبێ. جیاوازیدانان لەنێوان (هێزێکی دەسەلاتدار) و (هێزێکی دەرەوەی دەسەلات)کە هێشتا تاقینەکراوەتەوە، مەسەلەیەکی موراڵیی و حقووقییە. دیارە مەبەستیشم ئەوە نییە بڵێم لەناو ئەو حزب و دەزگایانەو لەناو گەلەکەماندا کەسان وەک (تاک) لەدەرەوەی ئەو عەقڵە نەبن. نەخێر هەن و زۆریشن، بەلام مەودای رۆڵ و کارتێکردنیان زۆر تەسک و کەمە.

**دووەم:** کەسێک بروای بە رزگاری نەتەوە هەبێ، دەبێ دیموکراسی وەک سیستەمی حوکمرانیی قبووڵ بێ، ئەگینا بەربەرییەک ناتوانێ هێندە شارستانی بێ، کە خەڵکی تر قبووڵبکات و مافی مرۆڤ رەچاوبکات. کەسێکیش نیازپاکانە، بانگەشەی دیموکراسی و رزگاریی بکات، دەبێ(فرە حزبیی و، فرە ئاینیی و فرە خوابەرستی و هەموو جۆرەکانی پلورالیزم لە گشت بوارەکانی ژیاندا قبووڵبکات). ئەو کاتەش بەو راستییەدەگات، کە لە سیاسەتدا ( بەرەی چەپ و راست و مامناوەندی ) هەیە، کۆنەکار (KONSERVATIV) و نوێکار (MODERN) هەیە. ئەمانەش بە فکرو بەرنامەو رەفتار دەپێورێن و لێک جیادەکرێنەوە، نەک بە ئیدعاو دروشمی (شۆرشگێریی). ململانێی سیاسی-کۆمەلایەتی ئەمجۆرە هێزانەش لە کۆمەڵگایەکدا لانی کەمی شارستانییەتی تیابێ و سادەترین مافەکانی مرۆڤی تیا پارێزراوبێ، بە تفەنگ و شێوازی عەسکەرتاریی ، هەڵس و کەوت ناکرێ.

پێدەچێ (ینک) هەر لە سەرەتاوە مەبەستی لە (ئالترناتیف) ئەوەبێ، کە (پدک) نەهێڵێ و خۆی جێگەی ئەو بگرێتەوە، هەر بۆیە نەیتوانی ململانێکانی بە رەوت و ئاقارێکی تردا ببات. (ینک) لە (٢٠) ساڵی تەمەنی خۆیدا (١٣) ساڵی لەگەڵ (پدک) لەشەردا بووەو، چەند ساڵێکیش لەوە کەمتر لەگەڵ هێزەکانی تری باشووردا، لە ململانێی خوێناویدا بووە.

پرۆسەی ئەمبەرو ئەوبەرکردن و نەمانی حزبی سۆسیالیست و پارتی گەل و پاسۆک، پاشان ئاڵای شۆرش. تەنانەت ئەوەی کە حزبی شیوعی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان و پارتی کارو ئەوانی تر، کە ناتوانن ببنە خەتێکی راشکاوی فکریی-سیاسی-رێکخراوەیی-پراکتیکی لە نێوان (پدک و ینک) دا شتێک نییە لەو بارودۆخە سیاسیەی کە (ینک و پدک) دروستیان کردووە، دابراو بێ. ئەمان تەنانەت لە چوارچێوەی عەقڵە زاڵەکەشدا، ئەگەری گومان لە هەرچ هێزێک بکەن زەمینەی "زۆڵبوون" و هەڵگەرانەوەی ئەو عەقڵە ی تیابێ، رێگای نادەن.

کاتێک لەساڵی یەکەمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا(ینک و پدک) هەندێک جار راستەوخۆو هەندێک جار لە لاوە دەیانگووت هەر کەس و هێزێک بییەوێ سیاسەت بکات و کاریگەربێ ، دەبێ تێکەڵ

(ینک یاخود پدک) بێ و، ژمارەیەک خەڵکی ناو هێزەکانی تریان هەڵخزان و کەوتنە تیورەکردنی ئەو تێزە، ئەو کارەیان شتێکی بێ مەعنا نەبوو.

لە سادەترین ناکۆکییەکانی نێوان (پدک و ینک) ەوە بگرە تا تۆخترینیان کە (شەری ناوخۆییە) نیشانەی ئەوە نییە کە دوو عەقڵ بن و بیانەوێ ململانێی شەرعی نێوان دوو سیاسەت و دوو بەرنامە بەرنە پێش.

دەزگای سەرکردایەتی هەردوولایان چاک دەزانن کە شەرەکەیان شەری دوولای یەک عەقڵە، ئەم عەقڵەش (تاک بتیی) پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشترین شێوە رەعیەتەکانی کۆنترۆڵ بکات و بەرژەوەندییە کۆن و تازەسەرهەڵداوەکان بپارێزێ.

ئەوەی کە دنیا گۆڕاوەو کێشەی کورد لە باشووردا قۆناغی سەرکردەی(رەمز)و (حزبی تاقانە)ی تێپەراندووەو پێویستی بە دیموکراسی و ئازادیی و پاراستنی مافی مرۆڤ و (دامودەزگای رەمزە)، نەک بت. ئەم قسانە بەلای ئەوانەوە، وەک گەمەی منداڵان وایە. چونکە ئەوان دەزانن، هێشتا باری گشتی عەقڵی سیاسیی کورد نەگۆڕاوەو، نەک هەر خەڵکە سادەکە، بەڵکو تەنانەت زۆربەی ڕووناکبیرانیش، لە ناخیاندا چاوەڕوانی (گۆدۆیەکی تەرەزان) دەکەن بێت و نەتەوە ڕزگار بکات.

کۆتایی ئاداری ١٩٩٦

## چۆن بۆ نیو فەردە ئارد لەشی خۆم فرۆشت!!

**...... دەستپێکردنی ئەم کارەت دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

– دوای ڕاپەڕینەکە.

**– نرخی یەکەمجاری ئەم کارەت چەند بوو؟**

– نیو فەردە ئارد.

**–دەتوانی بەکورتی بۆمان بگێڕیتەوە؟**

– دوای نەمانی کارو مووچەم .. بە هیوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێگەی دەزگاکانی ڕژێم بگرێتەوەو مووچەو بژێوی ژیانمان بۆ دابین بکات دەژیاین، بەڵام بە داخەوە وانەبوو.. هەرچی پارەی پاشەکەوتی باوکم و خشڵ و زێڕی خۆم هەبوو خواردمان.. هەفتەیەک دەبوو پارەی خواردن و بژێومان تەواو کز بووبوو.. بیرم لەوە دەکردەوە بچم بۆ ماڵی خەزوورم و بۆتی دەمیان بکەم بەڵکو یارمەتییەکم بدەن. ئاخر من دوو کوڕەزایان بۆ بەخێو دەکەم .. ئەوانیش لە من پەککەوتووتربوون ، بە نائومێدی گەرامەوە. لە کاتی گەرانەوەمدا قەرەباڵغییەکی زۆرم لەبەر دوکانێکدا بینی... بە دوان و سیان فەردە ئاردیان بە کێش دەکرد بۆ ناو تاکسی و عارەبانە .. پارەی گیرفانم هێندە نەدەبوو بیر لە فەردەیەک یان نیو فەردە ئارد بکەمەوە.. بە هیوای چەند کیلۆیەک ئارد لە قەراغی قەرەباڵغییەکە وەستام. دەمزانی ئەم پاڵەپەستۆو کێشمە کێشمەیە بە من ناکرێ. کوڕێکی گەنجی هەڵەشەش زۆر بە ناشیرینی و توورەییەوە بەسەر خەڵکەکەدا دەیقیراند‌و پارەی لێ وەردەگرتن.. چەند کەسێکی تریش یارمەتییان دەدا. چەند جارێک سەیری کردم .. چاوەکانی زۆر زیت بوون. پاش کەمێک نیوەی دەرایەکەیان دادایەوەو بە خەڵکەکەیان وت: برۆن ئارد نەماوە.. بە پاڵ بڵاوەیان بە خەڵکەکە کرد.. من هەر وەستابووم .. کوڕەکە بەسەر بانگی کردم .. وام دەزانی بەزەیی پێما دێتەوە.

وتی چیت دەوێ؟ وتم چەند کیلۆیەک ئارد.. وتی برۆ نیو سەعاتی تر وەرەوە. کە گەرامەوە گوزەرەکە چۆڵ بووبوو، دەرایەی دوکانەکەی بە تەواوی داخستبوو... لە ناو تاکسییەکدا چاوەڕێی دەکردم (ئەو تاکسییەی نێوەی پێهاتن). لەم قسانەدا (هاژە) دڵی پڕبوو لە گریان ...... چاوەکانی کەمێک ئاوی تێزابوو، بە ئەسپایی پەنجەیەکی بە چاویدا هێناو وتی: ئیتر تەواو.....

**ئەمە بەشێکە لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ ژنی شەمیێکدا.**

**لە ژمارە(٣) ی ڕۆژنامە (هەتاو) دا بڵاوکراوەتەوە.**

# لەبەر بیروباوەڕی تاوانبارکراوە!

## وتاری وەرگری خەلاتی ساخارۆڤ لەیلا زانا لەبارەی مافەکانی کورد لەبەردەم دادگای ئاسایشی تورکیادا

بەڕێز داواکاری گشتی!

من و هاوڕێکانم بەوە تاوانبارکراوین و سزای مەرگیشمان لێ دەخوازرێ، چونکە بەکاروبارو بیروبۆچوونێکی سیاسیانەی خۆمانەوە گرێدراوین، کە هەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠ی ئوکتۆبەری ١٩٩١ەوە پاراستوومانە. لەوانەیە جەسارەت بکەن و بڵێن ئەمە تاکە تاوان نییە. بە بۆچوونی من ئەمە تاوانبارکردنێکی مێژووییە. هەڵوێستی کۆماری تورکیا لە ماوەی چەندین حوکمرانی سەربازیدا گەواهیدەری ئەم جۆرە تاوانبارکردنانەیە، بەڵام لە دەوری فەرمانڕەوایەتی سڤیلدا ئەمە 'یەکەمین' تاوانبارکردنێکە کە ڕوویدات.

دەبێ بەر لە هەر شتێک پەنجە بۆ ئەوە رابکێشم کە ئەم تاوانبارکردنە تەنێ سیاسییە نەک یاسایی. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ئێمە بەر لەوەی لە دادگا لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ بکرێ، لەلایەن سەرۆکی وەزیران، ئەندامانی حکومەت و سەرکردە سیاسییەکانی دیکەوە تاوانبار کراین. لە ٢٧ی مایسی ١٩٩٤دا لە ساتی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکاندا، لە سەرۆک وەزیر تانسو چیلەر بیسترابوو کە گوتبووی: من بەتاقی تەنیا ئەوانم لە پەرلەمان وەدەرنا، کارێکی چاکم ئەنجام دا؟

بە شایەدی هەموو مێژوونووسانی جیهان، هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە تاوەکو ئەمڕۆکەلێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە نێوی کورد هەبووە، کە خاوەن زمان و کولتوورو بنکەو پایەی کۆمەڵایەتی

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: مەهاباد کوردی



خۆی بووە. وەکو زاراوەو چەمکیش کوردستان لە پێش و ، لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیشدا هەر هەبووە. جاری یەکەم، بە گوێرەی پەیماننامەی قەسری شیرین، کوردستان لەتلەتکرا. لە پاشانیش عوسمانییەکان، کە دەیانویست بەرەو ڕۆژهەڵات و باشوور پەل بهاوێن، سیاسەتێکیان پەرەپێداوگرتەبەر

بۆ جیاکردنەوەی کوردان لە یەکتر بەمەبەستی لەناوبردنی مەترسی کوردی.

کاتێ مرۆڤ لە خەباتی نەتەوەیی کوردان وردبێتەوە، ئەوەی بەرچاودەکەوێ کە ئەو خەباتە لەدوای پەیوەندی بەستنی عوسمانییەکان لەگەڵ ئەورووپییەکاندا( بەتایبەتی فەرەنسا) گرنگتر بووە. لە ئاکامی ئەمەشدا تورکە عوسمانییە رووناکبیرەکان بزووتنەوەی گەنجانی تورکیان دەست پێکرد. بزووتنەوەی گەنجە تورکەکان و رێکخراوە سیاسییەکەی(اتحاد و ترقی) هەر بەتەنێ نەبوونە هۆی خرۆشاندن و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی کوردان و بەس، بگرە میللەتانی دیکەشی لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا والێکرد کە داوای سەربەخۆیی خۆیان بکەن، بۆ نموونە سەرب و مەکەدۆنی و بولگاری و عەرەبەکان. عوسمانییەکان جەنگی جیهانیی یەکەمیان دۆراندو بە پێی پەیمانی سیڤەریش، کە ئەورووپییەکان بریاریان لەسەر دابوو مۆریان کردبوو، مەترسی ئەوەش لە گۆرێدابوو کە عوسمانییەکان ناویشیان لە مێژوودا بسرێتەوە.

مستەفا کەمال، یان ئەتا تورک، کە خەباتی خۆی لە خالی دەست پێکردن لە ئیسلامەوە دەست پێکرد، لەلایەن کوردانەوە بەتەواوەتی پشتگیری لێکرا. لە وتارەکانی خۆیدا کە مستەفاکەمال لە کۆنفرانسەکانی ئەرزەرۆم و سیواس پێشکەشی کردبوون، گوتبووی کوردەکان بابەتی سەرەکین لە خەباتی ئەوو دەوڵەتی دوارۆژدا. کەمال پەیمانی ئەوەی دابوو ئەگەر بێت و ئەو خەباتە سەربگرێ، کوردەکانیش هەروەک تورکەکان خاوەن تەواوی مافەکانی خۆیان دەبن. کوردەکان یارمەتی ئەو( تورکانەیاندا کە لە تەنگانەدابوون) بەبێ چ مەرج و پەنجە مۆرکردنێک.

مستەفا کەمال تارادەیەکی باش پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک هۆزو خێڵەکان، شێخ و ئاغایاندا بەست. لەگەڵ ئەواندا بەیەکەوە وێنەیان گرت و هەندێک لەوانیشی بۆ ئەو پەرلەمانە هەڵبژارد کە لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرێنرا. ئینجا دوای ئەوەی کە ئەتا تورک بە هێزی خۆی زانی لەوان کەوتە تەقەو لە ناویشی بردن.

یەکەمین دەستووری تورکیا١٩٢١، کە لە دوای دامەزراندنی پەرلەمانی نیشتمانیی لە ساڵی ١٩٢٠ دانرا، پابەند نییە بە چ پرەنسیپێکی نەتەوەیی. لەم دەستوورەدا چ زاراوەی وەک (گەلی تورک) یان (نەتەوەی تورک) نابینرێت. لەهەمان کاتیشدا ناوی چ گەل و کۆمەڵە خەڵکی دیکە نەهاتووە، ئەمەش ئەوە بەدەردەخات کە حکومەتی تورک بەتەنێ هی تورکان نەبووەو بەس، بەڵکو هی هەموو ئەو گەلانە بووە کە لەنێو سنووریدا ژیاون.

لە سۆنگەی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٢، مستەفا کەمال بۆ زامنکردنی یەکەمین حکومەتی تورکی سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەو کاتەشدا ئەو تەنیا ئامانجێکی مابوو، ئەویش دامەزراندنی(حکومەتێکی نیشتمانیی)بوو. ئینجا کاری یەکەمی بریتی بوو لە دانانی دەستوورێکی نوێ لەسەر بناغەی ناسیۆنالیزمی تورکی و حاشاکردن لە کورد. بەم جۆرە بیروبۆچوونانە دەستووری ساڵی ١٩٢٤ گیانی بەبەرداکراو گەشەی پێدرا. لە دەستووری ناوبراودا پرەنسیپێک چەسپێنرا: بە تەنیا یەک گەل هەبوو بەناوی تورک، ئەوانی دیکەش هاونیشتمانانی دەوڵەتی تورکن. جگە لەزمانی تورکی ،قسەکردن بەهەر زمانێکی دیکە قەدەغەبوو. بەگوێرەی ئەم ئایدیۆلۆژییە رەسمییەو بەناوی زانستیشەوە بانگەشەی ئەوە دەکرا کە کورد تورک بوون.

زاراوەی وەک سەردارێتی و پیرۆزێتی یەک پارچەیەتی خاک و وڵات، بە شێوەی هەڵوێست و بۆچوونی رەسمی دەوڵەت بریاری لەسەردرا. ئایین بە کۆسپێکی تر دانرا لەبەردەم حکومەتی نیشتمانیی تورک. ئەو کەسە ئاینییانەی کە هاریکاریی جەنگی رزگاریشیان کردبوو، لەژێر ناوی سیکولاریزمەوە(علمانییەت) پشتگۆی خران و وەلانران.

راپەرینی شێخ سەعید لەساڵی ١٩٢٥دا، مانای

ئەوەی بەخشی کە تایبەتمەندێتی کوردی لەهەمبەر ئەم ئایدیۆلۆژیایەیەو لەهەمان کاتیشدا خەباتی کوردان لەگەڵ بەرهەڵستی ئیسلامی لە دژی دنیایی و علمانییەت یەکی گرتەوە. ئاشکرایە کە بزووتنەوەی شێخ سەعید بەشێوەیەکی خوێناوی سەرکوتکراوچەندین میتۆدی دەوڵەتیانەی وەک: مۆڵەتی نائاسایی و بگرە لەمیش خراپتر راگەیەنران. ئەمانە تارۆژی ئەمرۆشمان بەردەوامییان هەیەو بەردەوامیش دەبن.

لە دوای راپەرینی شێخ سەعید، راپەرینەکانی ئارارات و دەرسیم لەساڵی ١٩٣٧دا بەرپابوون.بەزەبری بەکۆمەڵکوژی و خاوێن کردنەوەی ئەتنیکی کە وێنەی لە مێژوودا نییە راپەرینی دەرسیم تێکشکێنرا. لەبەر ستەمی سەربازیی دەوڵەت ئەم جۆرە نارەزایی دەربرینانە تا ماوەیەکی درێژ جارێکی دیکە نەقەومان. دەوڵەت کە لە ساڵی ١٩٢٤ حاشای لە ناسنامەی کوردی کرد، بەردەوام بوو لە چەسپاندنی سیاسەتی خۆی. لە ساڵی ١٩٢٩ ئەلف و بێی لاتینی شوێنی ئەلف و بێی کۆنی گرتەوە. بە تەنێ زمانی تورکی بە رەسمی ناسراو، زمانەکانی تریش قەدەغەکران و کاری تواندنەوەش وەپەلەخرا.

سەبارەت بە کوردەکا ن کاری تواندنەوە چەندین شێوەو فۆرمی گرتە خۆ وەک:( وشەی کورد چ بوونێکی نییە)،(کورد تورکی شاخاوین)،(هاونیشتمانان بەتورکی قسان دەکەن). هێرشی گۆرینی ناوی شارو شارۆچکەکان دەستی پێکرد. ناولێنانی منالان بە کوردی یاساغ کرا. لەو ماوەیەدابە وردی تاقیبی هەندێ لە رۆشنبیرانی کورد دەکراو، واشیان لێکرا یان لەکارو رامانی خۆیان سست ببنەوە، یاخود بە بەندیخانە سزادران، گوایە لە وێندەرێ بێ زیان دەبن بۆ دەوڵەت.

ئەم سیاسەتە کە لە لایەن پارتی گەلی کۆمارییەوە(CHP) پیادەدەکراو لە میانەی سیستەمی تاکە حزبایەتییەوە بەرێوەدەبرا، هەر بەردەوام بوو هەتا هاتنە سەرکاری پارتی دیموکراتیش(DP) لە ساڵی ١٩٥٠دا. دەبێ ئەوەش بگووترێ پارتی دیموکراتی هەندێ بنکەو ستروکتوری کۆمەلایەتی نوێ کردەوە.

پارتی دیموکراتی هەوڵی ئەوەی دا خۆ لە عەسکەرتاری دوور بگرێ و بە پلەیەکی بەرزتر سوود لە ئابووریی سەرمایەداری وەربگرێ. تەراکتۆر هاتنە نێو گوندەکانەوە، جوتیارانی بێ زەوی و زار بەرەو شارەکان کۆچیان کرد. رادیۆ بلاوبۆوە، بە هۆی باری چاکی پەیوەندی دانان و گواستنەوە، خەڵک جیهانیان دۆزییەوە، گەشتیان کردو شتیان دیت، ئەوانەی لە قوتابخانەکانیش شت فێربوون ئاسۆی خەیاڵیان کراوەو فراوان بوو.

کوردەکانیش کەوتنە بەر کاریگەریی ئەم گۆرانکارییانە. ئەوانەی لە دانیشگا بالاکاندا خوێندیان "روناکبیرە کوردەکانیان" لێ دروست بوو. ئەم روناکبیرانە لە بارەی رابردووی خۆیانەوە ئاگاداریان پەیدا کرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لە گەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی پەنجەکانی ئەفریقاو بزووتنەوەی کوردی بە سەرکردایەتی بارزانی لە باکووری عێراقدا، تێکەلی و پەیوەندییان دانا.

هەر لە ماوەی ئەو سالانەشدا پارتی دیموکراتی کوردی لە تورکیا دامەزرێندرا، ٤٩ روناکبیری کورد لە ساڵی ١٩٥١دا سزای زیندانیان بۆ برایەوە، هەر لەبەر ئەوەی نارەزایی خۆیان دەربری بوو لە هەمبەر هەڵوێستی عاصم ئەرەن، ئەندامی پەرلەمانی تورکی، دژ بە کوردان. دوای بەسەر بردنی ماوەیەکی دوورودرێژ لە گرتووخانە، ٢٣ لەوان لە نێوان سالانی ١٩٦١-١٩٦٢دا رۆژنامەیەک دەردەکەن بە نێوی دەنگ، لەبەر ئەمە سەرلەنۆی دەخرێنە زیندانەوە.

ئەو دەستوورەی کە لەسەروبەری کودەتای سەربازیی ٢٧ی مانگی مای ١٩٦١ هاتە راگەیاندن، چ گۆرانکارییەکی ئەوتۆی لە پرەنسیپەکانی دەستووری ساڵی ١٩٢٤ پەیدا نەکرد کە حاشای لە هەبوونی

کوردان دەکرد. بە پێچەوانەی ئەمەش چەندین گۆرانکاریی لە ئەفریقا، چین، ئەمریکای لاتین، کوباو یەکێتی سۆڤیەت روویان داو رۆشنبیرەکان لەوە گەیشتن کە جیهان بەرەو گۆرانکاری هەنگاو دەنێت. خەیاڵی خوڵقاندنی تورکیایەکی نوێ لە دایکبوو. پارتی کرێکارانی تورک(TIP) دامەزرێنراو منداتی گروپێکی پەرلەمانی بەدەست خست، ئەمەش بەمانای هێزو وەرچەرخانی راستی دێت. لە نێوان ١٩٦٧-١٩٦٨داگەلێ خۆپیشاندانی گەورە گەورە لە بەشەکانی باشووری رۆژئاوای تورکیا (نەک لە ناوچە کوردییەکان)بەرپاکران، داخوازییەکانیش پێناسەی نیشتمانی بوو، سەردارێتی و یەکپارچەیی وڵاتیش ج قسەیەکی لەمەر نەبوو.

ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵەیەکی کولتووریی کوردی سازکرا بەناوی(DPKP). لە دوای کودەتای ١٩٧١ ئەم کۆمەڵەیە بە زیان بەخش لە قەڵەم درا، لەبەر ئەوە قەدەغەکرا. سەرکردایەتی و ئەندامانیشی سزای دوورودرێژی زیندانیان بۆ برایەوە. پارتی کرێکارانی تورکیش(TIP) لە لایەن دادگای دەوڵەتەوە یاساغ کرا، هەر لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا باسی گەلی کوردی کردبوو. رێکخراوی(DEVI GENG)و هەندێ کۆرو کۆمەڵەی چەپی تریش یاساغ کران و برێ لە ئەندامانی سەرکردایەتیشیان لە سێدارەدران. ئەوانی دیکەش بۆ گەلێ ساڵ و هەتاهەتایی حوکم دران. بەڵام لێرەدا شتێ لە بیر کرابوو: (بە گرتنی ریگە یاساییەکانی خەبات، بیروبۆچوون لەنێو نابرێت) ئەو مرۆڤانەی کە دەیانەوێ بیربکەنەوەو قسان بکەن،دەتوانن بە دوای رێبازی دیکەدا بگەرێن. لەدوای ئەم پێشهات و پەرەسەندنە ، چەپی تورک و بزاڤی رزگاریخوازیی کورد بە پێویستیان زانی، لە جیاتی رێگای یاسایی رێگای تر هەڵبژێرن. وەک وەرامێک بۆ ئەمە، دەوڵەتیش رێکخراوەی نایاسایی دروست کرد. لە ئاکامیشدا پارتی فاشیستی تورکی(MHP) بووە بەشێک لە حکومەت. بەم شێوەیە کۆنتەر گەریلا دامەزرا، کە لەرۆژی ئەمرۆماندا وەکو هێزێکی شەری تایبەتی چالاکە. دەمەوێ سەرنجی ئێوە بۆ خاڵێ رابکێشم، ئەویش ئەوەیە کە لەو کاتانەدا ج بزووتنەوەیەکی گەریلای کورد لە گۆرێدا نەبوو، بەڵام دیسانیش دەوڵەت کۆنتەر گەریلای خۆی دامەزراند.

بەپێویستی نازانم جارێکی دیکە باسی کودەتای سەربازیی ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ بکەم، بەڵام مرۆڤ دەتوانی کودەتاکە وەها شیبکاتەوە: کودەتاکە رووی راستەقینەی ئایدیۆلۆژیای رەسمیی ئاشکراکرد کە دژ بە مرۆڤە.جێبەجێکەرانی کودەتای ١٩٨٠ راستەوخۆ بەرپرسیارن لە بەرامبەررەوشی وڵات. ئەو رژێمە لە ساڵی ١٩٨٢ بە یارمەتی چەک دەستووری دانا. پارت و دەزگا سیاسییە جیاجیاکان، بە گوێرەی یاسا نوێیەکان، لە تەتەڵە دران. وەک سەرئەنجامێکی ئەم ژیربێژییەش، پارتی سۆسیال دیموکراتی بەهێز(SHP)، حەفت پەرلەمانتاری کوردی لە نێوخۆی دەرکرد، هەر لەبەر ئەوەی لە کۆنفرانسێکی کوردیدا لە پاریس بەشدارییان کردبوو. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لە تورکیاداپلورالیزمی دیموکراسی هیچ بوونێکی نییەو رێکخراوگەلی نوێش پێویستن. هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو حەوت پەرلەمانتارە دەرکراوانەو چەند دیموکراتخوازی تریش لە ٧ی یونی ١٩٩٠دا پارتی گەلی رەنجدەر(HEP)یان دامەزراند. لەزۆر بۆنەدا(HEP) ئاماژەی ئەوەی کردووەکە ئەم رێکخراوە تەنیا پارتییەکی کوردی نییە، بەڵکو هی سەرجەم تورکیاشە. ئەمە لە پرۆگرامی پارتیشدا نووسراوە.

لە ماوەی چوار ساڵاندا ٥٤ ئەندامی سەرکردایەتیHEP لە لایەن کۆنتەرگەریلاوە کوژراون. ئەندامی پەرلەمان محەمەد سنجار یەکێ بوو لەوان. لە کاتی ناشتنی تەرمی سنجاردا یەکێ لە نوێنەرانی هێزی شەری تایبەتی وەهای گووت:(سنجار، خەفەت مەخۆ، زوو یا درەنگ لەیلا زاناش بۆ لای تۆ دەنێرم. ئەمە هەڵوێستی دەوڵەت پیشان دەدات. مرۆڤ ترس

دایدەگرێت، کە HEPقەدەغەکرا، OZDP دامەزرێنرا. ئەم پارتیەش قەدەغەکرا. ئێستاش پارتی دیموکراتیDEP قەدەغەدەکرێ.

لە دەرەوەی تورکیا بۆچوونی وا هەیە کە قەدەغەکردنی DEP راستەوخۆ بە مەسەلەی کوردەوە گرێ دەدات، کە واتە مەسەلەکە بووەتە مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی. لە لایەکی تریشەوە چەندین سەرئەنجامی نێوخۆیشیی هەبووە. دەوڵەت DEP ی قەدەغەکردووە بۆ ئەوەی خەباتی گەلی کورد لە پێناو ئازادی و دیموکراسی، چ بنکەیەکی سیاسی یاسایی شک نەبات. لە راستیدا پێش ساڵی ١٩٩٠ گەلی کورد خۆی سەرنەکەوتبوو لە خولقاندنی وەها بنکەیەک. بەڵام ئێستا وەها بنکەیەک هەیە، لە گەڵ ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندیش. ئەو پرۆسێسەی کە بە HEPدەستی پێکرا، بە DEP بەردەوامبوو، ئێستاش بە HADEPدرێژەی پێدەدرێت، ئەوە بووەتە "نەریتێک". بۆ ئەم نەریتەش مرۆڤ بەنرخترین روناکبیری کردۆتە قوربانی.تازە لە توانادا نییە رۆشنبیرە کوردەکان دەسبەرداری ئەم نەریتە سیاسییەبن:

DEP و HEP بریتی بوون لە بۆنەو دەرفەتێکی مێژوویی بە دەگمەن بۆ کۆمەڵگای تورک بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو کێشەی دیموکراسیش کە بەیەکەوە گرێدراون. لە هەمان کاتیشدا ئەم دووپارتە وەکو پردێک وابوون بۆ لەیەک نزیکبوونەوەی هەردوو گەلی کوردو تورک بە شێوەیەکی راست و دروست. ئەو پارتە سیاسییانەی کە تێنەگەیشتن و نەشیانتوانی ئەو هەلە بقۆزنەوە، ئەو میدیاو راگەیاندنانەی کە زانیاری چەوت دەدەن بە میللەت، ئەو رێکخراوە زۆرانەی کە سست بوون و ، ئەو روناکبیرانەی کە هەستیان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان نەکرد، ئەمانە هەموویان پێکەوە بەرپرسیارن لە بەردەم ئە و پرۆسە تیژرەوە خوێناوییەو لە بەردەم هەردوو گەل کە نرخ و بەهای خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵام شتێ روون و ئاشکرایە کە ئەوانەی DEPیان قەدەغەکرد، سەرنەکەوتن، دۆڕاندیان. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە رێیان پێنەدرێ، با هێشتا زیاتر نەروخێنن. هیواداریین هەموویان بە لێپرسراوێتی خۆیان رابن، چاپەمەنی راستی بڵاوبکاتەوە، پارتە سیاسییەکان هەست بە لێپرسراوێتی خۆیان بکەن لە هەمبەر میللەت، ئەوانەی کە شێوازی دژ بە دیموکراسیان قەبوڵ نییە ، بادەنگی خۆیان بەرزکەنەوەو چۆک دانەدەن، خەمی ئەوەیان لەبەر بێ تاکو هەردوو گەل چی دیکە نرخ و بەهای خۆیان لەم شەرە نارەوایەدا لەدەست نەدەن.

رۆژنامەی DN ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٩٥



# هاوکاریی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دژی گەلی کورد

## بەشی دووەم

د. جەبار قادر

### ٣- ئالیکاریی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە ساڵانی ١٩٤٦-١٩٧٥

هەموو ئەو گۆرانکارییانەی بە هۆی شەری دووەمی جیهانییەوە روویاندا شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەهێنایە کایەوە. هەڵوێستی رژێمە داگیرکەرەکان بەرامبەر بە داخوازە رەواکانی گەلی کورد وەکو سەردەمی پێشوو بریتی بوو لە سەرکوتکردن و سیاسەتی زۆرداری و زەبروزەنگ و داننەنان بەو داخوازییانەدا. هاوکاریش لە نێوانیاندا دژی کورد هەتا بهاتایە هەر بە تینتر دەبوو هەموو جیاوازییەکانی نێوانیان رێگایان لەو هاوکارییە نەدەگرت. دوای شەر لە زۆر نێوچەی رۆژهەڵاتدا ئەمریکا شوێنی بەریتانیای گرتەوەو ئەویش لە لایەنگیری کردن و یارمەتیدانی ئەو رژێمانەی کوردیان دەچەوسانەوە وەدوانەکەوت. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەو کاتەوە رۆژهەڵاتی نێوەراست بوو بە گۆرەپانێکی گەرمی جەنگی ساردو پێشبرکێ و بەربەرەکانی لە نێوان هەردوو جەمسەردا .لەسێبەری جەنگی سارددا مەترسیی رۆژئاواو رژێمەکانی نێوچە لەوەدابوو کە کورد، دوای ئەوەی باوەری بە پەیماننامەو سۆزی رۆژئاوا نەماو بە چاوی خۆی و بۆ زیاتر لە بیست ساڵ بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا زۆرداری و چەوساندنەوەی ئینگلیزی بینی، هەروەها بۆی دەرکەوت دەزگا نێونەتەوەییەکان تەنها بۆ بەرژەوەندی زلهێزەکان کاردەکەن و ماف و خواستی گەلان تەنها پەردەیە کە بەرژەوەندی ئەوانی لە پشتدا دەشاردرێتەوە، مەترسیی ئەوەی لێدەکرا کە بەلای کۆمۆنیزمدا لابداو بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد بکەوێتە ژێر رکێفی یەکێتی سۆڤیەتەوەو، ئەم پروپاگەندەیە کرا بە بەهانەیەک دژی بزاڤی رزگاریخوازی کورد. هەر داخوازییەکی کورد بە بەرهەمی پروپاگەندەی کۆمۆنیزم لە قەڵەم دەدراوبە فیتی مۆسکۆ دادەنرا. ئەم پروپاگەندەیە دەبوایە چەند ئەرکێک بەدیبێنێ:

**یەکەمیان:** شێواندنی راستییەکان و رەشکردنی داخوازییەکان و بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە بەردەم کۆمەڵانی کوردو گەلانی ناوچەکە، کە لەبەر گەلێ هۆی مێژوویی و ئاینی و کولتووری خۆشیان بە چارەی کۆمۆنیزمدا نەدەهات و بەو شێوەیە ئەو بزاڤە لە هەموو لایەنگیری و پاڵپشتێکی ئەو گەلانە و جەماوەری کورد بێبەش بکەن.

**دووەمیان:** پاکانەکردن بۆ سیاسەتی سەرکوتکەرو بێ بەزەییانەی داگیرکەران کە دژی کۆمۆنیزم خەبات دەکەن.

**سێیەمیشیان** و لە هەموویان گرنگتر زەمینە خۆشکردن بوو بۆ دامەزراندنی بلۆکی سیاسی و سەربازی سەر بە رۆژئاواو لە ژێر چاودێریی ئەمریکاو بەریتانیادا لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە ژێر پەردەی بەربەرەکانی کۆمۆنیزم و پاراستنی یەکێتی وڵاتانی ناوچەکە.

جارێکی تریش تورکیاو عێراق بناغەی سیاسەتی

هاوبەشی دژ بە کوردیان دانا. لە ٢٨ی فێبریوەری ١٩٤٦ سەرەک وەزیرانی عێراق نوری سەعید سەردانی ئەنقەرەی کردو لە گەڵ کاربەدەستانی تورکیادا کەوتە دارشتنی پلانی هاوبەش دژی جموجووڵی کورد. گفتوگۆیەکانی ئەنقەرە زۆر بە نهێنی دەکران، لە گەڵ ئەوەشدا زووبە زوونا وەرۆکی دژ بە کوردی ئەوگفتوگۆیانە ئاشکرا بوو. تورکیاو عێراق نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر ناوەرۆکی پەیماننامەی نوێ بشارنەوە. رۆژنامەی (The Daily Uail) لەم بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ( پێویستی بەستنی ئەم پەیماننامەیە بەو شێوەیە لەوەوە هاتووە کە پاکتی سەعد ئاباد لە کار کەوتووەو دۆزی ناسیۆنالی کورد مەترسییەکی مەزنە لەسەر ئاسایش و ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا) هەر ئەو پەیماننامەیەش بوو بە بەردی بناغەی پەیماننامەی بەغدا )(٢٤)

لەو کاتەوە بیر لە دامەزراندنی پاکتێکی رۆژهەڵاتیی بۆ پاراستنی رژێمەکانی ناوچەکەو بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەکرایەوە. دەبوایە ئەو پاکتە ئەرکی هاوبەرگری و هاوپەیمانێتی بگرێتە ئەستۆی خۆی. دەبوایە تورکیا لەم پاکتەدا رۆڵی سەرەکی لە نێو وڵاتانی نێوچەکەدا ببینێ بە تایبەتی دوای ئەوەی لە Natoوەرگیرا. هەنگاوی یەکەمی بلۆکی رۆژهەڵاتی نێوەراست دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥١ کاتێ ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنساو تورکیا (پرۆژەی سەرکردایەتی رۆژهەڵاتی نێوەراست)یان پێشکەش بە میسر کرد. وەکو ئاشکرایە میسر پرۆژەکەی رەتکردەوە، دوابەدوای ئەوە بیرۆکەی (پشتێنی باکوور) لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە خرایە بەر تیشکی لێکدانەوەو دەمەتەقێ. گەوهەری ئەم پرۆژەیە ئەوەبوو کە وڵاتانی نزیک یەکێتی سۆڤیەت لە پاکتێکدا کۆبکرێنەوە لە لایەن ئەمریکاو ئەورووپاوە سەرپەرشتی بکرێ. لێرەشدا هەر دەبوایە تورکیا بە نێوی ئەوانەوە رۆڵی سەرەکی ببینێ. تورکیا هەلی لەدەست نەداو لە رێگای ئەم پاکتەوە گەلێ یارمەتی ئابووری و سەربازیی رۆژئاوای وەدەستهێناو بۆ بەهێزکردنی سەنگی خۆی لە نێو وڵاتانی نێوچەکەدا بە کاری هێنا. ئامانجی سەرەکی ئەم پاکتە پاراستنی رژێم و سنوورەکانی تورکیاو عێراق و ئێران و پاکستان بوو، نەک شاڵاوو هێرش بردنە سەر یەکێتی سۆڤیەت.

لە سەرەتای یەنایری ١٩٥٥ عەدنان مەندریس (سەرەک وەزیرانی تورکیا) سەردانی بەغدای کردو لە گەڵ نوری سەعیددا بریاری بەستنی پەیماننامەی پاراستنی ئاسایشی هەردوولادرا. لە ٢٤ی فێبریوەری هەمان ساڵدا لە بەغدا(پەیماننامەی هاوکاری نێوان عێراق و تورکیا)مۆرکراو بوو بە بەردی بناغەی پاکتی بەغداو ناوەرۆکی پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٤٦ی دووپات دەکردەوە لە گەڵ گرتنە بەر چاوی گۆرانکارییەکانی ئەو دەساڵەی دوایی. دوای ئەوە بە دوو مانگ بەریتانیا، کە خۆی لە پشت بەستنی پەیماننامەکەوەبوو، بوو بو ئەندام و لە تەمووزی هەمان ساڵدا پاکستان و لە ئۆکتۆبەری هەر ئەو ساڵەدا ئێران بوون بە ئەندامی ئەم پاکتە کە بە پاکتی بەغدا ناسرا. ئەمریکاش کە خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی (پشتێنی باکوور) بوو بە باشی زانی وەکو ئەندامێکی چاودێر لە کۆمیسیۆنەکانی ئابووری و سەربازیی و ئاسایشدا، واتە (لیژنەی بەربەرەکانی چالاکیی رووخێنەر) جێگەبگرێ. واتە ئەمریکا سەرپەرشتی لایەنە گرنگەکانی ئابووری و سەربازیی و چاسووسی دەکرد. لە گەڵ ئەوەی کە سەرکردایەتی پاکتی بەغدا بە ئینگلیز سپێردرابوو، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە و مافی بریاردان بە دەست ئەمریکابوو. پاکتی بەغدا ئەڵقەیەکی گرنگی زنجیری پاکتە رۆژئاواییەکانە، چونکە دەبوایە پاکتەکانیNato و Centoپێکەوە ببەستێ و گرێبدا.

بەندی یەکەمی پاکتی بەغدا ئامانجی دامەزراندنی بەم شێوەیە نیشاندەدا (ئەم پەیماننامەیە بەرگری لە

ئاسایش و هێمنی ولاتە بەشدارەکان دەکا. بێجگە لە پێداویستیە گشتییەکان ئەندامان دەتوانن و پێویستە رێککەوتنی دووقۆلی لە نێوان خۆیاندا ببەستن). ئەم برگەی دووەمەی بەندی یەکەم لەسەر داواکاری تورکیا بوو، چونکە وەکو وتمان لە ساڵی ١٩٤٦دا پەیماننامەی دژ بە کوردی لەگەڵ عێراقدا بەستبوو، بە تەماش بوو پەیماننامەیەکی بە هەمان ناوەرۆک لە گەڵ ئێراندا ببەستێ. بە گوێرەی بەندی سێیەمی پەیماننامەکە نە دەبوو مۆرکەرانی پەیماننامەکە دەست بخەنە نێو خۆی کاروباری یەکترەوە، دەبوو کێشەکانی نێوانیان بە رێگای ئاشتی و لە سەر بناغەی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چارسەر بکەن. بە گوێرەی مادەی(٧/) کاتی پەیماننامەکە بە پێنج ساڵ کە نوێ دەکرێتەوە دابین کراو بە گوێرەی مادەی (٦) بریار درا ئەنجومەنێکی هەمیشەیی وەزیرانی دەرەوەی ئەو ولاتانە دابمەزرێندرێ. تاوەکو چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ مەڵبەندی پاکتی بەغدا شاری بەغدا بوو، دوای عێراق لیی دەرچوو ئەنقەرە کرا بە مەڵبەندو نێوی پاکتەکەش کرا بە Cento . لە نۆڤەمبەری ١٩٥٥ دەزگاکانی پاکتەکە ، ئەنجومەنی وەزیران، سکرتاریاو چوار کۆمیتە دامەزران)(٢٥)

ئەوەی پەیوەندی راستەوخۆی بە کوردەوە هەبوو (کۆمیتەی بەربەرەکانی چالاکی رووخێنەر بوو). چالاکی رووخێنەر خەبات و جموجوولی رێکخراوە کۆمۆنیستیەکان و بە تایبەتی رێکخراوە کوردییەکان کە دژی رژێمەکانی ناوچەکە خەباتیان دەکردو داخوازییەکانی گەلی کورد وەکو هەرەشەی یەکێتی سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانە لە قەڵەم دەدرا. ئەو کۆمیتەیە کە سەرکردەو بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا جاسووسییەکانی ولاتانی بەشداری دەگرتە خۆی، ساڵی چارێک کۆدەبۆوەو راپۆرتی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکردو پلان و پیلانی بەربەرەکانی دژی چالاکی و جموجوولی رێکخراوە دیموکراتخوازو کوردپەروەرەکان دادەرشت. نەک تەنها ولاتانی داگیرکەری کوردستان لە پیلانگێراندا دژی کورد بەشداربوون، بەڵکو ولاتە رۆژئاواییەکانیش بەتایبەتی ئەمریکا بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری دەکرد. لە کاتی کۆبوونەوەی سەرەک وەزیرانی ولاتانی ئەندامی پاکتی بەغدا بۆ دووەمین جارو لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی ئەو پاکتە ئەمریکا بوو بە ئەندامی (کۆمیتەی کاری رووخێنەر) و لە حوزەیرانی ١٩٥٧ەوە بەشداریی لە کۆمیتەی لەشکریی ئەو پاکتەدا کرد. پاکانەی ئەو بەشدارییەش ئەوەبوو کە (پێویستە بەرگری لە یەکێتی خاکی ولاتانی ئەندامی پاکتی بەغدادژی مەترسی کۆمۆنیزم) بکرێت(٢٦). بەلام راستییەکەی ئەوەبوو کە کورد خەباتی بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی دەکرد کە بە بیری چەوتی کۆمیتەکە پارچەکردنی یەکێتی ئەو ولاتانەی دەگەیاند. ناوەرۆکی دژ بە کوردی ئەم پاکتە لە سەرەتاوە لە لایەن کوردەکانەوە دەست نیشانکرا، چونکە لای هەموو کەسێک ئاشکرابوو کێ دژی رژێمەکانی عێراق و تورکیاو ئێران خەبات دەکاو هەوڵی گۆرانیان بە رژێمێکی دیموکراتی دەدا کە لە چوارچێوەیدا گەلی کورد بگات بە هەندێ لە مافە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەکانی. لەبەر ئەوە کورد بە گەرمی بەشداری هەموو ئەو خەبات و چالاکییانەی کرد کە دژی پاکتی بەغدا دەکران و لە کاری لە نێوبردنیدا رۆڵێکی باشی گێراو بە توندی دژی پیلانەکانی وەستا کاتێ ئەو پاکتە ویستی خواستەکانی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ بەتایبەتی دژی رژێمی عەبدولکەریم قاسم دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کاتێ رژێمی نوێ دانی بە وەدانا کە (کوردو عەرەب خاوەنی هاوبەشی عێراقن). ئەو کاتە ئەندامانی پەیماننامەی بەغدا بە تایبەتی تورکیاو ئێران و کۆمپانیاکانی نەوت کەوتنە پیلانگێران بۆ لە نێوبردنی ئەو رژێمەو گەلێ هەوڵیان لەگەڵ هەندێ ئاغاو سەرۆک هۆزی کوردو رێکخراوی تۆرانیدا لە کەرکووک دا بۆ ئەو مەبەستە، ئەمە جگە لە

هەرەشەی لەشکریی راستەوخۆ بۆ تۆقاندنی رژێمی نوێ. بەڵام لایەنگیریی گەل لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی قاسمدا هەموو ئەو پیلانانەی پووکاندەوە.

دەتوانین بڵێین کە ئەم پاکتە لە سەرەتاوە نەیتوانی لەسەر شانۆی سیاسەتی نێو دەوڵەتاندا چ لە ناوچەکەو چ لە جیهاندا رۆڵێکی مەزن بگێرێ، چونکە وڵاتە عەرەبییەکان بەشدارییان تێدا نەکردو پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، کە پاکتەکە دژی بەسترا ،لەگەڵ ئەندامە سەرەکییەکانیدا بەتین بوو ، پاکستان هەمیشە بەکێشەکانییەوە لەگەڵ هندستاندا خەریکبوو. بۆیە ئەم پاکتە تەنیا لە کاری دژایەتی بزافی رزگاریخوازی گەلی کورددا توانی رۆڵی سەرەکی خۆی ببینێ. لە دواییدا باسی هەندێ لایەنی ئەو رۆڵە دەکەین.

لە هەمان کاتداو لە ١٨ی فێبریوەری١٩٥٢ەوە تورکیا بوو بە ئەندامی پەیماننامەی ناتۆNato ئەوەش دوای ئەوەی بەڵێنی بە رۆژئاوادا چالاکانە بەشداریی پرۆژەی دامەزراندنی پاکتی رۆژهەڵاتیی بکات کە ناوی پاکتی بەغدای لێنرا. لێرەدا نامانەوێ باسی پەیوەندییەکانی تورکیاو ناتۆ بکەین چونکە ئەوە بابەتێکی سەربەخۆیە. تەنها ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە لە وتەکانی سەر لەشکری پێشووی هێزەکانیNato لە ئەوروپا جەنەراڵ ئەلیکسەندەر هێگ دەردەکەوێ کاتێک دەڵێ:( پاراستنی رۆژهەڵاتی تورکیا کە بە ئەستۆی سوپای تورکیاوەیە پاراستنی سەرچاوەکانی نەوتە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و کەنداوی فارسدا).(٢٧٩) واتا دەبێ هاریکاریی تورکیا بکرێ کە هەمیشە کوردستان خامۆش بکات بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی نەوت لە رۆژهەڵاتداو بازەو پێگەکانی ناتۆ لە تورکیادا دووربن لە مەترسی. بەو شێوەیە هەموو جموجوولێکی کورد، دوای ئەوەی بە کۆمۆنیزم و جوداخوازیی تاوانبار دەکرا سەرکوت دەکرا.

هەروەها دەبوایە ئەوەی تورکیا لە کوردستاندا دەیکات بێدەنگیی لێبکرێ، چونکە ئەو کارانە لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ستراتیژیی رۆژئاوایەو لە پێش هەمووشیانەوە ئەمریکا. دوای لە ناوچوونی رژێمی شاهەنشا لە ئێراندا گرینگی تورکیا بۆ بەرەی رۆژئاوا ئەوەندەی تر زیادی کرد. بەو شێوەیە تورکیا لە کۆتایی چلەکانەوە تاوەکو ئەمرۆ یارمەتییەکی زۆری ئابووری و لەشکریی لە ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا وەرگرتووەو بەشێکی زۆری بۆ سەرکوتکردنی کوردو بەهێزکردنی دەزگا جاسووسی و داپڵۆسێنەرەکانی لە کوردستاندا خەرج کردووە لەژێر پەردەی(پاراستنی یەکێتی نەتەوەو نیشتمان و بەرژەوەندی رۆژئاواوله ناوبردنی پروپاگەندەو پیلانی کۆمۆنیزم).

وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، بەشدارانی پاکتی بەغدا دوژمنایەتی سەختی رژێمی قاسمیان کرد، لەبەر ئەوەی قاسم لەگەڵ گەلێ هۆی تردا هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد، بەتایبەتی لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا ، هەندێ باشبوو ئەو بارە بەلای تورکیاو ئێرانەوە جێگەی مەترسی بوو. لەبەر ئەوە کەوتنە پیلانگێران دژی قاسم، بەڵام کاتێک عەبدولکەریم قاسم کەوتە گیان کورد، پاکتی Cento ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتی قاسم دەربری. دوای گەیشتنی بەعسییەکان لە٨ی شوباتی ١٩٦٣دا بە دەسەڵات بۆ یەکەمین جار Centoبە گەرمی پێشوازیی لێکردن و داوای گەرانەوەی عێراقی کرد بۆ هاوکاری دژی کورد، چونکە هەموو لایەک گیرۆدەی یەک کێشەن ئەویش کێشەی کوردەو دەبێ هەموو لایەک یەکگرن دژی ئەو مەترسییە .(٢٨) ئەوان لەو کارەدا زۆر دوانەکەوتن لە ئەپریلی هەمان ساڵدا نوێنەرانی تورکیاو ئێران و عێراق لە بەغدا دەستیان بە گفتوگۆ دژی شۆرشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان کردو پلانی کاری لەشکریی هاوبەشیان دارشت. هەموو لەو باوەرەدابوون کە دەبێ هاوکاری سوپای عێراق بکەن دژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کاتێ دەست دەکاتەوە بە هێرش بۆ سەر کورد(چونکە ئەوکاتە رژێمی بەغداهێشتا لە دانوستاندابوو لەگەڵ

سەرکردایەتی کورددا)، ئێران و تورکیا بریاریاندا سنوورەکانیان داخەن بۆ ئەوەی ڕێگەی یارمەتی و هاریکاریی کوردی ئێران و تورکیا بۆ کوردی عێراق بگرن، تەنانەت لە کاتی کۆبوونەوانەکانی Centoلە کەراچی و ئەزمیر لە ساڵی ١٩٦٣ باسی کێشەی کوردکراو هەوڵی یەکخستنی هەڵوێستەکانی ئەندامەکانیان دا .لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٣دا، لە کۆبوونەوەی ئاسایی Cento، بریار درا تورکیاو ئێران یارمەتی عێراق لە کاری دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانی باشووردا بدەن. هەر لەو کاتەشدابوو دەوڵەتانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یارمەتی دارایی و لەشکریی ڕژێمی بەعسیان دا ئێران ڕێگای بە هێزەکانی عێراق دا بچنە نێو خاکییەوە بە دوای پێشمەرگەداو لە هەمان کاتدا کۆنترۆڵی سنوورەکانی بەهێز دەکرد بۆ ئەوەی ڕێگای کشاندنەوە لە بەردەم کوردا دابخات کاتێ سوپای عێراق هێرشیان دێنێتە سەر .عێراقیش لە لای خۆیەوە ڕێگای بە فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران و تورکیا دەدا بەسەر نێوچەکانی سەرسەنگ و ئاکرێ و ڕەواندزدا بفرن و چاودێریی چالاکییەکانی پێشمەرگە بکەن. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاش لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا بریاری هاریکاری سوپای عێراقی دژی کورد دابوو. تەنانەت ئەفسەرانی تورک لە مووسڵ و ئێرانی لە کەرکووک بەشدارییان لە دارشتن و بەجێهێنانی پلانی هاویەش دژی کورد دەکرد. هەروەها گەلێ جبەخانەیCentoبەتایبەتی بۆمبی ناپالم خرانە بەر دەست سوپای عێراقەوە. بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە ئەفسەری ئینگلیزیش بەشداری لە کۆمیتە سێ قۆڵییەکەی عێراق و تورکیاو ئێراندا داکرد، تەنانەت ئینگلتەرە ئامادەبوو پێگەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوراستدا بۆ سەرکوتکردنی کورد بەکار بهێنێ و ئەمریکاش لایەنگیری خۆی بە ناردنی ٤٠٠ تۆن چەکەمەنی بۆ ڕژێمی بەعس دەربری و لە هەمان مانگی حوزەیراندا ، کە بەعس دەستی بە هێرشەکەی دژی هێزەکانی پێشمەرگە کرد، چەکەمەنییەکە گەیشتە بەندەری بەسرە، بەریتانیاش ٢٥٠ فڕۆکەو سەد ئۆتۆمبیلی زرێپۆشی بە ڕژێمی بەعس فرۆشت، ئەڵمانیای ڕۆژئاواش قەرزی پێشکەش بەو ڕژێمە کرد.(٢٩)

لە لایەکی تریشەوە ڕژێمی بەعسی سوریا بریاری هاریکاری بەعسییەکانی بەغدای داو چەند فڕۆکەو هێزی یەرمووکی ناردە کوردستانی باشوور، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیان زۆر زوو لە گۆڕەپانی شەڕ وەدەرەوەیانبنێن دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان پێیان گەیاند.(٣٠) ئەم هێز ناردنە لەسەر داوای عێراق بوو، حکومەتی سووریاش بە گەرمی بە پیر ئەو داواکارییەوە چوو لە١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ڕایگەیاند کە ئامادەیە بەشداری لە دامرکاندنەوەی کوردا بکاو کەوتە هێز ناردن و چەوساندنەوەی کوردەکانی سووریا . لە ٩ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا یەکێتی لەشکریی نێوان سووریاو عێراق ڕاگەیەندراو پێش ئەوەش پێنج هەزار سەربازو ئەفسەری سووری گەیشتبوونە حەبانییە(٣١)چونکە عێراق دەیویست پێش ئەوەی زستان بێت بەهەر شێوەیەک بێت سەرکەوتن وەدەست بێنێ. لەو کاتەدا یەکێتی سۆڤیەت لە ٩ی تەمووزی ١٩٦٣دا ئاگادارییەکی بلاوکردەوە تێیدا داوای لەو وڵاتانە کردبوو دەست نەخەنە کاروباری عێراقەوەوبەشداری ئەو ڕووداوانە نەکەن کە لە کوردستانی عێراقدا ڕوودەدەن. ئەو هەڕەشەیە ئەو دەوڵەتانەی ناچارکرد کە بۆ ماوەیەک واز لە جێبەجێکردنی پلانەکانیان بێنن، بە تایبەتی ڕژێمی سەرکەشی بەعس لە بەغدا زوو تێیاچوو کاتێ لە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣دا عەبدولسەلام عارف دژیان هەڵگەڕایەوە(٣٢). کورد لەو مەترسییە ڕزگاری بوو، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان وازیان لە پیلانەکانیان نەهێناو شای ئێران محەممەد ڕەزا پەهلەوی بریاری دا ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ، ئەویش بە نزیکبوونەوە لە

کوردو دەست گرتن بەسەر شۆڕشەکەیدا بۆ وەدیهێنانی دوو ئامانجی سەرەکی:

**یەکەمیان:** بەکارهێنانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو داخوازییە رەواکانی بۆ لاوازکردنی حکومەتەکانی بەغدا، بەتایبەتی دوای کۆدەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کاتێ بەعس بۆ دووەمین جار دەسەلاتی گرتەوە دەست و هەوڵی سەرکردایەتی عەرەب لە کەلەیداو خۆی بە ئاغای کەنداو لە قەڵەم دەداو هەرەشەی لە ئاغایەتی شا لە ناوچەکەدا دەکرد. شا دەیویست بەعس ناچاربکات واز لەو رێبازە بێنێ. بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەش بزووتنەوەی کوردی باشووری بە هەلێکی زێرین زانی.

**دووەمیان:** لەنێوبردنی شۆڕشەکە بە خۆی کاتێ پەنا دەباتە بەر یارمەتی و هاوکاری شاو حکومەتی ئێران و ریزەکانی پر دەبن لە خۆفرۆش و هەلپەرست و باوەریان بە تواناو پاڵپشتی گەل نامێنێ و گەل لێیان دوور دەکەوێتەوە، ئەو کاتە دوا بریار بە دەستی شا دەبێ، نەک سەرکردایەتی شۆڕش.

بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەزگاکانی دەوڵەتی ئێران کەوتنە پەیوەندی بەستن و یارمەتیدانی کوردی عێراق و بەرەبەرە دەستیان دەگرت بەسەر ئاڵقە گرنگەکانی شۆڕشدا. وادیارە تاوەکو ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هێشتا سەرکردایەتی کورد ئەوەندە توانای مابوو بێ ویستی شا پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی بەعسی بەغدادا ببەستێ و لەسەربەیاننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ رێککەوین.(٣٣) سیاسەتی حکومەتی بەغدا زوو دەریخست کە ئەم کەین و بەینە تەنها بۆ قازانجی کات و خۆئامادەکردن و پشتگیری پەیداکردنە. ئەو کاتە موستەفا بەرزانی پەنای بردە بەر سەرۆکی ئەمریکا نیکسۆن و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە کیسنجەر کە لە ساڵی ١٩٧٢ بەڵێنی ئالیکاری کوردیان دژی حکومەتی بەغدا دا. بەڵام بە رێگای شای ئێراندا. هەر لەو کاتانەشدا بوو شا راسپاردەی دەنارده لای دەسەلاتدارانی بەغدا بۆ ئەوەی پێیان رابگەیەنێ کە ئەو ئامادەیە لە گەڵیان رێکبکەوێ، بە مەرجێک ئەمان ئەو رێبازە بەردەن کە گرتویانەتە بەر. وادیارە تاوەکو ئابی ١٩٧٤ سەدام حوسێن ئامادە نەبوو لە گەڵ ئێراندا رێکبکەوێ، چونکە وای دەزانی بە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت و دەست و پێوەندەکانی لە جیهانداو هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دەتوانێ خەونی دێرینی بەعس بێنێتە دی و شۆڕشی کورد لەنێو بەرێ. بەڵام دوای بەرپابوونی شەر لە مارتی ١٩٧٤داو شکستەکانی لەشکری عێراق لە بەردەم هێزەکانی پێشمەرگەدا، کاربەدەستانی عێراق ناچاربوون بگەرێن بەدوای رێککەوتندا لەگەڵ شای ئێراندا ، ئەوەبوو لە کۆنفرانسی سەرانی عەرەب لە ئوکتۆبەری ١٩٧٤ لە شاری رەبات داو لە میسرو جەزایر کرا هەواری بۆمەدێن و شای ئوردن حسێن هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان بۆ رێککەوتنی عێراق و ئێران دا. تورکیاش وەکو هەمیشە دوور نەبوو لەو چالاکیانە. لە ئابی ١٩٧٤دا نوێنەرانی عێراق و ئێران لە شاری ئەستەموول و لە ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا لە نیۆیۆرک کۆبوونەوەوگفتی بەردەوامبوونی دانووساندنیان راگەیاند. جارێکی تریش تورکیا لە کۆتایی ١٩٧٤و سەرەتای ١٩٧٥دا توانی نوێنەرانی عێراق و ئێران لە ئەستەموول بگەیەنێتە یەک و کۆبوونەوەیان بۆ ساز بکات. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ شای ئێران سەردانی میسری کردو ئەنوەر سادات هاریکاریی کرد تا پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران چاک بکاتەوە. ئەوەبوو لە کۆتاییدا لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ شای ئێران و سەدام حسێن رێککەوتننامەی جەزایریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی باشووری کوردستان مۆرکرد. سەدام رایگەیاند کە (کێشەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا لە نێوبران) پەیماننامەی جەزایر چارەنووسێکی سەیری هەبوو ، نموونەیەکی هاوکاری داگیرکەرانی

کوردستانەو گەمە کردنە بە خواستە رەواکانی گەلی کورد.هەروەها ئەو راستیە دووپات و سەد پات دەکاتەوە کە هەموو نزیکبوونەوەیەکی ئەو ولاتانە لەسەر حیسابی گەلی کوردەو تەنیا مالوێرانی و نازاری نوێ بە کورد دەبەخشێ. بەلگەی ئەم بۆچوونەش وتەکانی وەزیری دەرەوەی ئێرانە ، کاتێ رۆژنامە نووسێک لێی پرسی: ئایا رێککەوتنی عێراق وئێران لەسەر کورد زۆر ناکەوێ؟ ئەویش لە ولامدا وتی:(کاتێک لە سێ لایەن دوویان رێکدەکەون ، دەبێ لایەنی سێیەم زیانی لێبکەوێ). سەیر لەوەدایە ئەو هەموو چالاکیە دیپلۆماسییە گفتوگۆیانەی نوێنەرانی عێراق و ئێران هۆشێکی بەبەر سەرکردایەتی بزاڤی کورددا لە باشووری کوردستان نەهێنایەوەو هیچ ئامادەکارییەکی بۆ بەرهەلستیکردنی رێککەوتنی عێراق و ئێران وەرنەگرت. بەستنی پەیماننامەی جەزایر لە نێوان عێراق و ئێراندا وەکو(گەرانەوەی عێراق بۆ ریزەکانی سەنتۆ) لە قەلەم دەدرێ.(٣٤) دوابەدوای بەستنی رێککەوتنی جەزایر زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە بەغداو تاران و جەزایر لە نێوان نوێنەرانی عێراق و ئێران کرا. لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥( پرۆتۆکۆلی ئاسایشی سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران، لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران و بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزایر مۆرکرا. بەندەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە بە راشکاوەیی دەریدەخەن کە ئەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆلە تەنیا لە دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد بەستراون. بە گوێرەی برگەی یەکەمی **بەندی یەکەم** دەبوایە(هەردوو لا زانیاری بەیەک بدەن لە بارەی جموجوول و چالاکی خراپەکارانەوە کە دەیانەوێ بە ئەنجامی خراپەکاریی و یاخیبوون و سەرپێچیکردن دەربازی یەکێ لەو دوو ولاتە بن. برگەی دووەمیشی دەلێ:( هەردوولای مۆرکەری پرۆتۆکۆلەکە هەموو کارێک دژی چالاکی ئەو کەسانە دەکەن کە لە برگەی یەکەمدا باسیان لێوەکراوەو یەکسەر لەبارەی ناسنامەی ئەو کەسانەوە هەوال بەیەکتری دەدەن ، هەروەها هەردوولا رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە هەموو رێگایەک بگرنەبەر بۆ رێگەگرتن لە بەدیهێنانی خراپەکاری و ئەوەی پێویست بێ دەیکەن دژی ئەو کەسانەی لە هەرێمی یەکێک لە هەردوو ولاتی مۆرکەردا، بە ئامانجی خراپەکاریی لە هەرێمی ئەوی تریاندا کۆدەبنەوە).(٣٥)

**بەندی دووەمیش** لە بارەی داخستنی سنوورەوە بوو بۆ رێگاگرتن لە (خراپەکاریی) دەسەلاتەکانی سنوور تاوەکو دەگاتە بەرزترین پلەکانی وەزارەتەکانی دەرەوەو ناوخۆو بەرگری هاوکاری دەکەن و خۆیان بە گرێدراوی هاوپەیمانێتی دەزانن.

**بەندی سێیەمیش** کەلەبەرەکانی سنووری دەستنیشانکرد، کە مەترسی پەرینەوەی لێدەکرێ. ئەمەش کرایە دوو ناوچەی سنوورییەوە باکوورو باشوور. کەلەبەرەکانی سنووری ناوچەی باکوور کە کوردستانی دەگرتەوە بە(٢١) کەلەبەر دەستنیشانکرا( لیستەی کەلەبەرەکان کرا بە پاشکۆی پرۆتۆکۆلەکە)و بە پێویست زانرا چاودێری و کەنترۆلی توندی بخرێتە سەر(٣٦) بەندی چوارەمیش هەر دەربارەی ئامادەکردنی پێداویستییە مرۆڤی و مەتریالییەکان بوو، بۆ کەنترۆلکردن و داخستنی سنوورو رێگەگرتن لە هێزە(خراپکارەکان) بۆ پەرینەوەی سنوور. بەندی پێنجەمیش دەربارەی بەدەستدانەوەی ئەو کەسانەن کە لەسەر سنوور دەگیرێن و گۆرانەوەیان لە نێوان هەردوولاداو ئاگادارکردنەوەی لایەنی دووەم دەربارەی دەربازبوونی هەلهاتووەکان بۆ ئەوەی دەستگیربکرێن. بەندی شەشەمیش دەلێ:( لە کاتی پێویستدا هەردوولا رێکدەکەون لەسەر دروستکردنی نێوچەی قەدەغەکراو بۆ رێگەگرتن لە خراپەکاران تاوەکو نەتوانن ئامانجەکانیان بەدیبێنن). بەندی حەوتەمیش لەبارەی دامەزراندنی لیژنەی هاوبەشی هەمیشەیی بوو لە بەرێوەبەرانی دەزگا سنوورییەکان و نوێنەرانی

وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵات بۆ دامەزراندن و پێشخستنی هاوکاریی سوودمەند بۆ هەردوولا. ئەو لیژنەیە دەبوایە ساڵی دووجار کۆببێتەوە. بەڵام دەتوانرا داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکرێ بۆ لێکدانەوەو بەکارهێنانی باشتری ئامێرە مادی و مەعنەوییەکان لە کاری داخستن و کەنترۆلکردنی سنوورەکانداو جێبەجێکردنی کارامەی بناغەکانی هاوکاریی کە لەم پرۆتۆکۆڵەدا هاتوون. بەندەکانی هەشتەم و نۆیەم دەربارەی مافی لەوەڕگاو قومسیرانی سنوورو ئاسایش و پاراستنی سنوورەکانە لە شەتولعەرەبدا).(٣٧)

ئایا بەو شێوەیە سەدام و شا پەیمانیان دژی کورد بەست و بەرزانییان ناچارکرد کۆتایی بە خەباتی چەکداریی بێنێ کە بۆ ماوەی چواردە ساڵ بە گفتوگۆو ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ وە بەردەوام بوو. ئەمەش گەورەترین هەڵەبوو بەرزانی لە ژیانی [illegible] دوورودرێژو خەباتی بێوچان و وڵاتپارێزییەکەی [illegible] بووە هۆی کۆتاییهێنان بە ژیانی سیاسی ئە[illegible] سەرکردەیە.هەر بەو شێوەیەش داگیرکەرانی کوردستان ئامادەن بەرامبەر بەیەک و دژی کورد واز لە سەروەری وڵات بێنن و هەڤاڵبەندێتی و برایەتی بەرامبەر بەیەک پیشانبدەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئامادەنین چارەسەرێکی دۆستانەی دۆزی کورد بکەن.

### ٤- سەردەمێکی نوێی هاوکاریی داگیرکەرانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩٥:

ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان سەدام و شادا چارەنووسێکی سەیرو سەمەرەی هەبوو. پێش هەموو شتێک سەدام وایدەزانی بۆ هەمیشە بزاڤی کوردی لە باشووردا لە نێوبردو گەلی کوردی بۆ ملکەچ بوو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە هەر لە ساڵی ١٩٧٥ چەند گروپ و ڕێکخراوەیەکی کوردیی دژ بە ڕژێمی سەدام پەیدابوون و لە بەهاری ساڵی ١٩٧٦داشەڕی چەکداریی دەستی پێکردەوە. واتە تەنیا دوای یەک ساڵ هیواکانی سەدام پووچبوونەوە. شای ئێرانیش کە دژی ئەوەبوو کورد، نەک تەنیا لە کوردستانی ژێر دەستی خۆیدا، بەڵکو لەهەموو بەشەکانی تری کوردستانیشدا، هیچ مافێکی نەتەوەیی هەبێ. سوودێکی ئەوتۆی لەو پەیماننامەیە وەدەست نەهێنا. دوای سێ و چوار ساڵ لە خودی ئێراندا بزاڤێکی کوردیی بە جۆش سەریهەڵداو ڕژێمی شا بەخۆشی لەناوچوو، لە ١١ی فێبریوەری ١٩٧٩دا ڕژێمی کوماری ئیسلامی ئێران دامەزرا. هەر سەدام بە خۆی ئەو پەیماننامەیەی لە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا دڕاندو دوای ئەوە بە پێنج ڕۆژ هێرشێکی بەربڵاوی بردە سەر ئێران و بەو شێوەیە شەڕی ئێران و عێراق دەستیپێکردو هەشت ساڵی ڕەبەقی خایاند.لە کاتی شەڕدا عێراق و ئێران توانای هاریکارییان لەگەڵ یەکدا دژی کورد نەبوو، بەڵام بە هەردوولاوە کوردستانیان وێران دەکردو گروپە سیاسییەکانی کوردی ئەمدیوو ئەودیووی سنووریان بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنا. پارتە کوردییەکانیش وەکو هەمیشە خەریکی شەڕی یەکتری و خزمەتی پیلانەکانی داگیرکەران بوون. لەهەموو سەیرتر ئەوەیە کە سەدام حسێن دوای داگیرکردنی کوەیت نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئێرانی هاشمی ڕەفسەنجانی ناردو شەڕی عێراق و ئێرانی بە فیتی بێگانەو دوژمنان لە قەڵەمداو ئامادەیی پەیرەوکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایری دەربڕی.

لێرەدا دەتوانین بە ڕاشکاوەیی بڵێین ئەوەی بە سەر عێراق هات بەرهەمی سیاسەتی دژ بە کوردبوو، چونکە ئەگەر حکوومەتەکانی بەغدا بەو شێوە شۆڤینیە دژی داخوازییەکانی گەلی کورد نەوەستانایە ئەوا شەڕی چەکداریی لە کوردستاندا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستی پێنەدەکردو، ئێران هەلی دەست خستنە نێو کاروباری نێوخۆی عێراقی بۆ پەیدانەدەبوو. ئەگەر سەدام سەری بۆ داخوازییەکانی

گەلی کورد دابنەواندایە پەیمانی جەزایری مۆرنەدەکردو لەپاشاندا هەڵینەدەوەشاندەوەو هێرشی نەدەبردە سەر ئێران و شەڕی وێرانکاریی هەشت ساڵە نەدەبوو باری ئابووری عێراق وا لاواز نەدەبوو کە تەنیا چارەی بە لای سەدامەوە داگیرکردنی کوەیت بوو. واتە حکوومەتەکانی عێراق لە دوای کۆدەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ەوەهەڵەکانیان بە هەڵەی مەزنتر چارەسەردەکرد. بەرهەمی ئەو سیاسەتە چیبوو؟ عێراق پەنجا ساڵ گەراوەتەوە دواوەو ئەووڵاتەی بەیەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەژمێردرێ ئەمرۆ گەلەکەی برسییەو ئەویش پێی دەڵێن سەروەریی نیشتمانی هەر شوێنەواریشی نەماوە. فڕۆکەکانی رۆژئاوا بە ئاسماندا و سووپای تورک زووزوو هێرش دەباتە سەر کوردستانی باشوورو ئێرانیش هێرش دەباتە سەر بنکەکانی (مجاهدین خلق) لە نزیکی بەغدا. ئەوەشی ئەو هەموو وێرانکارییەی لە پێناودا کرا، واتە لە نێوبردنی دۆزی ناسیۆنالی کورد لە هەمووکاتێک تیژوتوندترەو چاوەڕوانی چارەسەرکردنە. بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق وەکو ئەوەی نەبایان دیبێ نەباران لە پەیرەوکردنی سیاسەتی دژ بە کوردو دژ بە دیموکراتی بەردەوامن و ئامادەنین بەرپرسیارێتی ئەو بارە بگرنە ئەستۆی خۆیان. سەیر لەوەدایە داگیرکەرانی کوردستان دەرس لە مێژوو ئەزموونی یەکتر وەرناگرن وا ئەمرۆ تورکیا هەڵەکانی سەدام حسێن دووپات دەکاتەوەو بەرەو هەمان چارەنووس دەڕوا.

کاتێ سەدام بۆی دەرکەوت کە وازهێنان لە خاک و ئاوی عێراق بۆ شای ئێران نەیتوانی خەونەکەی، واتە لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد، بێنێتەدی، کەوتە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی هاوکاری و هەڤاڵبەندێتی لەگەڵ تورکیادا. لەو کاتە سوریا ئامادە نەبوو هاوکاری لەگەڵ سەدامدا بکات، بەڵکو هاوکاری رێکخراوە کوردییەکانی عێراقی دەکرد. بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە فێبریوەری ١٩٧٧دا سەدام حسێن سەردانی ئەنقەرەی کردو هەوڵی دا هاوپەیمانێتی و هەڤاڵبەندێتی نێوان هەردوولا لە دژی کورد بژێنێتەوە. رۆژنامەی The Guardian لەبارەی سەردانەکەی سەدامەوە بۆ تورکیا نووسیویێتی و دەڵێ:(سەدام حسێن سەردانی تورکیای کردو ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو تورکەکان هانبدات وەک هەمیشە سیاسەتی هاوبەش دژی کورد بگرنەبەر)(٣٨). لێرەدا دەبێ تەنیا ئەو وتەیەی گاردیان راستبکەینەوە کە تورکیا هیچ کاتێک لە سیاسەتی دژ بەکورددا پێویستی بەهاندان نەبووە، چونکە هەمیشە لەم بوارەدا نەک تەنیا دوانەکەوتووە، بەڵکو خاوەن ئینسیاتیڤ بووە.

شایانی باسە لێرەدا ئەوە بڵێین کە لە کۆتایی حەفتاکانەوە بزاڤی کوردایەتی لە باکووری کوردستاندا جۆشی سەندو مەترسی خستە دڵی کاربەدەستانی تورکیاوە، بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٧٨دا رێککەوتننامەیەک لە نێوان عێراق و تورکیادا دژی کورد لە باکوورو باشووری کوردستان مۆرکرا. کە دەقەکەی لە رۆژی ٢٥ی تەباخی (ئاب) ١٩٧٨دا لە رۆژنامەی Milliyet بڵاوکرایەوە بەگوێرەی ئەو دەقە بەندەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

(١- لە کاتێکدا کەسانی سەر بە دەوڵەتێک -لەم دووانە- بچنە نێو سنووری دەوڵەتەکەی دیکەوە، دەگیرێن و دەدرێنەوە دەست دەوڵەتی خۆیان بۆ ئەوەی هەر یەکە لە دەوڵەتی خۆیدا سزابدرێ.

٢- دامەزراندنی پاسگە لەسەر سنوورەکان و رێگرتن لە چوونە نێو سنووری یەکدی بەتەواوی.

٣- لەکاتێکدا چوونە نێو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی رووبدات، ئەولایەنە لایەنەکەی دی بە خێرایی ئاگاداردەکات.

٤- هەردوولا ئەو تەدابیرانە وەردەگرن کە دەبنە هۆی وەستاندنی ئەو کارە وێرانکارانەیەی کە لە سەر نێوچە سنوورییەکانی هەردوولا دەکرێن.

٥- هەردوو دەوڵەتەکە کار دەکەن بۆ بەهێزکردنی

هاوکاری لە نێوانیاندا)(٣٩) لەو ساڵانەدا بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ئێران هاتوچۆ لە نێوان بەغداو ئەنقەرەدا گەرم بوو. لەم بوارەدا سەردانی سەرۆکی ستادی سوپای تورکیای ئەو سەردەمەو سەرۆکی جونتەی لەشکریی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ کەنعان ئێڤرین لە نێوەراستی ١٩٧٩دا بۆ بەغدا بەتایبەتی سەرنج ڕاکێشە. لە کاتی ئەو سەردانەدا مەترسیی ڕووداوەکانی ئێران خرانە بەر تیشکی شیکردنەوەو هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکانیان بەهێزبکەن و توانایان یەکبخەن بۆ بەرەبەرەکانی و دامرکاندنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد)(٤٠)

دوای لەنێوبردنی بزووتنەوەی چەکداریی باشوور پرۆژەیەک لە ئارادا بوو، گفتوگۆی سێ قۆلی لە نێوان تورکیاو عێراق و ئێراندا لە بارەیەوە دەکرا. پرۆژەکە بریتی بوو لە دروستکردنی نێوچەیەک بە نێوی(زۆنەی مەرگ) لەسەرچاوەکاندا نێوی دەبرێ. بە گوێرەی ئەم پرۆژەیە دەبوایە لەنێوچەرگەی کوردستانداو لەسەر سنوورەکانی هەر سێ دەوڵەت نێوچەیەکی فراوان چۆڵبکرێ بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کوردەکانی ئەمبەرو ئەوبەری سنوور دابپچڕن و لەوەش گرنگتر کەنترۆڵی سنوور بکەن و بزاڤی کورد سەرکوت بکەن. تورکیاو عێراق کەوتنە وێرانکردنی گوندەکان بە قووڵایی بیست کیلۆمەتر لەمدیوو ئەو دیووی سنوورەکانیان و لەساڵی ١٩٧٩شەوە دەستیان بەهاوکاری لەشکریی دژی پێشمەرگە کرد. لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا لە ئەنقەرە ڕێککەوتننامەیەکی تری نهێنی لە نێوان تورکیاو عێراقدا مۆرکرا، کە بەندەکانی پەیماننامەی ١٩٧٨ دوویات دەکردەوەو هەندێ هەنگاوی پێویستی نوێش نرا بو کەنترۆڵکردنی سنوورەکان و ئۆپراسیۆنی سەربازی هاوبەش دژی پێشمەرگەکانی کوردستانی باشوور. لەم کاتەدا عێراق ئامادەبوو بۆ هەر هاوکارییەک، تەنانەت خەرج و پارەی دروستکردنی پاسگەو بنکە سەربازییەکانی گرتە ئەستۆی خۆی و پەیمانی بەخێوکردنی هێزەکانی تورکیای دا.(٤١)

لە هەشتاکاندا پاڵەوانی هاوکاری دژ بە کورد تورکیاو عێراق بوو، چونکە شەڕی عێراق و ئێران و هەڵوێستی سوریا لەو شەڕەدا ڕەوشێکی وای هێنابووە کایەوە کە نە عێراق و ئێران و نە عێراق و سوریا بە دووقۆڵی نەتوانن سیاسەتێکی هاوبەش بگرنە بەر دژی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، بۆیە لەم بوارەدا تورکیا ڕۆڵی سەرەکی دەبینی، چونکە پەیوەندی بەهەر سێ دەوڵەتەکەوە هەبوو، هەوڵی پاراستنی چوارچێوەیەکی گشتی دەدا بۆ دوژمنایەتی گەلی کورد لە لایەن ئەو وڵاتانەوە. لەوەش زیاتر تورکیا کەوتە لەشکرکێشان بۆ باشووری کوردستان.ئەوەبوو لە ٢٦ی ئایاری ١٩٨٣دا تورکیا بە هێزێکی سوپایی زۆرەوە هێرشی باشووری کردو بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە ٣٠ کم چووە نێو خاکی ئەو بەشەی کوردستانەوە. ئەم کارە بەوتەی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ( پاراستنی ئاسایش) بوو لە ناوچەکەدا، بەڵام بەرهەمەکەی وێرانکردنی ٥٠ گوندو کووشتنی نزیکەی دوو هەزار کورد بوو.(٤٢)

هەروەها بەگوێرەی ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤دا لەلایەن وەزیرانی دەرەوەی عێراق و تورکیاوە لە بەغدا مۆرکرا، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر هاوکاریی و ئۆپراسیۆنی هاوبەش دژی جەنگاوەرانی کورد. ئەمەش تەنیا دوومانگ دوای بەرپابوونی شۆڕشی١٥ی تەباخی(ئاب) ١٩٨٤ لە کوردستانی باکوور بوو.

بەندی یەکەمی ئەو ئاکتە مافی بەهەردوولادەدا بەدوای سەرهەڵداوانی کورد بچنە نێو خاکی یەکترەوە. لە ڕاستیدا تورکیا پێش مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەو بە تایبەتی دوای مۆرکردنی هەمیشە هێرشی بردۆتە سەر کوردستانی باشوور. تاوەکو ئەمڕۆش لەم کارەدا بەردەوامە. لێرەدا مرۆڤ پرسیارێک دەکات: ئەگەر ئەمڕۆ بنکەکانی سەرهەڵداوانی پارتی کارگەرانی کوردستان کراونەتە

بەهانە، ئەی لەساڵی ١٩٨٣دا خۆ بنکەی P.K.K لە باشووردا نەبوو؟

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧یشدا تورکیا زیاتر لە ٣٠ فرۆکەی جەنگاوەری نارده سەر کوردستانی باشوورو کەوتنە بۆردومانکردنی پێگەکانی سەرهەڵداوانی کورد.

لە هەمان کاتدا تورکیا لە بەرەنگاری هێرشی گەریلاکانی P.K.K داماببوو بە هەموو لایەکدا هەوڵی پەیمان بەستنی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا دەدا بۆ بەهێزکردنی کەنترۆڵ و چاودێری سنوورەکان و خاپاندنی بیروڕای گشتی بەوەی گوایە هەموو چەکدارەکان لەدەرەوە دێن و لە تورکیادا دۆزی کورد نییە. هەر بۆ ئەو مەبەستە تورکیا گوشاری خستە سەر سوریاو لە ئۆگۆستی ١٩٨٧دا تۆرگۆت ئۆزال سەردانی ئەو وڵاتەی کردو داوای لە حکوومەتی سوریا کرد کە لە شەڕی دژی P.K.K دا هاریکاریی تورکیا بکات. هەروەها حکوومەتی تورکیا هەوڵی دەدا کە ڕێگا بە سوپای تورکیا بدرێ بەدوای گەریلاکاندا بچێتە نێو خاکی سوریاو ئێرانەوە وەکو لەگەڵ عێراقدا دەیکات. لە کۆتایی سەردانەکەی تۆرگۆت ئۆزالدا( پرۆتۆکۆڵی هاوکاری و ئاسایشی و ئابووری) مۆرکرا. هەندێ جار تورکیا هەڕەشەی لە سوریا دەکرد ئەگەر هەڵوێستی نەگۆڕێ ئەوا تورکیا دەتوانی زیانی مەزنی پێبگەیەنێ. تەنیا بۆ نموونە ئۆزال لە یەکێک لە وتەکانیدا دەڵێت( ئێمە نامانەوێ خراپە لەگەڵ کەسدا بکەین، ئەگەر دووساڵ و نیو ئاوەکە بگرین، ئەوا یەک چۆڕ ئاویان بۆ ناچێتە خوارێ، ئێمە ئەمە ناکەین بەڵام دەمانەوێ هەموو کەسێک هۆشی بەبەردا بێتەوە)(٤٣)

گومان لەوەدا نییە لە هەشتاکان و بەتایبەتی نەوەتەکان گەلێ پەیماننامەو ڕێککەوتن بە شێوەیەکی دوو قۆڵی لە نێوان داگیرکەراندا دژی گەلی کورد بەستراون و هەموو توانای دەوڵەتانی ناوچەکەو هەڤاڵبەندەکانیان لە دەرەوەی ئەو نێوچەیە بەکارهێنراون. لەبەر ئەوەی ئەو ڕێککەوتننانە دژ بە گەلی کوردەو لە بەرژەوەندی گەلانی نێوچەکەشدا نییە، بەڵکو تەنیا بۆ پاراستنی ڕژێمەکانن، بۆیە هەمیشە لە تاریکیداو بە دزییەوە لە دایک دەبن. بۆیە لێرەدا ناتوانین بیانخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. بەڵام ڕۆژێک دێ دەبنە ماڵکی مێژوو دەخرێنە بەر دەستی خوێنەران وناوەرۆکی دژ بەکوردیا ن شیرۆڤەدەکرێن. لێرەدا تەنیا ئەوە دەڵێم کە دوای شەڕی کەنداوو پەیدابوونی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم، وەزیرانی دەرەوەی تورکیاو ئێران و سوریا پەیتا پەیتا کۆدەبنەوەو پلانی لە نێوبردنی ئەو بارەی باشووری کوردستان دادەڕێژن، کەچی دوای هەموو کۆبوونەوەیەک ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەگەریی کوورت بڵاودەکەنەوەو تێیدا دەڵێن(وەزیرانی هەر سێ دەوڵەت کۆبوونەوەو لە ڕەوشی باکووری عێراقیان کۆڵییەوەولایەنگیریی خۆیان لە یەکێتی خاکی عێراق و سەروەریی ئەو وڵاتە دەردەبڕن). لە پشتی ئەو وشانەوە پیلانی دژ بە کوردو دەستکەوتەکانی گەلی باشووری کوردستان شاراوەتەوە. ئەویش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ کە عێراق بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا ناکات، چونکە بە باشی دەزانی کە لە خۆی باشتر مافی داگیرکەرانەی لە کوردستاندا دەپارێزرێ.

بەو شێوەیە دەبینین وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وا زیاتر لە حەفتا ساڵە سیاسەتی ئالیکاری و هەڤاڵبەندێتی دژی گەلی کوردو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستانیان گرتۆتە بەرو لەگەڵ هەموو جیاوازی و دژایەتییەکانی نێوانیاندا لە هەڵوێستیان بەرامبەر بەکورد یەکن و چوارچێوەی ستراتیژی خۆیان لەبەرامبەر مەسەلەی کورد دارشتووە. بەرامبەر بەوە تاوەکو ئەمرۆ پارت و ڕێکخراوەو گروپە کوردییەکان نەک هەر ستراتیژێکی کوردستانیی گشتییان نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی دواکەوتووانە لەم بوارەدا هەڵسوکەوت دەکەن و لەوە ناچێ لە داهاتوویەکی

نزیکدا لەم بارە رزگاریان بێ.

وەک چۆن لە شەستەکان و حەفتاکاندا هەموو پیلانگێرانەکان دژی کوردستانی باشووروو شۆرشی چەکداریی ئەو بەشەبوو، ئەوا لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا ئەو کارە دژی شۆرشی چەکداریی باکووردەکرێ. بەلاَم باری ئەمرۆی جیهان و نێوچەکەو کوردیش جیاوازە لە رەوشی شەستەکان و حەفتاکان و تەنانەت هەشتاکانیش.

### ٥- ئەنجامەکان:

بەلێکدانەوەو شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەدوای بەستنی پەیماننامەی لۆزانەوە تاوەکو ئەمرۆ، ئەم ئەنجامە سەرەکیانەمان بۆ دەرکەوت:

١- لەبەر ئەوەی گەلی کوردو ولاتەکەی دژ بەخواست و ئاواتی خۆی بەسەر ئەو ولاتانەدا دابەشکراوەو هەموو بەرژەوەندییەکانی کورد خراونەتە ژێرپێوەو، لەبەر ئەوەی لە هیچ یەکێک لەو ولاتانەدا رژێمێکی دیموکراتی پەیدا نەبووە، ئەوا چاوەروان ناکرێ نە دۆزی کورد چارەسەربکرێ و نە دۆستایەتی و برایەتی گەلانی نێوچەکە بە کوردیشەوە ببێتە بەردی بناغەی سیاسەتی نێو ئەو دەوڵەتانەو ، نە نێوچەکەش لە گێژاوەی شەرو بەیەکدادان و ئاژاوە رزگاری دەبێ. واتەتەنیا رێگا لە بەردەمی گەلانی ئەو ناوچەیە بۆ دەرچوون لەو رەوشە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی راستەقینەیە.

٢- سیاسەتی دوژمنایەتی کورد بەردی بناغەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە بووەو هەموو نزیکبوونەوەیەکی دوو یان زیاتر لەو دەوڵەتانە لە یەکترەوە هەمیشە زیانی کوردی تێدا هەبووە. سەیر لەوەدایە ئەو سیاسەتە بەگۆرانی رژێمەکانی ئەو دەوڵەتانە هیچ گۆرانێکی بەسەردانەهات. لە سێبەری مەنداتی ئەورووپی و رژێمی پاشایەتی و شاهنشایەتی و کۆماریی بە هەموو جۆرەکانییەوە، باری کورد هەر گران بووەو دوژمنایەتی ئەو دەوڵەتانە دژی ئەم گەلە هەر خەست بووە. هەروەها لەباری ئاساییی و دۆستایەتی رژێمەکانداو لەکاتی ئاژاوەو رکەبەرایەتیشدا بناغەکانی ئەو دوژمنایەتییە گۆرانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. واتە لەگەڵ هەموو جیاوازییە سیاسیی و مێژوویی و ئابووریی و ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە، هەموویان لە یەک مەسەلەدا یەکن، کە ئەویش هەڵوێستیانە بەرامبەر بە گەلی کوردو داخوازییەکانی.

٣- هەروەکو لەسەرەوە وتمان هۆیەکی سەرەکی تراژیدیای کوردو کوردستان لەوەدایە کە بەدرێژایی مێژوو نێوچەیەکی سنووری بووە لە نێوان دوو یان زیاتر زلهێزو دەوڵەتدا. بۆیە هەمیشە گۆرەپانی شەرو دژایەتی و پێشبرکێ بووە، هەر لەبەر ئەوەشە پەیوەندی نێودەوڵەتان هەمیشە بە شێوەیەکی کاریگەر کاری کردۆتە سەر ژیانی سیاسی نێوخۆو دەرەوەی کوردستان. لە هوندەری کوردستان هەمیشە کوردی دابەشکردووە بۆ لایەنگیری کردنی ئەم دەوڵەت یاخود ئەو دەوڵەت و سیستەمی فیۆدالی و عەشیرەتی بەهێز کردووەو پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی لاوازکردووەو زیانی بە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد گەیاندووە. لە لایەکی دیشەوە دەوڵەتانی نێوچەکە هەمیشە لەگەڵ کورددا وەکو کرێگرتە هەڵسوکەوتیان کردووە، وەکو فاکتەرێکی سەربەخۆو کاریگەر نەیان روانیوەتە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد. لەم رێگەیەدا گەلی کورد گەلێ کارەساتی بەسەرهاتووەو تووشی بێ ئومێدی بووەو بە جۆرێک خۆی بینیوەتەوە کە لە پێناوی بەرژەوەندی ئەم دەوڵەت و ئەو هێزەدا خۆی بە کووشت دەداو ولاتەکەی بە وێرانکردن.

٤- هەروەها ولاتانی داگیرکەر نەک تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان خۆیانیان دژی گەلی کورد

بەکارهێناوە، بەڵکو سیستەمی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتان لەنێوچەکەدا لەسەر بنکەیەکی دژ بە کورد دارێژراوە. هەموو پەیوەندییەکانی بەریتانیا بە عێراقەوەو فەرەنسا بە سوریاوەو ئەمریکا بەتورکیاو ئێران و عێراق و سوریاوە، شوێنی دژایەتی بەرژەوەندی کوردی تێدا هەبووە. لەم بوارەدا بەرەی رۆژهەڵاتیش دوانەکەوتووە. پەیوەندییەکانی رووسیای بەلشەفی لەگەڵ کەمالییەکاندا و شێواندنی راستییەکان لەبارەی راپەرینەکانی کوردەوە لەسەر لاپەرەکانی پراڤداو ئێزڤیستاو هاریکاری هێزەکانی تورکیا لەسەرکوتکردنی راپەرینی ئاگری داغدا بە وتەی سەرکردەی ئەو راپەرینە ئیحسان نووری پاشا، نموونەی ئەوەن. هەروەها بەستنی (پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری) لەگەڵ بەعسی عێراقدا لە ٩ی ئەپریلی ١٩٧٢دا تەنیا ئەنجامی ئەوەبوو ئەرکی حکوومەتی بەغدای لەبەریەرەکانی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانی باشووردا ئاسان کرد.بەو شێوەیە سیستەمی پەیوەندی نێودەوڵەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دژی بەرژەوەندی گەلی کوردە.

٥- سەرەتای پەیرەوکردنی سیاسەتێکی گشتیی هاوبەش دژی گەلی کورد و بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٦ نەک ١٩٣٧، کاتێ پەیمانی سەعدئاباد بەسترا وەک گەلێ نووسەرو دیرۆکڤان لەو باوەرەدان. لەساڵی ١٩٢٦ هەموو ئەو دەوڵەتانە بە پەیماننامەی دوو قۆڵی بەیەکەوە بەستران و بەندی( پاراستنی سنوورەکان و بەریەرەکانی دەستەو رێکخراوەکان) هەمیشە بەردی بناغەی ئەو پەیماننامەو رێککەوتننامانە بووە.

----------------

سەرچاوەکان:

٢٤- شاکرۆی محۆیی. دۆزی نەتەوەیی کوردی عێراق لەم سەردەمەدا، مۆسکۆ، ١٩٩١ل٨٨ بە زمانی رووسی.

٢٥- د. جبار قادر واخرون، ترکیا المعاصره ، جامعه الموصل، ١٩٨٨، ص‌ص ٢٠٧-٢٠ .

26- Depart met of state publication. 6572,Washington, 1958,P.15.

٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

28- Dûnua 18 Nisan 1963.

٢٩- شاکرۆی محۆیی، هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ل.ل. ٢١٠-٢١١ .

٣٠- ن. محب الله، موقع الاکراد وکردستان تاریخیا وجغرافیا و حضاریا. ١٩٩١ ص١١٥ .

31- The Newyork Times, 25 October1963

٣٢- شاکرۆی محۆیی، هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ل٢١٦ .

٣٣- د. جەمال نەبەز، ئێستەو پاشەرۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران دا، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆڵم، ١-٢٦٠-١٩٨٩، بەراوێزی ٤٢، ل. ل ١٨٤-١٨٥ .

٣٤- ش. ج. ئەشیریان( شەرەفی ئەشیری) دۆزی کورد لە عێراق لە حەفتاکان و هەشتاکان، مۆسکۆ ١٩٨٩، ل٦٩، بەزمانی رووسی.

٣٥- بروانە دەقی عەرەبی پرۆتۆکۆڵەکە لە : د. جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ل.ل١٧٨-١٨١ .

٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل.ل١٨٢-١٨٣ .

٣٧- هەمان سەرچاوە ل١٨١ .

38- The Guardian, 5 April,1977 .

٣٩- دەقی کوردی رێککەوتننامەکە . بروانە: د. جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوەی ناوبراو ل٢٠٥ . بۆ دەقی تورکییەکەش بروانە: Milliyet, ١٥-٨-١٩٧٨ .

٤٠- شاکرۆی محۆیی، هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ل٢٩٨ .

٤١- شەرەفی ئەشیری، هەمان سەرچاوەی ناوبراو ل.ل ٨١-٨٢ .

42- The Morning Star , 3-6-1983, The observer 5 November 1984.

٤٣- مەنە هەسراتیان، هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٤٥

# پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران

## (پێداچوونەوەی نامیلکەیەکی دکتۆر عەباس وەلی)

ئەنوەری سوڵتانی

**د. عەباس وەلی مامۆستای دیپارتمانی سیاسەت لە زانکۆی"وەیلز" شاری"سوانزی"ی بەریتانیا، پرۆژەی نووسینی کتێبێکی لە مەڕ"سیاسەتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان"بەدەستەوەیە کە بارودۆخی گەلی کورد بە شێکی گرینگی کارەکە پێکدێنێ. گەلاڵەی فەسڵێک لەو کتێبە، بە شێوەی"پۆلی کۆپی" و لە تیراژێکی کەمدا بڵاوبۆتەوەو لە مانگی جولای ئەمساڵدا، کاک حەسەنی قازی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی(١). ئەم یاداشتانەی خوارەوە لەسەر بنەمای دەقی کوردی نووسراون و لە شوێنی پێویست، لە گەڵ دەقی سەرەکیدا بەراورد کراون. ئاماژە بۆ لاپەرەکان تەنیا دەقی کوردی دەگرێتەوە.**

لە زانکۆی«وەیلز» شاری«سوانزی»ی بەریتانیا، پرۆژەی نووسینی کتێبێکی لە مەڕ«سیاسەتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان»بەدەستەوەیە کە بارودۆخی گەلی کورد بە شێکی گرینگی کارەکە پێکدێنێ.

گەلاڵەی فەسڵێک لەو کتێبە، بە شێوەی«پۆلی کۆپی» و لە تیراژێکی کەمدا بڵاوبۆتەوەو لە مانگی جولای ئەمساڵدا، کاک حەسەنی قازی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی(١). ئەم یاداشتانەی خوارەوە لەسەر بنەمای دەقی کوردی نووسراون و لە شوێنی پێویست، لە گەڵ دەقی سەرەکیدا بەراورد کراون. ئاماژە بۆ لاپەرەکان تەنیا دەقی کوردی دەگرێتەوە.

دامەزراندنی سەرەتای باسێکی تیۆری ئەوتۆ لە لایەن پسپۆڕێکی کوردەوە، خاوەنی گرینگایەتی تایبەتەو پێویستە پێشوازی لێبکرێ. من گەلێک هیوادارم شارەزایانی پێگەیشتووی کورد لە ناوخۆو هەندەران، شێوەی کاک عەباس ڕەچاوبکەن و هەر کام لە بواری پسپۆڕایەتی خۆیاندا ئاور لە مەسەلەی کورد بدەنەوە با کورد ناسی لە مۆنۆپۆلی بێگانەدا نەمێنێتەوەو ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەجیاتی خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستان، خوێنی بیروبڕوای نوێ بڕژێننە دەماری وشک هەڵگەراوی بۆچوونە داسەپاوەکان - ئەو بۆچوونانەی کە دژ بە راستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەسکەوتی نوێی زانست وەستاون. بەڵام زەینی سوننەت پەرستی کورد خووی پێگرتوون و مخابن « کوێر، گرتووی خۆی بەرنادا!». با لە ئاڵوگۆڕو پێشکەوت- وەک جەوهەری ژیان نەترسین و دیاردەکان، لە رەگ و ریشەوە بناسین.

نامیلکەکە ڕووبەڕووی پرسیارێکمان دەکاتەوە: ئایا ناسیۆنالیزم بە گشتی، دیاردەیەکی سەردەمی نوێیە یان هەوڵ و هەنگاوی سەردەمی پێش سەرمایەداری لە پێناوی سەربەخۆیی سەندن و جیابوونەوە لە مەرکەزیش، دەگرێتەبەر؟ بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە سەرەکییە، کاک عەباس هیچ سێ و دوو ناکات و پەیدابوونی ناسیۆنالیزم بە سەرهەڵدانی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانەوە دەبەستێتەوە- روانگەیەک، کە بۆ ئەمڕۆ نامۆو تازەنییە، ئینجا لەبەر روناکیی پرسیارەکە، دەچێتە سەر باسی ناسیۆنالیزمی ئێرانی (بەگشتی)و ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان(بەتایبەت) تا سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم

لەو دوو ناوچە جوگرافیاییە بەیەکەوە بەستراوە بدۆزێتەوە. بۆ ئەم کارەش، یەکەم دوو مەفهوومی"گەل"(People)و"نەتەوە"(Nation) لێک جیادەکاتەوەو، دووەم پەیدابوونی بیرۆکەی "نەتەوەپەرەوەریی" (Nationalism) بە سەردەمی پەیدابوونی "نەتەوە" – واتە بە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانەوە دەبەستێتەوە.

بە داخەوە ئەو بەشەی کتێبەکە واکەوتۆتە بەر دەستی خوێنەر، تەعریفێکی روونی هیچکام لەو مەفهومانەی نەداوە بە دەستەوەو نووسەر دەری ناخات کە دەیەوێ لە نێو تیئوریگەلی هەمەچەشنەی کۆمەڵناسانی دوای مارکس دا، کامە تیئوری بەسەر هەل و مەرجی کوردستاندا جێبەجێ بکات. لە هەمان کاتدا، باوەرناکەم ئەو بۆچوونە گشتییەی نووسەر کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم – وەک دیاردەیەکی مێژوویی بەرادەی پێشکەوتی کۆمەڵگاو توانای جیابوونەوە لە سیستەمە ئابووری – کۆمەلایەتییەکانی پێش سەرمایەدارییەوە بەستراوە، یا ئەوەی بیری ناسیۆنالیستی لە پێش ناسیۆنالیزمدا سەر هەڵدەدات، جێگەی مشتومڕی زۆربێت.

تەنانەت تەتبیقی تیئورییەکە لەگەڵ هەلومەرجی مێژوویی ئێران و بەستنەوەی سەرەتای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی سالانی(١٩٠٧-١٩٠٥)وە بە مەرجی قەبوولکردنی ئەو پێش شەرتانەی باسمان کرد، جێگەی گومانی زۆرنابێت. بەلام ئایا نووسەر بە هەڵەدانەچووە کاتێ پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە پەیوەندییەکی یەک لایەنی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێراندا دەبینی و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دادەبڕێ؟ ئایا راستە کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەو بەشەی کوردستان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی(ژک)ی ساڵی ١٩٤٢وە گرێدراوە؟

سەرەرای نیشانەگەلێکی زۆر، کە پێشکەوت و بالاسەندنی بۆرژوازی بازرگانی لە بازارەکانی سنەو مەهاباد و بەتایبەت کرماشانی پێش ساڵی ١٩٤٢دا، دەنوێنن(بۆ نموونە رەنگدانەوەی رەونەقی بازاری ئەو شارانەو پەیوەندیی بازرگانیی بازرگانەکان لەگەڵ شارە گرینگەکانی ئێران و عوسمانی و تەنانەت رووسیا لە نووسراوەی کەسانی وەک لازاریێف، مینۆرسکی و.....دا، من نامەوێ مشتومڕی باسێکی تیئوری ئەوتۆ بکەم و بە راشکاوی دەڵێم توانای ئەو کارەم نییە. هۆی نووسینی ئەم یاداشتانەش ، نە جوابە جەنگیی کاک عەباس، بەڵکوو روونکردنەوەی هەندێ لایەنی مێژوویی لە ژیانی کۆمەلایەتی – سیاسیی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانە ، کە بە داخەوە نەکەوتوونەتە بەر سەرنجی نووسەر. بە بروای من کەموکووڕی و ناتەواوی بۆچوونەکان ، راست لەو شوێنانەدا سەرهەڵدەدەن کە مێژووی کوردستان بەوردی شینەکراوەتەوە، واتە لایەنی هەرە لاوازی کاری نووسەر، ناشارەزایی لە مێژووی کوردستان ، بە بەشی رۆژهەلاتیشەوە.

لە هەمان کاتدا ئاگاداری ئەو راستیەش هەم کە دامەزراندنی باسێکی تیۆری بە شێوەی میتۆدێک لە مەر دیاردەیەکی گرینگی وەک ناسیۆنالیزمی کوردی، کارێکی کەم پێشینەیەو نەبوونی سەرچاوەی جیدی بۆ توژینەوە، مەترسی هەڵەکردن گەلێ زیاتر دەکەن. لە گەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەندەی کاک عەباس دوای ماوەیەکی دوورودرێژ ئاوڕی لە مەسەلەی کورد داوەتەوەو بەبێ پالپشت و پێشینە، کە پێداویستی ئەم چەشنە لێکۆلینەوانەیە، پێی ناوەتە گۆرەپانێکی ئەوتۆوە، جێی رێزو سوپاسە.

پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە زۆربەی پسپۆرە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەداخەوە ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی مێژووی کوردستان نین و لە توژینەوەکانیاندا، هەموو ئەو فاکتەرانەی وا بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئێران راستن، بە سەر کوردستانی ئێرانیشدا فەرزدەکەن. ئەوەش دژ

بەو راستییە زانستییە دەوەستێ کە کوردستان دیاردەیەکی جیاوازەو لە بەرانبەر هەر خاڵێکی هاوبەش لە گەڵ ئیسفەهان و شیرازو تەورێزدا، خاوەنی چەند خاڵی جیاوازەو ئەرکی توژینەو دۆزینەوەی ئەو خاڵانەیە. ئەگەر کاک «میهردادی ئیزەدی»عەشیرەتی جاف بە دانیشتووی مەهاباد دادەنێ و دوو عەشیرەتی کورد بە ناوی قاسملوو تاڵەبانی دادەتاشێ یان کۆمەڵەی(ژ.ک) لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کۆتایی حەفتاکان لێ دەشێوێ(٣) یاخود دوکتور حشمت الله طبیبی بە سەرسوورمانەوە چاو لە رێنووسی کوردیی ناوی«حەسەن» دەکات(٤)، نیشانەی ئەو نامۆییەیەلە گەڵ بارودۆخی تایبەتی کوردستانە. بە داخەوە کاک عەباسیش هەندی هەڵەی وای بەقەڵەمدا هاتووە. با پێیاندا بچینەوە:

١- نووسەر، کوردو بەتایبەت ناسیۆنالیزمی کوردیی وەک دیاردەیەکی ئێرانی بینیووەو چاوی لەو راستییە پۆشیوە کە ئەگەررووبەکی سکەی کوردستانی ئێران، ئێرانی بوون بێت، بێگومان رووەکەی دیکەی کوردستانی بوونیەتی. ئەگەرنووسەر، کوردایەتی کردنی ئەحمەدیخانی و حاجی قادری کۆیی و.....یا هەوڵ وهەنگاوی بەدرخانییەکان و یەزدانشێرو شێخ عوبەیدولای نەهری بە رەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی نازانێ، مەسەلەیەکی جیاوازەو رەنگە زۆر لە روانگەی منیش دوورنەبێت، بەلام هەڵەیەکی گەورەدەبێ ئەگەر«دیاردەی مۆدێرنی ناسیۆنالیزمی کوردی» لە پێشینەی خۆی دابیردرێ ، هەروەها شوێنی نفووزی دیاردەکە، لەوبەری سنووری جوگرافیایی ئێراندا کورتبکرێتەوە.

واتە کاک عەباس مافی خۆیەتی ئەگەر باسەکە لە چوارچێوەی رۆژهەلاتی کوردستانداقەتیس بکات. بەلام کاتێک دەچێتە سۆراغی بنەماو ریشەی دیاردەکە، ناتوانێ چاو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بپۆشێ و تەنانەت لە پەراوێزیشدا ناویان نەهێنێ!

کێ دەتوانێ لە کۆمەڵەی(ژ.ک) وەک نیشانەی پەیدابوونی بیروکردەوەی مۆدێرنی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران«(ل.١٠) بدوێ بەلام باسی پاڵنەرە کوردییەکانی ئەو پەری سنووری ئێران و دەوری هەرە گرینگیان لە پەیدابوونی ئەو بیرۆکە ناسیۆنالیستییەو پێکهاتنی کۆمەڵەدا نەکات. با نموونە بهێنمەوە:

سید محمد امین شیخ الاسلامی«هێمن» ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی(ژ.ک) دەنووسێ:«دەبێ بڵێم من دەستکردی ئەحمەد فەوزیم....ئەو هەڵی وەشاندمەوەوتێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە.... بێ گومان ئەگەر نەچوویامە خزمەتی فەوزی و لەکن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، رێبازی ژیانم ئەو رێبازنەدەبوو، کە گرتم و پێی دا رۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە. ئەو تێی گەیاندم من رۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێ بەش و چارەرەش و زۆرلێکراوە.... بەلام سوێندی دام قەت بە فارسی شیعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بە کوردی بنووسم.«(٤) فەوزی خەڵکی شارەزووربوو. عبدالرحمان شەرەفکەندی«هەژار» شاعیری میللی کۆماری کوردستان و ئەندامی دیکەی کۆمەڵەی(ژ.ک) دەنووسێ:«بیری ناسیۆنالیستی خۆم بە خوێندنەوەی دیوانی مصطفی بەگی کوردی و هەندێ شاعیری دیکەی کورد راهێناوە«(٥) کە هەموویان خەڵکی ئەو دیووی سنووری ئێران بوون.

ئایا دەتوانین دیواری چین بەدەوری بەشێکی کوردستاندا بکێشین و لە بەشەکانی دیکەی داببرین؟ ئەویش لە هەل و مەرجی گەرمێن و کۆێستانکردنی هۆزەکان و هاتوچۆی بێوەستانی فەقێ و مەلاو رۆشنبیری کورد لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستان و چوونی زیارەتکەرانی زۆر لە هەموو لایەکەوە بەرەوخانەقای تەوێڵەو بیارەو شەمزینان و بورهان و....بۆ نموونە، سەفەری حاجی میرزا

عـبـدالرحـيـمی وەفـايـی مـەهابادی لەگـەڵ کـاروانی شاربەدەرکراوی شێخ عوبەیدوڵا، لە شەمزینانەوە بۆ مەککە، کۆچی زێوەری شاعیر لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مەحموودی نەمر لە سولەیمانییەوە بۆ ورمێ و پاشان بۆ شەمزینان، هاتنی مەحوی و شێخ رەزای تاڵەبانی بۆ ئێران و ژیانی (قانع) لە مەریوان و هاتنی سوپای شێخ عوبەیدولاو شێخ قادر بۆ ورمێ و مۆکریان و هەڵاتنی هەمزە ئاغای مەنگورو هەزار خێزانی کوردی ناوچەی ئازەربایجان بۆ خاکی عوسمانی و(٦) چوونی سمکۆ بۆ سولەیمانی و شەمزینان و رەنگە سەدان نموونەی دیکەی ئەو پەیوەندییانە هەبن . ئایا ئەمانە ناتوانن کاک عەباس بێننە سەر ئەو قەناعەتەی کە هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێکی کوردستان نابرێتە ژێر تۆژینەوەی راستەقینە ئەگەر پەیوەندیی بە بەشەکانی دیکەی ئەو خاکە یەکپارچەیەوە نەدرێ؟ ئایا هەر بە هەڵکەوت بووە کە «جەیمز ریچ»ی ئینگلیز شوێنی «شەرەفنامە»ی لە بەتلیس نووسراوی لە دیوەخانی میری ئەردەڵان هەڵگرتووە؟ ئایا ئەگەر ئەو پەیوەندییە رۆشنبیرییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەردەوام بوو بێت، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە هۆی کتێب و رۆژنامەو «میدیا»یەکی پێشکەوتووترەوە بەرینتر نەبووە؟ ئایا نووسەر هەڵەی نەکردووە کاتێک مەسەلەی کوردستانی رۆژهەڵاتی لە بارودۆخی گشتیی کوردستان جیاکردۆتەوە؟

٢- نووسەر، لە مەسەلەی بەشداریکردنی کورد لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی ئێران(٧-٥-١٩٠٥)دا، چاو لە راستەقینە مێژووییەکان دەپۆشێ و بە بێ ئەوەی بەڵگەو سەرچاوەیەک بدا بەدەستەوە، دەڵێ:«... بە پێچەوانەی ئەو قسانەی دەکرێ، کوردەکان بەگشتی لە جەرەیانی شۆرشگێرانە دوورە پەرێزبوون...»(ل٢).

ئەگەر نووسەر بەڵگەیەکی بۆ قسەکانی خۆی نییە ، ئەوا «س.م.لازاریف»بە کەڵک وەرگرتن لە ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی رووسیا، کە بەشداری راستەوخۆی رووداوەکانی مەشرووتییەی ئێران بوون، دەنووسێ:«...... ئەو شۆرشەی لە کانوونی یەکەم -دیسەمبەری ١٩٠٥دا لە ئێران بەرپابوو، کارێکی گەورەی کردە سەر کوردەکان..(٧) ......لە دوارۆژیشدا، کوردەکانی ناوچەی سەڵماس و ورمێ و سابلاغ یارمەتییەکی زۆری شۆرشەکەیان دا «(٨).

٣- کاک عەباس دەڵێت:«راستی ئەوەیە کە لە سالانی ئالۆزی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێران، چ روناکبیری کورد بە بۆچوونی ناسیۆنالیستی(یەوە)، لە سیاسەت یان لە ئەدەبیات، لە کوردستان پەیدانەبوو، هێزێکی رێکوپێکی سیاسی کورد بە رێکخستنێکی مۆدێرنی سیاسیشەوە لە ئارادا نەبوو کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ناسیۆنالیستەکان کاربکات......»ل٣).

گومانم نییە نووسەر لە بەشی دووەمی بۆچوونەکانیدا خاڵی پێکاوە. من هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە کەهێزێکی رێکوپێکی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی ئەو سەردەمە بە رێکخستنێکی مۆدێرنی سیاسییەوە لە ئارادا بووبێت، بەلام لە مەر پەیدابوونی روناکبیری کورد -وەک تاقە کەس- قسەم هەیە . بۆ نموونە باسەرێکی ئەم بەڵگانە بکەین:

**ژێر دەستەیی و ئیتاعەتی بێگانە تابەکەی**
**شەرمە لە بۆ مە هێندە بژین بێ نیشان و نێو**
**هەر میللەتی لە لاوە حەقی خۆی بە دەستەوە**
**کوردێ کە سەر هەڵێنێ، دەڵێن بۆتە سەرپزێو**
**هەرچی دەبێ بلابێ، حەق هەر دەڵێ«حەسەن»**
**ئێمە لە رێی وەتەن، غەمی دەرکردن و جنێو**

میرزا حسن«سیف القضات» ١٩٤٥-١٨٨٠

ئەو کەسەی وا لە رێی وەتەندا خەمی دەرکران و جنێوی نییە، رۆشنبیرێکی کوردی موکریانی لە بنەماڵەی قازییەکانە و لە سالانی شۆرشی مەشرووتەدا ٢٦-٢٥ سالان بووە. با سەیری چەند بەڵگەی دیکە بکەین:

**لە رونەسای دەوائیر، تا بە سپوور و ئاژان**

**دەمێکە گوێ قوڵاخن بۆ ماڵ و ملکی کوردان**

میرزاعەلی صمیمی«فێروێژ»(لە ١٩١٤دا مردووە.

**حەیفە بۆ تۆ کە نەسلی کوردانی**
**حورمەتی ئاورو خاک نازانی**
**کاغەزت بێ بە تورکی دەینووسی**
**بازمانی زەبوونی ئێرانی**

محمد قانع(١٩٦٥- ١٨٩٨).

میرزا عەلی صمیمی خەڵکی سنە بووەولە سەقز ژیاوە، قانعیش باوەکوو لە شارەزوور هاتۆتە دنیا، بەڵام هەر لە شەش ساڵییەوە لە ماڵی مامی لە مەریوان پەروەردەکراوە. خۆ ئەگەر شوێنی نفووزی ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانە و کورد پەروەرانەی شاعیرو ئەدیبانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی خاکەکە هەڵبگرین، ئەوا ڕاگوێزان و ڕەنگدانەوە واتە نوسخە هەڵگیران لە شیعری شاعیرانی وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و ئەحمەد موختاری جاف لە بەیازو کەشکۆڵی فەقێ و مەلاو ڕۆشنبیری کوردی ئێراندا نیشانەی هەوڵ و تێکۆشانی ڕووناکبیری کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری بیری ناسیۆنالیستی. من خۆم کاتێ لە سەردەمی منداڵیدا ئەو شیعرانەی حاجی قادرم خوێندۆتەوە:

**کتێب و دەفتەروتاریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنووسرایە زەمانی**
**مەلاو میرو شێخ و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی**

هیچ کاتێک نەمزانیووە حاجی قادر خەڵکی گوندێکی بۆکانە یا کۆیە ! یا ئەگەر فەقێی حوجرەکانی سنەو سابلاخ بە دەنگی خۆش ئەو مناجاتەی حاجیان دەخوێندەوە:

**مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بەکوردی**
**تاکەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری**

لام وانییە بیریان لە (مسقط الراس)ی شاعیر کردبێتەوە!

نموونەی دیکە لایەلایەی شاعیری ئازەربایجانی میرزا علی اکبر صابر(هۆپ هۆپ)ەکە لە ڕێگەی شیعری اشرف الدینی ڕەشتی(نسیم شمال) و لای لایەی فارسی(میرزا ابو القاسمی لاهوتی کرماشانی)یەوە هاتۆتە نێو شیعری کوردییەوە، لایە لایەی قانع و بەتایبەتی لایە لایەکەی مامۆستا هەژاردەوری گرینگیان لە هاندان و پەروەردەکردنی ڕۆحی شۆڕشگێرانەی کوردی ئێراندا بینیووە . هۆپ هۆپ و لاهووتی شاعیرانی سەردەمی مەشرووتیەت و پێش ئەون ، پەیامەکەشیان نابێ زۆر درەنگ گەیشتبێتە کوردستان.

بۆچی باسی مەحوی شاعیر نەکەین؟ مەحوی کە بەبۆنەی کووژرانی «ناصرالدین شای قاجار»ەوە شیعری گوتووە(٩)(واتە هی سەردەمی مەشرووتەو پێش مەشرووتەی ئێران بووە)، لە چەندین شیعری خۆیدا باسی زمانی کوردی ( وەک زمانی ئەسڵ، زمانی نەتەوایەتی )خۆی دەکات و لەوەی کە کوردی بۆ فارسی بەجێبێڵێ خۆی دەترسێنێ:

کوردی زمانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بەکول
بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا(١٠)

(مەلا محمدی بالخی -مەحوی- لە ساڵی ١٩٠٦دا مردووە)

کورتی کەمەوە ، چاو پۆشینی نووسەر لەو سەرەتاو پێشەکییانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەلای کەمەوە بۆ پێکهاتنی بیری ناسیۆنالیستی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی خاکەکەخستوویانەتە بەرچاو، هەڵەیەکی گەورەیە.

٤- نووسەر دەڵێ:«لە زۆربەی ئەو کەیسانەی دا کە بەڵگەبەدەستەوەن، بەشداریی کورد-لە شۆڕشی مەشرووتەدا- دژی شۆڕشگێریی بووە...»(ل٣) بەبێ ئەوەی سەرچاوەو بەڵگەیەک بۆ بۆچوونەکەی ڕاگەیەنێ. لە پەراوێزی هەمان باسدا، ڕەخنە لە عبدالجبارمحمد جباری و دکتۆر عبدالرحمانی قاسملوو دەگرێ کە بەبێ ناساندنی سەرچاوە، باسی چالاکیی کورد لە «ئەنجومەنەکانی شۆڕش»یان کردووە»(پەراوێزی ژمارە-٥-ل١٤).

گومانم نییه کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەک کوردستانی ئەو سەردەمە تایبەتە، نەیتوانیبی بەشداریی چالاکی ئەنجومەن و بەگشتی شۆڕشی مەشرووتەخوازیی بکات. خەڵکی هیچ ناوچەو شارێکی ئێران تەنانەت «تاران و تەورێزو ڕەشت»یش یەکپارچە لەبەرەی مەشرووتەخوازیدا ڕانەوەستاون. ئەگەر تاران مەلایەکی وەک «طەبا طەبایی»ی لێ هەڵکەوتبوو، شێخ فضل الله نووریشی هەبوو کە تاسەر سێدارە، دروشمی مەشروتە وڕایەتیکردنی مەشرووتەی فرێنەدا. تەورێزی سەتار خانیش، «ڕەحیم خانی چەلیپانلوو»ی هەبوو.

کەم هێزبوونی چینی بۆرژوازی لە شارەکانی کوردستان، دەسەڵاتی زۆری ئاغاوسەرەک هۆز نفووزی بەربڵاوی ڕوحانییەتی دۆگمی سوننی، غروری «سالار الدوله»ی برای محمد علی شاه لە ناوچەکەو دەوری گرینگی شێخانی نەقشبەندی لە پشتگیریکردنی سالار، هەموو ئەو فاکتەرانەن کەکۆمەڵانی چڕی خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی مەشرووتە دوور دەخەنەوە. ئەوەش بۆ کۆمەڵگایەک کە «تارادەیەکی زۆر، کشت و کاڵی بوو.....پەیوەندی پێش سەرمایەداریی-بە سەریدا- زاڵ بوو...»(ل٣) ئاسایی دەنوێنی، بەڵام نا ئاسایی یەکلابینی و هەڵوێست گرتنی توندوتیژی نووسەر بەرانبەر بە هەموو تاقم و چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردەوارییە کە بەشداریی بزووتنەوەکەیان کردو لەم بوارەدا جگە لە چەند «استثنا» وەک تەورێز و ڕەشت و تاران لە خەڵکی هیچ ناوچەیەکی دیکەی ئێران دوانەکەوتن.

سەپاندنی حوکمی گشتیی«دژی شۆڕش» بەسەر هەموو کوردێکدا، نەک پێشێلکردنی مافی ئەو قارەمانە کوردانەیە وا شانبەشانی سەتارخان و باقر خان داکۆکییان لە دوا سەنگەری مەشرووتییەت کرد، بەڵکوو لەوە گرینگتر، لادانە لە شارێی تۆژینەوەی بێلایەنیی و زانستییانە-کارێک کە دەبوایەکاک عەباس بە هیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەنەدابایە.

با سەیرێکی سەرچاوە مێژووییەکان بکەین:

یەکەمین «ئەنجومەنی نەتەوایەتی»ئێران لە سەردەمی «استبداد صغیر»ی محمد علیشاهی و بە هیممەتی «کربلایی علی موسیو» و هەندێ ئازادیخوازیی دیکە، لە شاری تەورێز دامەزرا(کەسرەوی، ١، ١٦٧) دەوری بۆرژوازیی بازرگانی شارەکە لە پێکهاتنی ئەنجومەندا، جێی گومان نییە. دواتر، ئەنجومەنی تاران و ڕەشت و ئیسفەهان و شارەکانی دیکەش دامەزران کە وەک دەزانین، ناوەندی گەورەی بازرگانی ئێران بوون.

کوردستان(جگە لە کرماشان)، نە خاوەنی بازارێکی بەرین و توێژی دەسەڵاتداری بۆرژوازی بوو، نە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ باکوو ئەستەمول هەبوو، نە هیرارشی ڕوحانییەتی شیعە و «مجتهد»کانی نەجەف دەیتوانی بیهێنێتە هەژین و ڕاپەڕین، نە باڵوێزخانەو کۆنسوولییەتی ئینگلیزەکانی لێبوو، کە ببێ بە داڵدەو پەنای مانگرتووەکانی بازار(وەک لە تاران و تەورێز وابوو). بە پێچەوانە پەیوەندییە دواکەوتووەکانی پێش سەرمایەداری لە کوردستاندا قایم و گەلێک جێگر بوون و زنجیری ئەو پەیوەندییانە چوارپەلی کۆمەڵگاکەی بەستبووەوە.

کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ، ئاشکرایە نەیتوانیبێ یەکپارچە لە ڕیزی شۆڕشدا بووەستێ، بەڵام ئایا وەک کاک عەباس دەڵێ یەکپارچە لەبەرەی دژی شۆڕشدا وەستا؟ بابزانین:

آ-«شێخ ڕەئووفی ضیائی»لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، کاتێ دێتە سەر باسی مەشرووتە دەنووسێ:«.....لەم کاتەدا کە ساڵانی٢٦-١٢٢٥ی مانگی بوو، ئەنجومەنە ناوچەییەکان لە تەورێزو ڕەشت و سنە پێکهاتبوون، مەسەلەکە تەشەنەی کردە سەقزو هەندێ ئەنجومەن لە وێ دامەزران.ئەو ئەنجومەنانە ، دژ بە حاکمان(ی کۆن)و بە ئامانجی وەدەستگرتنی حکومەت(لە لایەن هێزی نوێووە)، بنیات

ترابوون.... ئەنجومەنی سەقز پەیوەندیی و نامە نووسینی لە گەڵ تەورێز بوو....»(ضیبائی، یادداشتی هەشتەم)

هەر لە باسی ئەنجومەنی شاری سەقزدا کاکە«عومەری فاروقی»ناوی«حاج ملک احمد التجار سقزی» وەک دیموکراتێکی مەشرووتەخواز دەبات و دەڵێ:(عبدالله خانی؟؟-) گوڵان سوهرابی (سالار) و حاج محمد شەریفی نیلوفەری و میرزا عبدالصمد قاضی زادە لە گەڵ چەند کەسی دیکەی سەقزیی، شان بە شانی سەتتارخان و باقر خان(لە تەورێز؟؟) بۆ داکۆکیکردن لە مەشرووتە جەنگیون.(فاروقی، ل٢٢-٢١) .

ب- نووسەری «تاریخ کردوکردستان»، شێخ محمد مەردۆخی کوردستانی لە باسی حکوومەتی (میرزا اسمعیل خانی ثقە الملک)دا دەنووسێ:«ئەنجومەنی -صداقت- مان پێکهێناو لە گەرمکی بەرقەڵای حکوومەتی و لە بەر دەروازەی مزگەوتی مەلا جەلال بینایەکمان بۆ کۆبوونەوەی گشتیی و تایبەتی ئەنجومەن، بەکرێ گرت. ڕۆژی ٢ی ذی القعدە ١٣٢٥، ئەنجومەن کە بەڕێوەبەرەکەی من بووم، کرایەوەو بەیاننامەیەکم بەم شێوەیە خوێندەوە....»(مەردۆخ، ٢، ٢٣٩).

من دڵنیام تەرکیبی کۆمەڵایەتی ئەندامانی ئەنجومەنی سەقزو سنە، جیاوازییەکی بەر چاوی هەبووە لەگەڵ ئەنجومەنی تەورێزو ڕەشت و تەنانەت تاران. بەڵام ئایا هەموو شارەکانی ئێران هەر ئەوەبوون کە تەورێزو ڕەشت بوون؟«کەسرەوی»لە مەر ئەنجومەنەکانی شاری «ئەردەبیل» کە بەشێک لە ئازەربایجان و لە سەر سنووری ئازەربایجانی باکووری و لە نزیک تەورێزی پێگەی شۆڕش هەڵکەوتبوو، دەنووسێ:«...لە هەموو شارەکاندا ئەنجومەن پێک دەهات. لە ئەردەبیلیش ئەو دوو مەلایە(میرزا علی اکبرو حاجی میرزا ابراهیم) دەست بەکاربوون هەر کام ئەنجومەنێکیان دروست کردو

شەڕی(حەیدەری نیعمەتی)یان دامەزراند(واتە جیاوازی فیرقەیی و ئاینییان پەرەپێدا«(کەسرەوی،١، ٤٠٠).

پ- کرماشان: ئەگەر ئەنجومەنەکانی شاری سنە و سەقز بە لاوازو کەم دەسەلات بزانین، هەڵەمان نەکردووە، بەڵام مەسەلەکە لە کرماشان بە تەواوەتی جیاواز بوو. هەڵکەوتنی کرماشان لەسەر ڕێگای نەجەف و کەربەلا، دەوری ئاینیی«شیعە» و تەقلیدکردنی خەڵک لە«مجتهد»ەکانی قوم و نەجەف، گەورەیی شارو ڕەونەقی بازارو بەهێزبوونی بۆرژوازی ناوەنجی، ئەو هۆیانەن، کە شاری کرماشان لە پەیوەندی باسەکەی ئێمەدا، گەلێک چالاکتر دەنوێنن، کەسرەوی دەنووسێ:«تەنها کەسانێک کە لە شارەکانی ئێرانەوە هاتنە یارمەتیدانی تەورێز، یار محمد خانی کرماشانی»و هاوڕێکانی بوون....یار محمد خان لەگەڵ برایەکی و دۆستێکی کە ناوی هەردووکیان«حسێن خان»بوو..... پیاوانە ڕوویان کردە تەورێزو....تا کۆتایی شەڕەکانی تەورێز لەوێ بوون و، هەمیشە ئازایی و پیاوەتییان دەنواند(٦٧٣،٢).....لێرەدا هەندێ لە ئازایانی(موجاهید) چاویان بە سەردار(سەتتار خان)کەوتبوو لە پشت سەریەوە کەوتبوونە شەر. لە وانە «یار محمد خانی کرماشانی و حەسەن کورد» هەرکامیان چوونە مەتەرێزێکەوەو بەو پەڕی گیانبازییەوە کەوتنە شەڕوبە هەموو لایەکدا بەربوونە گوللەباراندن......»(٨٥٠،٢).

کاری بەشداریکردنی کرماشانییەکان لە شۆڕشی بۆرژوایی٧-١٩٠٥دا، بە یار محمد خان کۆتایی نایەت. تەنانەت دوای ئەوەی کە ئەو پیاوە گەورەیە، بەرەی خۆی گۆڕی و پشتی لە مەشرووتە کرد، هێشتا کۆمەڵانێکی بەرینی خەڵکی شارو دەوروبەر، تەنانەت هۆزە دەسەڵاتدارەکانی وەک سەنجابی(کە پەنای لاهوتییان دابوو)، چالاکانە کەوتنە شەڕی داکۆکیکردن لە مەشرووتەو بەرەو هەمەدان و قەزوین

و تاران ڕۆیشتن.

تەنیا یەک سەرچاوەی بەردەستی من، واتە:«جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان» لە نووسینی تۆژینەری کورد«محمد علی سلطانی»١٨٨ لاپەرەی بەرگی ٣و٤ی تەرخانی ڕووداوەکانی سەردەمی مەشرووتە لە کرماشان و دەوروبەری کردووەو، دەیان بەڵگەی کۆنی خستۆتەروو ناوی سەدان خەڵکی ناوچەو شاری بردووە کە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکە، گیانیان خستۆتە بەری دەستیان. سوڵتانی باسی «میرزا صادق دولتداد، حاجی اسماعیل، ابراهیم گۆرانی، اسماعیل خانی گۆران، میرزا حسن خانی ممتعن،مهدی پهلوان رضاو، لاهوتی خان» دەکات کە لە نێوان کرماشان و تەورێزدا هات و چۆیان دەکرد(٦٤٨،٤) ئینجا دەنووسێ: ....کارەساتی«دیموکرات»و«اعتدالی» لە نێو لایەنگرانی یار محمد خان کە زیاتریان کۆمەڵانی خەڵک و کاسپ و دوکانداربوون و هەندێ پیاوانی «فەرهەنگی»کە حیزبی دیموکراتیان لە کرماشان دامەزراند لە لایەک و ئەشرافی لایەنگری فەرمانفەرما، کە«اعتدالی»بوون لە لایەکی دیکەوە، درێژەی پەیداکرد....»(٦٥٥،٤).

لە بیرمان نەچێت کە لاهوتی کرماشانی لە شیعرێکدا بە ناوی(دونیشان) باسی دوو میداڵیا دەکات کە لە تەمەنی خۆیدا وەری گرتووە: میداڵیای سەتتار خان کە بەبۆنەی بەشداریکردنی چالاکانە لە شۆڕشی مەشرووتەو جەنگەڵ، لە لایەن میرزا کوچک خانی جەنگەڵییەوە پێی دراوەو میداڵیای لینین کە (ستالین) خەڵاتی کردووە.

موشکیلەی کاری نووسەر ئەوەیە تەنیا ناوچەی موکریان بە کوردستان دەزانێ دەنا تۆژینەرێک کە بیەوێ بچێتە قوڵایی باسێکی ئەوتۆوە، نابێ بۆی کارێکی ئەستەم بێت سەرێک لەو سەرچاوانەو دەیان سەرچاوەی تر هەڵبێنێتەوەو بزانێ لە ماوەی خەباتی مەشرووتەی ئێراندا، هەر لە ئیلامەوە تا ماکۆ چ جموجوڵێک کەوتبووە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوەو چۆن لایەنگرانی هەردوو بەرەی ناتەبا، لە گۆڕەپانی کوردستاندا دژ بە یەکتر وەستابوون. با بزانین لەناوچەکانی باکوورتر چ ڕادەبرا؟:

ت- مەهاباد: نووسەری (تاریخ فرهنگ و ادب مکریان) لە باسی ژیانی میرزا فەتاحی قازیدا دەنووسێ:«خوالێخۆشبووله بەرانبەر زوڵم و زۆرداریی حاکمانی ناصرالدینشاه و مظفرالدینشاهی قاجاردا هەستایە سەرپێ خەباتی کردو داوای دامەزرانی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی و ئەسپاردنی چارەنووس(ی خەڵک) بە دەستی خەڵکی دەکرد، هەر بەو بۆنەیەوە بۆ ماوەی چەند ساڵ لە سابڵاخەوە نێردرایە تاران و شاربەدەرو زیندانی کرا»(ئەفخەمی،٢،١٦٨) تۆ بڵێی گەورەی بنەماڵەی قازی لە ناوچەی دەسەڵاتداریتی خۆیدا بە تەنیا بووبێ و کەسی لەگەڵ نەکەوتبێ؟!

ج) باکوری کوردستان: ناوچەی نێوان شنۆو ماکۆ لەباری تەرکیبی کۆمەڵایەتییەوە لە پاشماوەی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە، لێرە لە ورمێ، سەڵماس، خۆی و ماکۆ، هەموو شارو شارۆچکەکان بە دەست ئازەرییەکانەوەن و کورد بە گشتی لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنوور نیشتەجێن(ئەگەر لە رابردووی دووردا وانەبووە، لە سەردەمی جێی باسی ئێمەدا، ئەو حاڵەتە جێگر بووە). ڕووی ئەودیوی سکە، قەتیس مانەوەی دانیشتوانی کورد لە چوارچێوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی واتە دەسەڵاتداریتی بەرفراوانی خاوەن زەوی و سەرەک هۆزەکانە لە بەرانبەر ئینکیشاف و پێشکەوتنی بازارو پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان، کە تەنیا لە ناوچە ئازەری نشینەکان واتە ناوەندی شارەکاندا دەتوانرێ باسیان لێوە بکرێ.

لە سەردەمی جێی باسی ئێمەدا خاوەن مڵکی گەورەی وەک«اقبال السلطنە»ی ماکۆیی و سەرەک هۆزانی وەک محمد ئاغا و جەعفەر ئاغای شکاک،

باوک و برای سمایل ئاغای سمکۆ لەوپەڕی دەسەڵاتداریدابوون. داستانی دژایەتی اقبال السلطنە لە گەڵ مەشرووتە جێگەی مشتومڕنییە. بەڵام ئەوەی لە بۆچوونەکانی کاک عەباسدا نا دیارە، دەوری بەرەی دژ بە اقبال السلطنەو لایەنگری مەشرووتەیە:

«سێ هەزار کوردی چەکدار بە ڕێبەرایەتی «عزت الله خان»ی کورەزای، اقبال السلطنە یان لە شار(ی ماکۆ) دەرپەراند و ئاوای دیووی ڕووسیایان کرد»(ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت، وەرگیراو لە م. کاردۆخ، ٧٧،٢)(١١)کاردۆخ هەروەها لە زمانی«ی.ئۆ.فازیرۆڤ»ەوە دەنووسێ: «لە سایەی بەشداریکردنی چالاکانەی کوردانی ورمێ لە شۆڕشی مەشرووتەدا، ئیداراتی دەوڵەتیی شارەکە لە مانگی نۆڤەمبەری١٩٠٦دا، کەوتنە دەست ئەنجومەنە ناوچەییەکان کە لە نوێنەرانی هەڵبژاردەی خاڵک پێکهاتبوون»(١٢)

تۆ بڵێی ئەو چەند نموونەیە، نەبنە هۆی ئەوەی کاک عەباس چاوێکی دیکە بە بۆچونەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە.

٥)نووسەر دەڵێ:«....سەرچاوەی ئاگادار سەبارەت بە بناخەی سیاسی و قەوارەی داوودەزگای میرنشینەکوردەکان لە کوردستانی ئێران زۆر کەمن «(پەراوێزی١١،ل١٦):

ئەو قسەیە ئەگەر بێگانەیەکی کوردی و فارسی نەزان بیکردایە، واهەبوو لێی وەربگیرێ، بەڵام لە کاک عەباس چاوەڕوان ناکرێ چاوی لەو هەموو سەرچاوەیە قووچاندبێت کە نەک هەر ئێستا لە ناوخۆی وڵات بەڵکوو زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت لە کتێبخانەی مەدرسەی موتالەعاتی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا(سواس)ی شاری لەندەنیش وەگیر دەکەون:

– تاریخ اردلان، ماهشەرەف خانم مەستوورەی کوردستانی

– تاریخ اردلان، خوسرەو کوڕی محمد کوڕی مەنوچیهری ئەردەڵانی

– زبده التواریخ سنندجی، مەلا محمد شەریفی قازی ئەردەڵانی

– حدیقه ناصریه، میرزا علی اکبر وقایع نیگار

– شرح نسب اردلان، میرزا علی اکبر وقایع نگار

– سیر الاکراد، عبدالقادر بن روستەمی بابایی

– تحفه ناصریه، میرزا شکرالله سنندجی(فخر الکتاب)

– تاریخ کردوکردستان، شێخ محمد مردوخ کردستانی

– ذەیلی شەرەفنامە، مەلا ابراهیم ئەردەڵانی

– شەرەفنامە، شرف الدینی بەتلیسی

لە مەر میرنشینی مۆکریش، جگە لە شەرەفنامە، ذەیلی میرزا مەحموودی بانەیی و ذەیلی میرزا سمایلی کوڕی مەلا عەلی شیوەزوریمان لە بەر دەستدایە. ئاشکرایە زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانە، سەردەمی مەشرووتەی ئێران ناگرنەوە، بەڵام هەموویان ئەو(سەرچاوە ئاگادار)ەن کە نووسەر دەڵێ«سەبارەت بە بناخەی سیاسی و قەوارەی داوودەزگای میرنشینە کوردەکان لە کوردستانی ئێران زۆر کەمن، بەڵام دەبینین لە بەراورد لە گەڵ مێژووی گەلێک میرنشینی کوردو تەنانەت غەیرە کوردی ناوچەکەشدا ، کەم نین!

٦) سەبارەت بەسمکۆ، من بە گشتی بۆچوونەکانی نووسەر دەسەلمێنم چ ئەوەی دەنووسی: «بناخەی کۆمەلایەتی، ڕێکخراوی سیاسی و سەرۆکایەتی بزووتنەوەی سمکۆ، بە شێوەی سەرەکی ، عەشیرەتی بوو...»(ل٧)، چ ئەو شوێنەی کە دەڵێ: «سەرۆکایەتی عەشیرەتی و بەتایبەتی سمکۆ بۆ خۆی، بیرۆکەی ناسیۆنالیستانەی کوردستانی سەربەخۆو یەکگرتوویان قەبوول کردبوو»(ل٧ بە هەندێ ئاڵوگۆڕی تەرجەمەوە).

به بروای من سمکۆو بزووتنەوەکەی لە ناوچەی پڕ ڕووداوی کوردستان و ئازەربایجانی سالانی شەرو دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بە بوونی ئێران و

تورکیاو عێراقی تازە سەری هەڵداو غرووری سیاسی و نیزامی رووس(پاشان سۆڤیەت)و ئینگلیزو تەنانەت ئاڵمان، لە توانایدا نەبوو کورد بگەیەنێتە ئاواتی لە مێژینەی سەربەخۆیی.هێزی جەهەننەمیی رەزاشا لە پەرەسەندندابوو نەک هەر پشتیوانە ئینگلیزییەکانی سەقامی حکوومەتەکەیان بۆ ڕادەگرت، بەڵکوو سیاسەتی ساویلکانەی دەوڵەتی ساوای سۆڤیەتیش لە روخساری پەهلەویدا، ناسیۆنالیستێکی سەربەخۆی دەدی و پۆتانسییەلی دوورکەوتنەوە لە ئیمپریالیستەکان و دابینکردنی بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تێدا بەدی دەکرد.

رەزا شا بە پێچەوانە، جگە لە پەرەپێدانی دەستەڵاتی شەخسی و داسەپاندنی ملهورایەتیی خۆی بەسەر خەڵکی هەژارو نزیکبوونەوەی لە ئەتاتورک و شۆڤینیستەکانی ئاڵمان نیشانەیەکی دیکەی لەخۆی نیشان نەدا!

هێزەکانی دژ بە رژێمی رەزاشایی، و«جەنگەڵییەکان»لەباکوورو لوڕو قەشقاڵیی و«شێخ غەزعەل»لە باشوور، هیچ کام ئاوڕی خێریان لە سمکۆ نەدایەوەو تەنانەت جەندرمەکانی «لاهوتی کرماشانی»لە شەڕە ڤڤانەی بن گوێی«چەهریق»کە دواتر هەڵیان کوتایە سەر شاری تەورێزو(مخبر السلطنه)یان گرت، نەک هەر دەستی یارمەتییان بۆ سمکۆ درێژ نەکرد، بەڵکوو زۆربەی ئەو هێزە عەسکەرییەیان بۆ حکوومەتی رەزاشا پێکهێنا کە دەنێردرانە شەڕی سمکۆ(بۆ نموونە مەلیک زادەو ئەو٢٠٠جەندرمەیەی وا سمکۆ لە مەهاباد تاقی لێبڕین، لەو پێگەیەوە هاتبوون).

سەمەرە ئەوەیە لاهووتی کوردی کۆمۆنیست، بە هاوکاریکردنی بەکرێگیراوێکی وەک «خالۆ قوربان»ی هەرسینی و چەکدارەکانی بۆ دامەزراندنی «حکوومەتی سوور»و«شۆڕشی کورت»ی تەورێز رازی دەبوو، بەڵام نەک هاوسەنگەریی سمکۆی دژ بە(مخبر السلطنه)و رەزاشا نەدەکرد، بەڵکوو براکەی خۆی دەناردە شەڕی کوردو لە وێدا بە کوشتی دەدا!

بەبڕوای من، بە هۆی دۆستایەتی گەلێک نزیک لەگەڵ میرزا کوچک خانو احسان الله خانی بزووتنەوەی جەنگەڵ و دۆستبوون لە گەڵ خالۆ قوربان و نزیکبوون لە پاشماوەکانی بزووتنەوەی«خیابانی»لە ئازەربایجان، کە تەنیا ساڵێک پێشتر لە لایەن(مخبر السلطنه)وە تێکشکابوو، هەروەها پلەی بەرزی خۆی لەناو جەندرمەکانی شەڕەڤڤانەدا، لاهووتی تەنیا کەسێک بوو کە دەیتوانی ئاڵقەی لێک دابڕاوی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری رژێمی رەزا شایی بە یەکەوە ببەستێتەوەو پایەی هێشتا سەقامگیرنەبووی حوکمەکە شلکاتەوە.

یەکنەگرتنی هێزەکانی دژ بە رەزاشاو بە تایبەت دژایەتی لاهووتی لە گەڵ بزووتنەوەی سمکۆ، چۆکی بە هەموونەو ڕاپەرینە جیاجیانەداداو دەورێکی بالای لە پتەوبوونی پایەی حکوومەتی پەهلەویدا بینی. ئەو تاوانەش نەک هەر لەسەر سپردەبوونی لاهووتی بە ئاواتەکانی ئەو سەردەمەی کۆمۆنیستەکانەوەسەری هەڵداوە، بەڵکوو بە نیشارەی راستەوخۆی سۆڤیەت هاتۆتە ئەنجام، گەرچی من بەڵگەیەکم بۆی نییە.

نیازم لە ئاماژەکردن بەو رووداوە مێژووییانە ئەوەیە بڵێم کاری کاک عەباس لەمەر تۆژینەوەی راستەقینە لە بزووتنەوەی سمکۆ دەبێ چەند بەرین و هەمەلایەنی بێت، کارەکە تەنیا بە چەند حوکمی گشتی وەک ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە، فیۆدالی یان عەشیرەتی بووە، تەواو نابێت. نە چوونە قووڵایی باسەکەو سەروبەری مەسەلە، بە چەند شتی گشتی پێکەوەهێنان دەبێتە هۆی ناتەواویی کارەکەو سەرهەڵدانی هەڵەی وەک دانانی دکتۆر ئەحمەدی تورجانی زادەلە جیاتی مەلا محەممەدی براگەورەی، بەسەر نووسەری رۆژنامەی رۆژی کورد(کە کاک حەسەن دەستنیشانی کردووە-ل١٨-).

پەیوەندییەکانی سمکۆ لەگەڵ رووس و عوسمانی(کێشەی کوردی لازارێڤ)، دەست

بەسەربوون لە شاری تفلیس، سەردانی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی، پەیوەندیی گرتن لەگەڵ شێخ طە(وەک نیشانەی رووکردنە ئینگلیس)، هاوکاریکردنی عبدالرزاق بدرخان لە دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانەی شێوە ئەورووپیی کورد لە شاری خۆی(١٣)و وتووێژی رۆژنامەگەریی مصطفی پاشای یاموڵکی لەگەڵ سمکۆ(١٤) و هەوڵی بێ ئەنجامی کوچک خانی جەنگەڵیی بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ سمکۆ(١٥)و دەیان رووداوو سەدان بەڵگەی تر هەن کە نووسەرێکی بەرپرسی ئەمرۆ ئەگەر بیەوێ لە سمکۆ بدوێ، پێویستە سەریان لێ هەڵێنێتەوە، دەنا دووپاتکردنەوەی ئەو حوکمە گشتی و ناتەواوانە، نە بۆشایی گەورەی مەیدانی کارەکە پڕ دەکاتەوە، نەبۆ تۆژینەرەکەی دەبێتە کارێکی جدی.

لە کۆتاییدا، باش وایە باسێکی تەرجەمە کوردییەکەی کاک حەسەنی قازی بکەم:

کاک حەسەن لەم ساڵانەی دواییدا نیشانی داوە لە بواری وەرگێرانیشدا وەک مەیدانی نووسین، قەڵەمێکی بە پیتی هەیەو ئەو دەقە تایبەت و هەڵبژاردانەی ئەو وەرگێراونەتە سەر زمانی کوردی، شتێکی ئەوتۆنەبوون کە هەموو وەرگێرێک بوێرێ خۆی لە قەرەبدات. پەخشانی قورس و پسپۆرانەی کاک عەباسیش وەرگێرێکی وردو ئاشنا بە مەسەلەکەی پێویست بوو، بە بروای من کاک حەسەن ئەو کەسەیە. هەندێ تێبینی بچوکم لەسەر تەرجەمەکە هەیە کە ئاماژەیەکی سەرپێییان پێدەکەم:

* عیبارەتی Persian Nationalism (لاپەرە٣ی دەقی ئینگلیسی) بە (ناسیۆنالیسمی فارس) تەرجەمەکراوە(ل١ی کوردی)، کە بە گوێرەی باسی نووسەرلەو شوێنەو واتای دوولایەنی وشەی persian (کە دەتوانێ فارسی و ئێرانی واتا بکرێتەوە)، لێرەدا نیاز «ناسیۆنالیزمی ئێرانی»یە و پێویستە هەروا تەرجەمەبکرێتەوە.

* فڕێدانی وشەی بێگانەی عەرەبی و فارسی و خاوێنکردنەوەی زمانی کوردی، ئەرکێکی پیرۆزەو رێزی لێدەگیرێ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ وشەو عیبارەتی جێکەوتووی عەرەبی یان فارسی وەلانێین و وشەیەکی بێگانەی ئینگلیزی(بەگشتی ئەورووپی) لە جێ دانێین، وێناچێ خزمەتێکی گەورەمان بە زمانی کوردی کردبێ، لە کاتێکدا دەیان وشەو عیبارەتی عەرەبی(حاکمییەت، هەوێت، حەقانییەت، حوکمی دەستووری، جەرەیان، مالییات، نەزم و...) یان فارسی(ئامۆزش، ئەنگیزە، کوندکردن و ....) لە توێی نامیلکەکەدا دەبینرێن، هێنانی (کۆنسێپت)لە جیاتی (مەفهووم)و(کەیس) لەجیاتی(حاڵەت) یا کەڵک وەرگرتن لە هەندێ مەفهوومی وەک ئێتنووس، ئێتنسیتەکان و ئێتیکیەکان(لە لاپەرەی جیاجیادا)، نائاسایی دەنوێنێ.

* دانانی هەندێ وشەی کوردی نائاشنا لە جیاتی وشەی جێگرتووی کوردیی دیکەش لە پەیوەندیی کاری کاک حەسەندا جێی باسە، لە کاتێکدا Violationی ئینگلیزی بە «دەستدرێژی»واتا دەکرا بکرێتەوە(بازۆریش پڕ بە پێست نەبێت)، واتاکردنەوەی بە عیبارەتی دوورودرێژی(پێشێلکردن و سەرسەرەپێن)(ل٩)لەوە ناچێ زۆربەجێ و رێبێت. هەمان حوکم بۆ وشەیConspiracy هەیە کەبە(دۆلاب و کاکە براله)(ل١٧)واتاکراوەتەوەو دەکرا(پیلان) بێت. یانInscribe(ی ل٣) دەکرا لە جیاتی ئاستەکران(ل٢ی کوردی)، مۆرکران یاخود(بەدەفتەرگەیاندن) واتا بکرێتەوەو....

* ماوەی چەند ساڵێکە لە گۆڤاری (سروە)ی چاپی ورمێدا سیاسەتێک بەرێوەدەچێ، کە بەرێوبەرەکانی دەیانەوێ وشەو دەنگ و بە گشتی زاراوەی موکریانی و بە تایبەت (مەهابادی) لە جیاتی سیستەمە دامەزراوە پەسەندکراوەکەی ئێستا دابنێن. ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی ئاڵۆزی لە پاشماوەی ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و ئەدیب و نووسەرانی شارو مەڵبەندەکانی دیکە بە توندی لە بەرانبەریدا وەستاون. ئەم بەربەرەکانییە بەداخەوە بۆتە هۆی دووبەرەکیی و

ناتەباییەکی زۆری نێوان باکوورو باشووری ناوچەکەو دووکەڵی چۆتە چاوی خوێنەرانی (سروە)و (ئاوێنە) وەک شوێنی ئەزموونی دوو بۆچوونی جیاوازەوە.کارێکی ئەوتۆ لە هەلومەرجی ئێران وئەو ئیجازە بەربەستکراوەسنووردارەدا کە بۆ دەرکردنی چاپەمەنی کوردی دراوە، بارودۆخێکی ناحەزی خولقاندووە کە جگە لە دوژمنان، هیچ کەسێک سوودی لێ نابینێ و جێی خۆیەتی ئەگەر (کاک ئەحمەدی قازی) پێش لەو پاشاگەردانییە بگرێ و لە پێناو بەرژەوەندیی فەرهەنگی کوردیدا دەست لە بەرۆکی ئەو ناوچەگەرییە بەردات.

مخابن هەمان سیاسەت لەکاری تەرجەمەو نووسینی کاک حەسەنی قازیشدا خۆی دەنوێنێ. دانانی پێشگری(دە) لە جیاتی(لە) وەک (دەکارکردن)، نووسینی(وی) لە جیاتی(ئەو) و (ئی) لەجیاتی(هی)، یا وشەو زاراوەی وەک: پێشەوەچوو، لەسەرەوەڕا، دەکارکردن و....هتد چەند خاڵی نووسراوەی کاک حەسەن، کە دەکرێ دیاردەیان پێبکرێ.

راستە بۆ زمانێکی سەقامگیرو پتەوی وەک ئینگلیزی یان عەرەبی، کەڵک وەرگرتنی ئەوتۆ لە زاراوە ناوچەییەکان، دەبێتە هۆی خەنی بوون و دەوڵەمەندیی زیاتری زمانی رەسمی، بەڵام لە هەلومەرجی زمانی کوردی و دابەشبوونی خاکی کوردا، هەر هەنگاوێک لە پێناو جێگرکردنی زیاتری زمانی رەسمی، کارێکی پیرۆزو هەوڵدان بۆ لاوازکردنی زمانە رەسمییەکەو دەمارگیریی ناوچەیی لەژێر هەر ناوێکدا بێت نادروستە. زمانی رەسمی کوردیی ئەگەر بە چوار وشەی ناوچەیی موکریان دەوڵەمەندبێت، لە پاشاگەردانی و ناوچەگەرایەتی زیانێکی زیاتر دەبینێت. بە هیوای ئەوەی کاک حەسەن و دڵسۆزانی دیکەی گەلەکەمان هەست بەو مەترسییە ، هەروەها بە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆیان بکەن.

**یادداشتی کۆتایی:**

ماوەیەک دوای نووسرانی ئەم وتارە، چاوم بە کتێبی تازەی مامۆستا محمد رسول هاوار ( سمکۆ...) کەوت. لێرەدا، مامۆستا بە کەڵک وەرگرتن لە چەند سەرچاوە، باسی دامەزرانی ئەنجومەنەکانی( داکۆکی لە مەشروطیەت)لە شارە کوردنشینەکان کردووەو لە زمان شەهید قاسملووەوە هەواڵی دامەزرانی ئەنجومەن لە مەهاباد، سنە، سەقزو کرماشانی داوە( عبدالرحمان قاسملو«کوردستان و کورد» دەقی عەرەبی، ل٥٥) ئینجا لیستەی ناوی شارەکانی بە یارمەتی وەرگرتن لە کتێبی دوکتۆر کەمال مەزهەر بەم شێوەیە تەواو کردوە: کرماشان، مەهاباد، سنە، سەقزو بۆکان ( بەڵگەنامەیەکی ئارشیوی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا (١٩٠٧)، وەرگیراو لە: د. کەمال مەزهەر«دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر» ، ١٩٨٥ل٢٤١). پەسەندێکی لیستەکەشی لە دوکتۆر عەزیزی شەمزینی وەرگرتوە: کرماشان، مەهابادو سەقز( د. عەزیز شەمزینی، « جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان»، دەقی کوردی، ١٩٨٧، ل٦٤) . لە زمان «لازاریف» یشەوە، چەند شاری ناوبردەکردوە: ورمێ، سابڵاخ و سەلماس( لازاریف، کوردستان و کێشەی کورد، ١٩٦٤، مۆسکۆ).

مامۆستا ، بۆ ناساندنی کەسایەتی میرزا فەتاحی قاضی ( قاضی فەتاح) وەک بناغەدانەری ئەنجومەنی مەهاباد و خەباتگێری گەورەی ناوچەکە دژ بە استبدادو سەرەڕۆیی، کەڵکی لە کتێبی «ئاترۆپاتێن»ی خوالێخۆش بوو «حوزنی موکریانی» وەرگرتوەو لە زمان ئەوەوە، برا بچووکی باپیری قازی محمد بە «پاڵەوانی موکریان» ناو دەبات.( حسێن حوزنی موکریانی، « ئاترۆپاتێن»، بوشی سێیەم، رەواندز،؟).

بۆ هەموو ئەو باسانە بڕوانە:

محمد رسول هاوار، « سمکۆ ( ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئاپێک، سوێد، ١٩٩٥ لل١٩٤ تا ١٩٧

ئاگۆستی ١٩٩٥

## پەراوێزەکان:

1-( The Politics of the Shatelass Nations, the Kurds in the Modern Middle East)Abbas Vali , The Genesis and Structure of Kurdish Nationalism inIran , Dept. of Politics University of Wales , Swansea,UK , 1994.

پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، نووسینی عەباسی وەلی، وەرگێران لە ئینگلیسییەوە بۆ کوردی خوارەوو: حەسەنی قازی زوویەی ١٩٩٥، سوید.

2- Mehrdad R . Izadi , The Kurds -a Concise Hand book .

من ئەو خالانەم لە دەستنووسی نرخاندنێکی کاک حەسەنی قازی(بەندی٧و٢٩ل٨و٢٤) وەرگرتووە کە بە کوردی لسەر کتێبەکەی نووسیوە.

٣- میرزا شکراللەسنندجی(فخر الکتاب)، تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، مقدمەو تصحیح دکتر حشمت الله طبیبی، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٦شمسی، مقدمه(صفحه بیست ودوو).

٤- هێمن، تاریک و روون، سەرەتا، ل١١-١٠.

٥- (دوور لە چاوی چەتە-کوردی-م دیتا لێرە دەسخوێندەوە، خۆم راهێنا). هەژار، بۆ کوردستان، شیعری(بەرەو موکریان).

٦- بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، باشکۆی بەڵگەی ژمارە:- Fo. 248 / ١٨٨١ .21ی مانگی جوون 376/xc 2572

٧- ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی چارەکان- بەشی (خوانەکەی ئێران)١٩٠٧، باسی ٦٥٢ ل. ٢٤ وەرگیراوله:

م.س.لازاریف، کێشەی کورد(١٨٩٦-١٩١٧)بەشی یەکەم، دکتۆر کاوس قەفتان لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی، بەغدا١٩٨٩، فەسڵی چوارەم، ل.١٩١.

٨- هەمان سەرچاوە، باسی ٦٦٢,ل٢١، وەرگیراو لە م.س.لازاریف، هەمان شوێن هەمان لاپەرە.

٩- ئەهلی عیبرەت ماوە کەر، بۆ سەیری‌ناصرشاهکات

دوو لە دووسێ کەم شەهیی کردوەکش‌ێکی رێ ئەهات

هاتی وا سەیری ئەهاتی کەن، کە سەر تێیان سوار

پاسەوانی بوون، لەناو بەستا، پیادێ کردی مات.

دیوانی مەحوی، چاپکردنەوەی دووبارەی(انتشارات صلاح الدین ایوبی) ورمێ١٢٦٧ل.٢٢٨

١٠- یان ئەو شیعرە فارسییەی کە دەڵێ:

فخر هرکس به زبان خویش است ای محوی

فارسی را که تو بگزیده‌ای بر کردی، حیف !

هەمان سەرچاوە ل.٥١١ .

١١- ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت، بەشی فارسی، بەڵگەی٦٥٢ل٢٤، ٢٣٣، ١٤-٤-١٩٠٧ وەرگیراوله:م.کاردوخ، جنبش کردها از دیر تا کنون، بەرگی٢، ١٩٩٣سوید(؟) ل٧٧ .

١٢- سەرەتای کتێبی (کوردان) نووسراوی باسیل نیکیتین، مۆسکۆ ١٩٦٤ ل.١٠، وەرگیراو لە م. کاردوخ ، ل٧٧ .

١٣- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە سالانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥ل٣٨ .

١٤- بەڵگەنامەی ژمارە(------) وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا. بۆ تەرجەمەی کوردی بەڵگەنامەکە، بڕوانە: د. شێرکۆ فەتحوڵا. کوردو دۆکۆمێنتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، مانگانەی(مەڵبەند)لەندەن ژمارە(٥٥تا٥٧) جەنیوەری تا مارسی ١٩٩٥ل٨و٩ .

١٥- عەلی حەسەنیانی(هاوار)، شاری وێران، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ورمێ ١٢٦٤، بەشی نامەیەکی مێژوویی ل٣٦-٢٣ .

١٦- بۆ نووسینی ئەم یادداشتە، لەهەندێ سەرچاوە کەڵک وەرگیراوە کە گرینگترینیان بریتین لە:

× شیخ رئوف ضیائی، یادداشتهائی از کردستان، به اهتمام عمر فاروقی، مرکز نشر فرهنگ وادبیات کردی، ارومیه١٣٦٧ شمسی، یادداشت هشتم.

× احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران،ج١و٢، امیر کبیر ،تهران، ١٣٦٣

× ایت الله شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کرد وکردستان بتوابع، ج١و٢، چاپ٣(؟) ١٣٥١شمسی(؟).

× عمر فاروقی، تاریخ فرهنگ و هنر سقز، انتشارات محمدی، سقز(؟).

× ابراهیم افخمی، تاریخ فرهنگ وهنر مکریان، جلد دوم مهاباد وسردشت واشنویه، ٧٢(١٣)شمسی، انتشارات محمدی، سقز

× دوکتۆر عبدالرحمان قاسملو، کردستان وکورد، وەرگێرعبدالله حسن زادە، ١٩٧٣.

× محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی تاریخ مفصل کرمانشاهان، ج٣و٤، نشر سها، ١٤٧٤ شمسی، تهران .

× بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ج٢، سروش، تهران، ١٣

# شاعیرو دەسەڵات

**ئەو کەسەی ئازادی لە خوێنیدا نەبێت، ئەو کەسەی نەزانێت**
**ئازادی چییە، ئەوا قەت ناتوانێت ئازادی بەدەست بهێنێت]**

کورت توخۆلسکی Kurt Tucholcky لە نامەیەکدا کە چەند ڕۆژێک پێش خۆکوشتنی نووسیویەتی.

کامەران محەمەد

شیعرو دەسەڵاتی سیاسی دوو شتی نەک هەر لێک جیاوازن، بەڵکو ناتەباو پێک ناکۆکیشن، چونکە دەسەڵات مرۆڤ کۆنترۆل و دەستەمۆ ئەکات و لە چوارچێوەیەکی پرۆگرامکراودا ئەیهێڵێتەوە، خەیاڵ و داهێنان و فانتازیای تەنگەبەرو هەژار ئەکات. کەچی شیعر ئەخوازێت ئەوپەری ئازادی ڕۆحی و توانای فانتازیاو خەیاڵی بەربڵاو بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێت.

پەیوەندی نێوان شیعرو دەسەڵات [دەسەڵات بە مانا سیاسییەکەی، نەک بەو مانایەی کە زانیاری، وەک فۆکۆ ئەڵێت، خۆی دەسەڵاتێکە] لە ناو کورددا ڕیشەو مێژووی نییە. ئێمە بە پێچەوانەی عەرەب وفارس شاعیرمان نەبووە کە وەک شاعیری دەرباری میرێک، یان شاعیری تایبەت بە دەسەڵاتێکی سیاسیی ناسرابێت. ئەم دیاردەیە لەناو کورددا تەواو نوێیەو،

لە گەڵ پەیدابوونی شێوە دەسەڵاتی چەکداری کورد، کە دەسەڵاتێکی دواکەوتوو خێڵەکی زەبرپەرستە، دەرکەوتووە.

لە ماوەی ٣٥ ساڵی خەباتی چەکداریدا، هێزە جاجیاکانی کورد «دەسەڵاتێکی گەڕۆکیان» لە کوردستاندا بووە، کە ڕەوایی خۆی لە خەبات دژی دەوڵەتی بەغدا وەرگرتووەو، کردارو ڕەفتارەکانیشی بە ناوی شۆڕش و بەرژەوەندیی گەلەوە پاکانەیان بۆ کراون. ئەم دەسەڵاتە، کە پایتەختەکەی گوندو، یاساکەشی چەک بووە، شەوانە یان لە کاتی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەند، یان لە کاتی مفاوەزاتدا، کۆنترۆڵی گەلێک لە شارەکانیشی کردووە. لە کاتی هەرەس و ئاشبەتاڵیشدا بارگەی خۆی پێچاوەتەوەو، ڕووی لە ئێران و سوریاو ئەوروپا کردووە. ئەم دەسەڵاتە ئەگەرچی گەڕۆک بووە، بەڵام شێوەکانی دەسەڵاتی، بەتایبەتی توانای تۆقاندن، ئیفراکردن، هەروا توانای ئابووری و ئیعلامی، تێدا بەرجەستە بووە. بەڵام ئەم دەسەڵاتە ڕوخێنەر بووە نەک بیناکەر، وەرگرو تاڵانکەر بووە نەک بدەر، لە زۆربەی کاتدا وەک زەرو پەرەزێت لەسەر جەستەی کورد ژیاوە، زۆر جاریش دەوڵەتێکی داگیرکەر یارمەتی داوە، کە قەت بێمەرج نەبووە. هەروا ئەم دەسەڵاتە خەتەرناکترین شێوەی دەسەڵات بووە، چونکە هیچ یاسایەکی نەناسیوە. ئیرادەو بڕیاری فەرماندە «فەرماندەی گشتی، فەرماندەی عەسکەری فەرماندەی لق و هەرێم و...» تاکە یاسابوون. هەروا ئەم دەسەڵاتە هیچ چەپەرێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەخلاقی نەیان توانیوە پێشی پێ بگرن. بۆیە ئەو تاوانانەی کەپێشمەرگە و کادیرانی ئەم دەسەڵاتە، لە ماوەی خەباتی چەکداریدا، بەرامبەر خەڵکی کورد کردوویانە، ئەوەندە زۆرن، کە لە مێژووی هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیدا وێنەیان نییە.

ئەم دەسەڵاتە گەڕۆکە گوندییە- شاخییە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە شاردا نیشتەجێ بوو، بێ ئەوەی شەقڵی شار وەربگرێت.هەر بەهەمان هەڵپەی شڕەخۆرانەی خۆی کەوتە تاڵانی کوردستان و ئاوەدیوکردنی سامانی ئابووریی کورد. ئێستاش مانگانە داهاتی کوردستان زەوت دەکات و، تەنانەت ئامادە نیە موچەی کارمەندانیش بدات، لە کاتێکدا

هێزێکی وەک پارتی مانگانە بە دەیان ملیۆن دۆلار لە گومرگ، کە پارەی خەڵکی کوردستانە، دەدزێت و، زۆربەی ڕەوانەی بانقەکانی ئەوروپا دەکات.

ئەم دەسەڵاتە بێ پرینسیپ و بەلەسەیە تائێستا هەر بە مێتۆدو عەقڵییەتی شاخ کۆنترۆڵی شار ئەکات، کە ئەمە هەر خۆی لە خۆیدا تێکشکانێکە بۆ پێشکەوتن، هەروا وەک هەر دەسەڵاتێکی بەلەسە و ملنەدەر مەحاڵە بە ویستی خۆی مل بۆ یاساو کۆنترۆڵ بدات. ئایا ڕێکەوتە کە پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی یاسای ئەساسی بۆ کوردستان بڕیار بدات؟!

پێموایە شیعری دەسەڵات بەرهەمی ئەم دەسەڵاتە چەکدارییە بەلەسەیە بووە. لە سێبەری ئەم دەسەڵاتەدا دروست بووەو بە باشترین شێوە ویستوویەتی پاکانەی بۆ بکات و تەماهی لەگەڵدا بکات. ئەمیش هەموو کارو ڕەفتارێکی دەسەڵاتەکەی بە ڕەوا زانیوە. مەگەر شۆڕش لە پێناوی گەلدا نەبووە؟! مەگەر ئەم دەسەڵاتە شاخییە بۆ داکۆکی لە کوردو، لە دژی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی عێراق نەبووە؟ بۆیە هەر شتێکی ویستووە، هەر لە تیرۆرو ستەم و شەڕی نێوخۆوە تا بوونە داردەستی ئەم یان ئەو دەوڵەتی داگیرکەر، کردوویەتی بێ ئەوەی لە هیچ شتێک بسڵەمێتەوە. ئەم تیرۆرو گەمەکرنە بە مافی مرۆڤ و سڵنەکردنەوە لە پیاوکوشتن، کە ئەمڕۆ باشووری کوردستانی تەنیوەتەوە، ڕەنگدانەوەی کولتووری بەعس و، پێش ئەمیش بەرهەمی ئەم کولتووری دەسەڵاتە ملنەدەریە کە ٢٥ ساڵ خەباتی چەکداری هێناویەتییە بەرهەم.

ڕەنگە شیعرەکانی کاک شێرکۆ بێکەس نموونەی بەرچاوی شیعری دەسەڵات بن و، بکرێت بە خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی کورد و نێوان شاعیری کورد دابندرێن.

مێژووی شیعری کوردی تاکە شاعیرێکمان پێشان نادات، کە وەک شێرکۆ پەیوەندیی بە دەسەڵاتدارانی کوردەوە بووبێت، یان وەک ئەم بەشی هەرەگەورەی شیعری خۆی، بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی تەرخان کردبێت.

شاعیرانی پێشووی کورد، زۆر جار لەگەڵ دەسەڵاتی میرنشینەکاندا لە کێشەو ناکۆکیدا بوون، بۆ نموونە خانی مەزن میرە کوردەکانی بە بەرپرساری ئەو چارەنووسە ڕەشە ئەزانی کە کورد تێی کەوتبوو. ئاوارەبوونی نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کە لە ئەستەمبوول و شام سەریان نایەوە، لە ستەم و گەوجێتی میرەکانی بابان بە دوور نەبوو.

بۆ شێرکۆ بێکەس، کە یەکێکە لە میراتگرەکانی نەریتی شیعری کوردی، بەم جۆرەی ئەوان ڕەفتار ناکات؟!

من کە باوەڕم بە ئازادی مرۆڤ هەیە ڕێگە بە خۆم نادەم لۆمەی شێرکۆ بکەم کە بۆچی حیزبایەتی ئەکات. ئەو بەر لەوەی شاعیر بێت مرۆڤەو، ئازادە هەر ڕێگەیەکی سیاسی هەڵئەبژێرێت. بەڵام کاتێک مرۆڤێک هەمیشەو، لە سەردەمی جۆربەجۆردا، تەنیا ڕوو لەو جۆرە حیزبە بکات کە لە کوردستاندا دەسەڵاتدارە، ئەوا ئەم ڕەفتارە، نەک شاعیرێک، ئەگەر کەسێکی ئاسایی بیکات، شوێنی پرسارە. خوێنەر ناهەقی نابێت ئەگەر بپرسێت: ئایا ئەم شاعیرەمان لە قەناعەتەوە ئەم حیزب و ئەو حیزب ئەکات و هەر جارە بۆ یەکێکیان شیعر ئەنووسێت؟

ئەم پرسیارە ڕەواتر ئەبێت ئەگەر لە ڕێگەی خۆدی شیعرەکانی کاک شێرکۆوە، کە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەن، سەرنجێکی پەیوەندی سیاسیی کاک شێرکۆ لەگەڵ ئەو حیزبە کوردییانە بدەین کە لە کوردستاندا دەسەڵاتیان هەبووە. لە ماوەی زیاتر لە سیی ساڵی ڕابردوودا، کە خەباتی چەکداری لە کوردستانی عێراقدا درێژەی هەیە، سێ هێزو حیزبی سیاسی لە کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی، دەسەڵاتیان بووە. بۆچی کاک شێرکۆ بە نۆرە خۆی داوەتە پاڵ ئەم حیزبانە؟ بۆچی تاکە شاعیری کورد بووە کە بە دەیان لاپەرە شیعری لە

مەدحی هەر یەکێک لەوان و، هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ئەو حیزبانە نووسیوە؟ بۆ لە هەر قۆناخێکدا لەگەڵ هەر حیزبێک بووبێت تەنیا هەر شەهیدانی ئەو حیزبەی بە شایەنی ئەوە زانیوە کە شیعریان بۆ بنووسێت؟ بۆمن لەمانەش گرینگتر ئەو پرسیارەیە کە: بۆچی کاک شێرکۆ قەت بیری لەوە نەکردۆتەوە کە هەندێ لەو کەسانە، با شەهیدی ئەم یان ئەوحیزبی ئەوبن، یان تەنانەت شەهیدی وڵاتیش بن، بەڵام ئەمانە ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵکیان، تەنیا لەبەر جیاوازی بیروڕاو بۆچوونی سیاسیی، کوشتووە؟«٢» کە ئەمە بۆ هەر شاعیرێک و هونەرمەندێک مەسەلەیەکی ویژدانی و ئەخلاقیی یەکجار گرنگە.

ئایا مرۆڤێک کە ئەمڕۆ خەڵک لەسەر جیاوازی بیرو باوەڕ ئەکوژێت و، سبەینێ خۆی لە پێناوی حیزبەکەیدا ئەکوژرێت، ئایا ئەم بەکووشتچوونەی، یان بابڵێین شەهیدبوونەی لەم تاوانی پیاوکوشتنە پاکی ئەکاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەران جێ ئەهێڵم، بەڵام هەڵوێستێکی شاعیری گەورەی فارس ئەحمەدی شاملوو لەم بارەیەوە باس ئەکەم:

ڕووداوی دادگاییکردنی خوسرەوی ڕۆزبێ لە لایەن ڕژێمی شای ئێران و، دیفاع لە خۆکردنی قارەمانانەی ئەو لە بەردەم دادگاو تیرەبارانکردنی، ڕۆزبێیان وەک قارەمانێکی گەورەی گەلانی ئێران ناساند. چەندان شاعیری ئێرانی ، لەوانە شاملوو، شیعریان بۆ نووسی. لەم ساڵانەی دوایی وا بڵاوکرایەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆزبێ، کە ئەفسەرو سەرکردەیەکی حیزبی تودە بوو، نەیارێکی سیاسی خۆی کوشتووە. دوای ئەوە شاملوو ڕایگەیاند کە شیعرەکەی خۆی لە ڕۆزبێ ئەستێنێتەوە.

با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی پەیوەندی دەسەڵات و شاعیر.

١- دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بە دوو ساڵ گیروگرفتێکی سەخت لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی پارتی- بارزانی، ڕوویدا. لەو سەردەمەدا، بە هۆی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییەی کوردو، لە سایەی شەڕی نێوان کوردو دەوڵەتی عێراقدا، بۆشاییەکی دەسەڵات لەهەندێ ناوچەی کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی، پەیدا بوو، کە ئاژاوەیەکی سیاسیی دروست کرد. لەو سەردەمەدا گروپێکی چەکدار، بەناوی [جەماعەتی کانی ماسی] لە ناوچەی سلێمانی سەریان هەڵدا، کە هەندێکیان سەر بە حیزبی کاژێک بوون و، هەندێکی تریان چەقۆکێشەکانی سلێمانی بوون، لە پێشەوەیان عوسەی ئامە. هەروا پارتی پشتگیری دەکردن. ئەمانە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا تاکە حاکمی ناوچەی سلێمانی بوون، چەندان لێپرسراوی نەقابەیی و کۆمۆنیستیان کوشت و، تەنانەت دڕندەییان گەیشە ئاستێک کە ئەوتیان بە هەندێ لە ناحەزەکانی خۆیاندا ئەکردو بە زیندوویی ئەیان سووتاندن، بۆ نمونە ئەوڕەحمانی ساڵح خدر، کە جێگری سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی سلێمانی و ، ئەندامی لیژنەی مەحەلی سلێمانیی حیزبی شیوعی بوو. هەروا مەلا عەلی، کە سکرتێری نەقابەی کرێکارانی ئاوو کارەبای سلێمانی بوو. هەردووکیان لە ساڵی ١٩٦٤ دا جەماعەتی کانی ماسی، لە گوندی کانی ماسی بە زیندوویی سوتاندیانن.

ئا لەو کاتەدا، کاک شێرکۆ ئەندامی گرووپی کاژێک بوو، شیعری بۆ ئەوان ئەنووسی، کە یەکێک لەو شیعرانەی [کەژاوەی گریان] بۆ ئەوانی نووسیوە، کردوویەتی بە ناوی دووەمین کۆمەڵە هۆنراوەی، کە لە ساڵی ١٩٦٨دا، بڵاوی کردۆتەوە.

٢- لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٠ پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی حوکمڕانی موتلەق بوو لە کوردستاندا. لەپڕ شێرکۆ بە پێچەوانەی هەموو شاعیرەکانی جیلەکەی خۆی و جیلەکەی دوای خۆی، کەوتە شیعر نووسین بۆ بارزانی و، بە دەیان لاپەڕە شیعری بۆ بارزانی نووسی: [بە فڕۆکەی سەنگەری بارزانی هاتووم .. لە فڕگەی خوێنی ڤێتناما ئەنیشمەوە..«٣»

یان: ئەمانەوێتی/ وەک گوڵە بۆ چەکەکانمان/ وەک پەنجە بۆ دەستەکانمان ئەی بارزانی ..تاد]. کاتێ خۆی هەندێ نووسەر ئەم شیعرەیان بەلاسایی شیعرێکی مەحموود دەرویش، کە بۆ مەرگی جەمال عەبدوولناسری نووسیوە، دائەنا.

ئیتر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەوکاتەی پارتی کەوتنە هەڵنانی بێ سنووری شێرکۆ و، بە میتۆدی باوی خێڵەکی وەک تاکە شاعیری نوێی کورد بە خەڵکیان ئەناساند [باشترین خێڵ و حیزب و سەرۆک، خێڵ و حیزب و سەرۆکی منە..باشترین شاعیریش شاعیری خێڵی، یان حیزبی منە]. لەکاتێکدا ئەوانەی لە شیعری نوێی کوردیی ئاگادارن ئەزانن، کە لە نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا، شاعیرانی وەک لەتیف هەڵمەت، جەمال شاربازێڕی و جەلالی میرزا کەریم و هیتر داهێنانی شیعرییان ئەگەر لە کاک شێرکۆ زیاتر نەبووبێت ئەوا کەمتر نەبووە. بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی زۆر گوێیان بەو شاعیرانەو بە شاعیرە لاوەکان نەئەداو، بگرە بە گومانەوە سەیری زۆربەیانیان ئەکردن، چونکە ئەوان ئامادە نەبوون ئەم جۆرە شیعرانە بنووسن، تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ زۆربەیان ڕەخنەیان لە دەسەڵاتی پارتی و شێوەی حوکمڕانی پارتی ئەگرت. تەنیا وەک نمونە کاک لەتیف هەڵمەت، لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی ئەو سەردەمەدا لە شاری کەرکووک،، کە لە سەر مەنەسەی شیعرخوێندنەوەکە وێنەیەکی گەورەی بارزانی لێبوو، لەتیف هەڵمەت بەبەر چاوی هەمووانەوە پەنجەی بۆ خودی وێنەکەی بارزانی درێژکردو وتی :

**ئەی کوردستان**
**کام کەسەی کە زۆر دڵسۆزە**
**ئەتفرۆشێت بە یەک نان و**
**بە یەک گان و**
**بە یەک گێزە.**

دوای ئەم قسەیە، کە هەرزوو بە کوردستاندا بڵاوبۆوە، کاربەدەستانی لقی سێی پارتی لە کەرکووک هەڕەشەی زۆریان لە لەتیف کردو ویستیان زیندانی بکەن، بەڵام سەیدا ساڵح یوسفی، کە ئەوکاتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو، پێڕاگەیشت و لەتیفی ڕزگارکرد. دروست لەو سەردەمەدا پارتی شێرکۆیان بە چەندان بارەگای پێشمەرگەدا، کە زۆربەی هەرە زۆریان نەخوێندەواربوون، ئەگێڕا تا ئەو شیعرانە بخوێنێتەوە کە بۆ بارزانی و پارتی نووسیبوونی.

کەچی لە ناوەڕاستی ١٩٧٥، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە، کاک شێرکۆ بە شیعر کەوتە سوکایەتی کردن بە بارزانی و بنەماڵەی بارزانی، کە بەشێکی لە شیعری کۆچدا ،لە کۆمەڵە هۆنراوەی دوو سرووەدی کێوی، لە ساڵی ١٩٧٨دا لە عێراق بڵاوکردەوە[بڕوانە: بەرگی دووەمی دیوانی شێرکۆ بێکەس] لە کاتێکدا ئەوکات، کە تازە شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێنابوو، تەوهین کردن بە بارزانی و ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، هەر کەسێک بیکردایە، وەک مەرایکردن بۆ بەعس سەیرئەکرا، ئەگەر ئەو کەسە خۆیشی مەبەستی نەبوایە. دیارە بۆ کاک شێرکۆ، کە پێشتر بە حەماس و، ببورن گەر بڵێم بە تەڕوفەوە، ئەم هەموو شیعرەی بۆ بارزانی نووسیبوو، مایەی پرسیاریش بوو!

جێگای داخە کە هەر لەو سەردەمەدا کاک شێرکۆ هۆنراوەیەکی بۆ کەمال عیدوان نووسی، کە ئەندامێکی قیادەی قەومی و نوێنەری بەعسی عێراق بوو لەناو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و، لە لوبنان لە گەڵ دوو کەسی تردا، لە لایەن ئیسرائیلەوە کوژران. لە کاتی خۆیدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعس شین و شەپۆڕی دنیایان بۆ ئەو سەرکردە بەعسیانە کرد. شیعرەکەی شێرکۆ کاتی خۆی لە «هاوکاری» و دواتریش لە کۆمەڵە شیعری کازیوە-١٩٧٧ بڵاوکراوەتەوە. [دیسان کاک شێرکۆ تاکە شاعیری کورد بوو کە ئەم کارەی کرد]

٢-لە کۆتایی حەفتاکاندا،، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ڕابەری مامجەلال، کە نەیارێکی کۆنی بارزانییە، دەسەڵاتی عەسکەری لە ناوچەی سلێمانی و هەندێ ناوچەی تری کوردستاندا پەیدا کرد، کۆمەڵەی مارکسی- لینینی، کە ئەو کاتە سەرنجی لاوانی کوردی ڕاکێشابوو، بەهێزترین لاباڵی نێو یەکێتی بوو. ئیتر لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە پەیوندی نێوان کاک شێرکۆو یەکێتی دەست پێئەکات. تەنیا تا ساڵی ١٩٨٥دوو دیوانی «کەشکۆڵی پێشمەرگە»و «هەڵۆی سوور»، و دەیان هۆنراوەی تری بۆ ئەوان و بۆ پشتگیری یەکێتی لە شەڕی ئەو کاتەیدا لەگەڵ پارتی و، بۆ سوکایەتی کردن بە بارزانی نووسی«٤». جێگەی داخە کە ڕەنگە ٣/٢ی شیعرەکانی ئەم پانزە ساڵەی دوایی شێرکۆ بۆ ئەو مەسەلە حیزبییانە نووسرابن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانییەوە هەیە، کە ئەمەش هیچ گومانێک بۆ ڕەخنەگرو خوێنەر ناهێڵێتەوە، کە شیعر لای شێرکۆ ئامرازەو، ئەکرێ وەک هەر ئامرازێکی تر بۆ ئامانجێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و حیزبی.. بەکار بهێندرێت. دیارە ئەمە قەناعەتێکەو خۆی باوەڕی پێیەتی و، بەکردەوەش هەر ئەمە دەکات. ئەمەش بەشێکە لە ئازادی خۆی. بەڵام بەڕای من ئەم شیعرانە هەر لە ئاستی ئەو شیعرە سیاییانەن «دیارە بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازی زەمەن و بابەت» کە کاتی خۆی گۆران بە تەئسیری سیاسەتی حیزبەکەی نووسیونی و ئەمڕۆ هەمووومان، بە خودی کاک شێرکۆشەوە، بەشێکیان بە شیعر نازانین و، ڕەخنە لە گۆران ئەگرین کە ئەم شیعرانەی نووسیون.. خۆزگە ئەخوازین، کە لەجیاتی ئەم شتە بێتامانە «دەروێش عەبدوولڵا»یەکی تری بنووسیبایە. لە کاتێکدا گۆران زۆربەی ئەم شیعرانەی لە زینداندا و لە قووڵایی باوەڕەوە نووسیون. هەروا گۆران لەو شیعرە سیاسییانەیدا نە جنێوی بەکەس داوە، نە بە شیعر ئاگری شەڕی نێوان کوردو کوردی خۆشکردووە، نە شیعری بۆ کەسانێک نووسیوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵکیان لەسەر جیاوازی بیرو بۆچوونی سیاسی کوشتبێت، کەچی هێشتا لەسەر ئەم شیعرە سیاسییانەی ئەم هەموو ڕەخنە توندەی لێئەگیرێت.

ئێمە وەک نەتەوە بەوە ناسراوین کە ناتوانین سوود لە مێژووی خۆمان وەربگرین. سەرکردەکان هەموو هەڵەکانی سەرکردەکانی پێش خۆیان دووبارە ئەکەنەوەو، کۆڵێک هەڵەی خۆشیانی ئەخەنە سەر. شاعیرانیشمان هەڵەی شاعیرانی پێش خۆیان، دیارە بە زیادەوە، دووبارە ئەکەنەوە.

بەڵام هێشتا پرسیارەکەی پێشوومان خۆی دوبارە ئەکاتەوە: بۆ ئەم شاعیرەمان تەنیا ڕوو لەو حیزبانە ئەکات کە دەسەڵاتیان هەیە؟ ئایا مەسەلە قەناعەتە کە ئاوا توندو خێرا ئەگۆڕێت؟ گریمان مەسەلە قەناعەتگۆڕین بوو، کە دیارە هەموو کەسێک ئەم مافەی هەیە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵئەدات: بۆ ئەم قەناعەتە تەنیا بەرەو ئەو حیزبانەی ئەبات کە دەسەڵاتیان هەیە و بەزەبرن؟ بەڵام بەداخەوە پرسیارەکان بەمە تەواو نابن.

ئایا هەڵپەی ناوبانگ و دەسەڵات و خولیای خۆسەپاندن بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا بە زەبری دەسەڵاتیی ئیعلامی و سیاسیی ئەم یان ئەو حیزب شێرکۆیان بەرەو ئەم کارانە نائاساییانە بردووە؟ تۆ بڵێی ژیانی منداڵی خودی کاک شێرکۆ کاریگەری خۆیان نەبێت لەوەدا کە ئەم بە جۆرێکی تر بۆ مەسەلەی دەسەڵات بڕوانێت؟،

بە پێی زانیاری دەروونناسی گیروگرفت و ڕەفتارە نائاساییەکانی مرۆڤ بۆ سەردەمی منداڵی ئەگەڕێنەوە. شێرکۆ تەنیا هەشت ساڵان بووە کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا باوکی مردووە. دوای ئەوە دایکی، وەک مافێکی سروشتی خۆی، شووی کردۆتەوەو شێرکۆی بە تەنیا لەناو کۆمەڵگایەکی پڕ لە ستەم و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیدا بەجێ هێشتووە، کە ئەمە لەو سەردەمەدا

کاریکی باو نەبووە. ئەم حاڵەتە شێرکۆی هەڵداوەتە دەرەوەی سایەو پەناگەی باوک و دایک، کە لە ڕۆژهەڵاتدا تاکە پەناگەی سرووشتییە کە منداڵ ئەپارێزێت و، ئارامی دەروونی و فیزیکی بۆ دابین ئەکات. چونکە کۆمەڵ ئەم بەرپرسیارییە ناگرێتە ئەستۆی خۆی، بگرە بە چاوێکی ستەمکارانە بۆ منداڵی بێ باوک، یان بێ دایکوباوک ئەڕوانێت. خودی وشەی «هەتیو» ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە پڕ ستەم و نائینسانییەیە بەرامبەر بەم جۆرە منالانە، ئەو تێڕوانینەی کە ڕەنگە بە جۆرێک کار لە هەندێ منال بکات کە گیانی باوەڕبەخۆبوونی لاوازبێت.

شێرکۆ، لەم بارودۆخەدا، وەک ئاسکێک بووە لەناو جەنگەڵدا، بۆئەوەی لەناو ئەم ستەمەدا هەڵ بکات، پێویستی بە دەسەڵات و سایەیەکی بەهێز وەک سایەو دەسەڵاتی باوک بووە تا بیپارێزێت. لەم حاڵەتەدا ئەو خزم و کەسانەی ئەبن بە سایەو پەناگە، چەند میهرەبان بن، تەنیا بەجۆرێکی نیسبی و بەشێکی بچووکی بۆشایی باوک و دایک پڕ ئەکەنەوە، تۆ بڵێی ئەم بارودۆخە حاڵەتێکی دەروونی ئەوتۆی لای شێرکۆ دروست نەکردبێت کە بە گەورەییش تەنیا لە سایەی خەڵکی بەهێز و دەسەڵاتداردا هەست بە ئارامی و هەست بە پۆزیشێنی خۆی بکات؟

### *«هەڤالان پیاو ئەکوژن» «٥»

بەلام دەسەڵات لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە کوردستاندا، کە سیی ساڵ زیاترە شەڕی ناوخۆیی تێدایە، لە یاساوە سەرهەڵنادات بەڵکو، وەک وتمان، بە زەبری چەک و، لە بنەمای ستەم و شەڕو تۆقاندنی بەرامبەرو تێکشکاندنی کەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤەوە سەچاوە ئەگرێت. ئەمەش لایەنگرانی دەسەڵات توشی گیروگرفت ئەکات، چونکە پیاو کاتێک حیزبەکەی مەبەست بێت، ئەوا ئەگەر باوەڕیشی بە مێتۆدو ڕەفتارەکانی نەبێت، ناچارە لە هەڵەو تاوانەکانی بێدەنگ بێت، کە ئەمە بۆ شاعیرێک زۆر ئەکەوێت، چونکە خۆی بەر لە هەموو کەسێک هەست ئەکات کە ئەو بەوجۆرە ڕەفتار ناکات کە پێویستە. بۆیە ئەتوانم لەوە بگەم[بەلام ناتوانم قبوولی بکەم] کە کاتێک چەکدارانی کاژیکەکان کۆمۆنیستەکان و ناحەزانی سیاسیی خۆیان ئەکوژن و هەندێکیان بە زیندوویی ئەسوتێنن، بۆ شێرکۆی شاعیر دەنگ لە ڕووی حیزبەکەیدا هەڵنابڕێت. کاتێک بارزانی تێکۆشەرێکی وەک شەهید سلێمانی موعینی و چەندان لە هاوڕێیەکانی ئەکوژێت و، تەرمەکانیان ئەداتەوە بە ڕژێمی شا، ئەوا شێرکۆ دوای ئەمە چەندان شیعر لە مەدحی بارزانی ئەنووسێت، لەکاتێکدا گەلێک لە نووسەرو ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمە بە توندی ئەم تاوانەیان مەحکوم کرد. کەچی تەنیا کاتێک بارزانی دەسەڵاتی نامینێت و ڕوو لە ئێران و ئەمریکا ئەکات، تەنیا ئەوکاتە کاک شێرکۆ ئەتوانێت لەسەر کوشتنی موعینی مەحکومی بکات،[ هۆنراوەی هەڵۆی سوور].

هەر بە هەمان شێوە من، بە پێچەوانەی زۆر کەسەوە، لام سەیر نییە ئەمڕۆ کاک شێرکۆ، کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانییە، یان خۆی وتەنی ئەندامی فەخری!! سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانییە، [وەک ئەوەی یەکێتی ئەکادیمیایەکی زانستی، یان زانکۆیەک بێت تا ئەمی شاعیر تیایدا ئەندامی فەخری بێت!!] ناتونێت لەڕووی کارو ڕەفتارە چەوتەکانی یەکێتی و، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تیرۆری ناحەزانی سیاسی، بێتە دەنگ. کاتێ پیاوکوژەکانی پارێزگاری سلێمانی و هەڤاڵی شێرکۆ لە سەرکرایەتیی یەکیتدا، ڕۆژی ١-٩-١٩٩٤ شاعیر ئەبوبەکر عەلی، لە خۆپێشاندانێکی ئاشتییانەدا بریندار ئەکەن و، دوایی بە زاماری ئەیگرن و ئەیکوژن، شێرکۆ ناتوانێت، یان نایەوێت لەگەڵ ئەو ٥٤ نووسەرو شاعیرو هونەرمەندەی سلێمانی، یاداشتێک لەدژی ئەم تاوانە، کە بۆ پەرلەمان سەرۆکی حیزبەکان نووسییان ئیمزا بکات«٦» و داوای سزادانی بکوژان

بکات. چونکە پێش ئەم کارە ئەبێت بەوە ڕازی نەبێت
کە لە سەرکردایەتی حیزبەکەیدا، کەسێکی لە تەکەوە
بێت، کە بەرپرسیاریی کوژرانی شاعیرێکی لە ئەستۆیە.

هەروا وەک حیزبییەک ناتونێت لە شەڕی نێوان
یەکێتی و پارتیدا بێ لایەن بێت، بە پێچەوانەوە ئەبێت
چەند ئەتوانێت و، تا کوێ قەڵەمەکەی بڕ ئەکات لەدژی
پارتی و بۆ هاندانی چەکدارەکانی یەکێتی بنووسێت.
لەوەش زیاتر بۆ ئەوەی هێزی عەسکەری یەکێتی
باوەڕیان بە مەسئول و فەرماندە عەسکەرییەکەیان
«جەبار فەرمان» بەهێزبێت، ئەبێت کاک شێرکۆ
شیعری بەسەردا هەڵبدات، چونکە ئەم جۆرە شیعر
پیاهەڵدانە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیبەتێکی گەورە ئەدات
بەسەرکردەو دەسەڵاتداران:

**هەتاو**

[بۆ هاوڕێم کاک جەبار فەرمان]

**لەو شەوەدا**
**ئێوە بەوری باوبێژران بوون؟**
**یان ئەسپی گڕ؟**
**دارستانی زەنگ بەدەست بوون؟**
**یان چریکەی گەرووی چیا؟**
**کە کەوتنە ڕێ؟**
**لەو شەوەدا**
**هەر لە یەکەم پەڵە هەوری سۆراخەوە**
**هەر لە یەکەم بازرەقەوە**
**حیلەی شاخ و/ هاژەی مێژوو**
**گڵەی زام و**
**گرمەگرمی گۆڕستانی شەهیدان و**
**بارانی شیعری ئێمەتان لەگەڵدا بوو»٧»**

بەڵام چۆن نابێت بۆ کاک شێرکۆ ، وەک شاعیرێک، گرینگ بێت کە ئەم هاوڕێ کاکەی ئەو بەوە تاوانبارکراوە کە خەڵکی تەنیا لەبەر جیاوازی بیرو باوەڕ، کوشتووە. بنەماڵەی شەهید محەمەد حەلاق و یانزە هاوڕێیەکەی -کە ڕۆژی ٢-١١-١٩٩٥ یەکێتی بە کۆمەڵ کوشتنی- و، سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ئەم «هاوڕێ کاک»ە بە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی ئەم تاوانە گەورەیە دائەنێن، ڕۆژنامەی گوڵان-یش ڕاستەوخۆ ئەو تاوانبارنەکات«٨». کەچی سێ مانگێک دوای ئەم ڕوداوە کاک شێرکۆ ئەم شیعرە، کە ساڵی ١٩٩٤ لە گەرمەی شەڕی نێوان یەکێتی و ئیسلامیدا نووسیویەتی، سەر لەنوێ لە کۆمەڵە شیعرێکدا چاپ ئەکاتەوە، وەک ئەوەی بیەوێت بەرپەرچی ئەو تاوانبارکردنانە بداتەوە.

شێرکۆ بێکەس خۆیشی ئەزانێت کە چ کارێکی کردووە، بۆیە لە پەراوێزدا ئەوە ئەکاتە بیانوو کە ئەم هەڤاڵەی، لە شەڕی نێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامیدا، لە ساڵی ١٩٩٤ دا زەبرێکی کوشندەی بە ئیسلامییەکان گەیاندووە.

خەڵکی کورد ئەزانن کە لەم شەڕەدا سەدان کەس لە هەردوولا کوژران. سەدانی تر گیران و ئەشکەنجەکران. هەروا هەموومان ئەزانین کە زیاتر لە ٢/٣ی ئەوانەی بەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی و، حزبەکەی شێرکۆو پارتی کەوتون لەبەر بێکاری و برسیەتی و نەدارییە. گریمان ئەگەر ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی هەموشیان بە قەناعەتەوە لەو حیزبەدا کار بکەن، ئایا دەبێ بەشەڕو خوێنڕشتن و، کوشتنی سەدانیان و، بەکوشتدانی سەدانی تر ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت؟ بۆ کاک شێرکۆ زەبرو زەنگ بۆ حیزبەکەی خۆی بە ڕەوا ئەزانێت؟ بۆ لە گەرمەی ئەم شەڕەو شەڕی نێوان حیزبەکەی و پارتیدا شیعر بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕ ئەنووسێت؟ ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی سادە بێت لە حیزبییەک بکرێت، بەڵام پرسیارێکی ڕەوابێت کە لە شاعیرێک بکرێت. بە تایبەتی کە نۆ ساڵێکە بێت لە سوێد ئەژی و، ئەبوو هەر نەبێت ئەوە فێربوایە کە باوەڕبوون بەو

دیموکراتییەی خۆی باسی ئەکات و، باوەڕبوون بە ئازادی مرۆڤ و ئازادی باوەڕو پەیڤین، ڕێگەی ئەم قسانەی پێنەدەن. ئەبوو ئەوە فێربوایە کە لە وڵاتێکی وەک سوێد تەنانەت پیاوکوژیش بە مەرگ حوکم نادرێت و، مرۆڤی فاشیست و نازیش نەک بە زەبری چەک و کوشتن ڕەفتاریان لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو ئازادن و کاری خۆیان ئەکەن.

**ئەمەیان چی ناوبنێین؟!**

**تاملو فی نجمه داوود**
**سته سجون مثلثه.**
**فی وسطها: قمر ام عربیه**
**موشح بالسواد**
**تاملوا!! «٩»**

ئەم شیعرە!! کە تەوهین بە پیرۆزترین ڕەمزی ئایینی جوولەکە، ئەستێرەی داوود، ئەکات، نە ناسیۆنالیستێکی عەرەب نووسیویەتی، نە فوندامینتالیستێکی ئیسلامی، کە پێیان وایە ئەبێ جوولەکە وەک ڕەگەزو ئایین بنەبڕ بکرێن، ئەمە شیعری!! شێرکۆ بێکەسە، کە بە عەرەبی، لە ساڵی ١٩٨٨لە سوریای «سموودو تەسەدی» عەرەب، بڵاوی کردۆتەوە. هەر لەم کۆمەڵە شیعرەدا کاک شێرکۆ بە چەند هۆنراوەیەکی تریش پشتگیری و سۆزی خۆی لەگەڵ عەرەب دەرئەبڕێت و، ئەم شیعرانە لە ساڵی ١٩٨٧، کە لە سوریا ئەبێت، ئەخاتە بەردەستی فەلەستینییەکان و، دواتر لە کۆڕێکدا لە مخیمی فەلەستینییەکان ئەیانخوێنێتەوە.. ئیتر لە سوریا گۆڤارەکانی سەر بە گروپە جۆربەجۆرەکانی فەلەستینی، دیداری ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ئەکەن و شتی لەسەر ئەنووسن«١٠»

کە ئەگاتە سوێدیش، هەر بە هەوای سوریا، شیعرێک بۆ پالمێ ئەنووسێت، کە دوو ساڵ پێش ئەمە کوژرابوو!!

بەداخەوە دیسان ناچارین بپرسین: ئایا ئەمە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاک شێرکۆیە؟

ئایا مرۆڤ بەم شیعرەی کە تەوهین بە جولەکە و پشتگیری عەرەب ئەکات باوەڕبکات یان بە شیعری «داڵ» کە ساڵێک پێش هاتنە سوریا، لە کوردستان، نوسیویەتی و سیفەتی وەک [حوشترێکی لەڕو مل درێژو قاچ باریک..] هەروا [مێشەسەگانە] و شتی تر ئەداتە پاڵ عەرەب«١١» .

بەڵام بۆ شێرکۆ ئەمە ئەکات؟

ئایا سوکایەتی کردن بە نەتەوەیەکی تر کاری خەڵکی شاعیرو روناکبیرو داهێنەرە؟

کاک شێرکۆ کە تەنیا ساڵێک پێش بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە دژی جولەکە، لە ڕێگەی یەکێتیی نیشتیمانییەوە، ستیپێندیۆمی توخۆلسکی وەرگرت. ئایا ئەزانێت کە ئەمە تەوهینە بە ڕەمزێک، کە لە سەر کێلەگۆڕی هەر جوولەکەیەک، لەوانە لەسەر کێلەگۆڕی توخۆلسکی، هەڵکەندراوە؟ ئایا ئەمە تەوهین نییە بە توخۆلسکی؟. ئەگەر ئەو دژی زایۆنیزمیش بێت، ئەبوو بزانێت کە زایۆنیزم و جولەکە دوو شتی جیاوازن و، تەنیا ناسیۆنالیستانی عەرەب تێکەڵیان ئەکەن.

کەواتا چۆن لە خۆمان ڕابینین بە کاک شێرکۆ بڵێین:

ڕێزگرتن لە ناوی توخۆلسکی، کە وەک نووسەرو مرۆڤ و دوکتۆری یاسا، ژیانی خۆی لە پێناوی ئازادی و دیموکراتی و خەباتی دژ بە تیرۆر و فاشیزم بەخت کرد، هەروا ڕێزگرتن لە مەغزاو ناوەڕۆکی مینحەکەی، کە هەر ئەو پارەیە نییە کە ئەدرێت بە وەرگرەکەی، بەڵکو مەسئولیەتێکی ئەدەبی و ئەخلاقی گەورەیەو، ڕێزگرتن لەمانە لەو ئەخوازێت کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ و لە دڵدارانی ڕێگای ئازادی بکات و، ڕێگە بەخۆی نەدات سوکایەتی بە نەتەوەیەکی تر بکات، یان شیعر بۆ کەسانێک بنووسێت کە توخۆلسکی-یەکانی کوردستان ئەکوژن؟.

## ژێدەرەکان:


١- توخـــولسکی -١٨٩٠ ١٩٣٥ ئەم نامـــەیەی رۆژی ١٩٣٥-١٢-١٥ بۆ Arnold Zweig نووسیوە. بڕوانە: E.J. Raddatz,Kurt Tucholsky,Eine Bild-biographie, Munchen,1961/ Kurt Tucholsky,Tyskland,Jan«sky,Tyskland -v rt Stolpe,s.295

٢-لە ڕووی سیاسییەوە حیزبەکانیان هەقی خۆیانە ئەمانە بە شەهیدی خۆیان ناوبەرن و شانازییان پێوەبکەن، بەڵام بۆ شاعیر ئەم مەسەلەیە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت. تەنیا دوونموونە باس ئەکەم: جەمالی عەلی باپیر، کە شەهیدێکی یەکێتییە، لە ساڵی ١٩٨٢ لەکاتی میوانداری و لەسەر نانخواردن، شێرکۆی شێخ عەلی کوشت، کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست بوو، هەروا عەلی عەسکەری، کە ئەمیش شەهیدێکی یەکێتییەو ساڵی ١٩٧٨ لە شەڕی نێوان پارتی و یەکیەتیدا کوژرا، بەرپرسیارە لە کوشتنی چەندان کەس، وەک نموونە: لە ساڵی ١٩٦٨ لە شەقامی سابوونکەرانی سلێمانی و لە بەردەمی حەمامی مفتی بە ڕێکەوت توشی حەمە کوڵەباڵ ئەبێت، کە مەسئولی قەزای هەڵەبجەی حیزبی شیوعی عیراق- قیادەی مەرکەزی بوو، هەر لەوێ بەبەر چاوی هەزاران کەسەوە، ئەیکوژێت. شێرکۆ شیعری بۆ هەردووکیان نووسیوە، عەلی عەسکەری لە منداڵانی کوردستان ئەکاتە سوپەرمان و ڕەمزی قووەت و «پڵینگێکی کوردستانی و باوکە پێشمەرگە..تادە. بڕوانە: دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٩٠ هۆنراوەی پیاو، لا ٣٣٢-٣٦٢.

٣-شێرکۆ بێکەس، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، بەغدا، ١٩٧٣، لا. ٤٠

٤-دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، سوید، -١٩٩٠ بە پێویستی نازانم نمونە لەو جنێوانە بێنمەوە کە شێرکۆ تێهەڵکێشی شیعرەکانی کردوون. پێم سەیرە کە شێرکۆ بێکەس ڕێگە بەخۆی ئەدات بەم زمانەو ئەتانەت لە شیعردا، لەگەڵ خەڵکی تر بدوێت، کەچی ئەگەر یەکێک، تەنانەت بە زمانێکی دوور لە بریندارکردن، ڕەخنە لە خۆی و شیعرەکانی بگرێت، بە جنێودان و سوکایەتی پێکردنی دائەنێت.

٥-ئاماژەیە بۆ وتارێکی توخولسکی، کە ساڵی ١٩٣٢نووسیبووی «سەربازەکان پیاوکوژن». سەرنووسەی ڕۆژنامەکە، Carl Ossietzky لەسەر ئەم وتارە حوکمدرا. بڕوانە: سەچاوەی ژمارە یەک، لا ٢٣٩

٦- ئەم یاداشتە لە گەلێک شوێندا بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە: گۆڤاری ڕابوون، ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٤، گۆڤاری وان، ژمارە ١٠-٩ ی ساڵی ١٩٩٤، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ، ئوکتۆبەری ١٩٩٤

ئەڵێن هەندێ لەو نووسەرانە، لە سلێمانی، داوایان لە کاک شێرکۆ کردبوو کە لەم تاوانە بێدەنگ نەبێت، کەچی گوایە ئەم شاعیری شەهیدی بە "ئاژاوەچی" ناوبردووە، کە هیوادارم ئەم قسەیە ڕاست نەبێت.

٧-شێرکۆ بێکەس،حیرگی هەتاو... ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦ -هۆنراوەی هەتاو لا ٣٩-٣٣

٨-ڕۆژنامەی گوڵان،ژمارە ٥٥ نۆڤەمبەری ١٩٩٥

٩-مرايا صغيرە، شێرکۆ بێکەس، دمشق ١٩٨٨ ص٩٩

١٠- لەدایکبوون، ژمارە ٣، ئاگۆستی ١٩٨٧ -سوید

١١-شێرکۆ بێکەس، دال، ١٩٨٧ لا ٢٢




# هەڵبژاردەیەک لە شیعری

# ئۆکتاڤیۆ پاز

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە

موحسین ئەحمەد عومەر



## بەردەوامی

تریشقەو با = بەردەوامی

١- سینگ

I

تاریک ئاسمان

زەرد خاک

کەڵەشێریش شەو دەدڕێنێت

ئاویش بەخەبەردێت و دەپرسێت سەعات چەندە

با-ش بەخەبەردێت و لێت دەپرسێت

ئەسپێکی سپی تێدەپەڕێت

II

وەک دارستانێکی سەر تەختی گەلایین

لەناو جێگا بارانییەکەت دەخەویت

با-ش لە ناو جێگاکەت گۆرانی دەڵێت

تریقەش لە ناو جێگاکەت لە باوەش دەگریت.

III

بۆنی تیژ پەنگ دەخواتەوە

جەستەکانی سەر کۆمەڵە دەشتێک

تاقە سپیاییەکی سەر ڕەگی نەبینراو.

IV

قسەبکە گوێبگرە وەڵامم بدەوە

ئەوەی تریشقە دەیڵێت

دارستان تێیدەگات.

V

لە چاوەکانتەوە دەچمە ژووری

لە دەممەوە دەردەچیت

تۆ لەناو خوێنم دەخەویت

لەسەر هەنیەت بەخەبەر دێم.

VI

به زمانی بەرد قسەت بۆ دەکەم
تۆ بە هاوبڕگەیەکی سەوز وەڵامم دەدەیتەوە
بە زمانی بەفر قسەت بۆ دەکەم
تۆ بە باڵی هەنگ وەڵامم دەدەیتەوە
بە زمانی ئاو قسەت بۆ دەکەم
تۆ بە گەمییەک لە بروسکە وەڵامم دەدەیتەوە
بە زمانی خوێن قسەت بۆ دەکەم
تۆ بە هەڵفڕینی باڵندە وەڵامم دەدەیتەوە.

## دوو جەستە

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
هەندێ جار دوو شەپۆلن
شەویش ئۆقیانوس

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
هەندێ جار دوو بەردن
شەویش بیابان

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
ڕەگن هەندێ جار
لە شەودا بەرەڵان

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
هەندێ جار دوو تیغن
شەویش دەچریسکێنەوە.

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
دوو ئەستێرەن، دەکەونە
ئاسمانێکی بێ پایان.

## گڕی ئەستێرە

لێرە پیرەکان ئاگریان دەچنی
لێرە ئاگر جیهانی دروستدەکرد
لە گەرمان بەردەکان وەک میوە دەقڵیشێن
ئاویش پێڵوەکانی هەڵدێنێت
ڕۆشناییش لەسەر پێستی ڕۆژ هاژەی دێت
لەسەر دڵۆپێکی گەورەی زەمەن شەوقدەداتەوەو
ئەستوور دەبێت.

## شتەکان

لە تەنیشتمان دەژین
پێیان نازانین، پێمان نازانن
هەندێ جاریش لەگەڵ یەکتری قسان دەکەین.

## دەستلێدان

دەستەکانم پەردەکانی بوونت دەکاتەوە
ڕووتییەکی دیکەت لەبەر دەکات
لەشی لەشت دەدۆزێتەوە
دەستەکانم
لەشێکی دیکە لەناو لەشت دادەهێنێت.

## کێڵگەکانی سوودێڵ

ڕۆژ* دەستەکانی دەکاتەوە
سێ پەڵە هەور
ئەم کەمە ئاخاوتنەش.

## ژیانی ڕەو بەڕەو

بروسکەن یان ماسی
لە شەوی دەریا
باڵندەن یان بروسکە
لە شەوی دارستان
ئێسقانەکان تریشقەن
لە شەوی جەستەکان
جیهان، تەواو تاریک
ژیانیش بروسکە.

## ئاگری هەموو ڕۆژێك

وەک هەوا
لەسەر لاپەڕەی ژیۆلۆژی
لەسەر سەکۆ گەردوونییەکان
ڕادێ و دەتوێتەوە
باڵەخانە نەبینراوەکانی:
مرۆڤە
زمانی بە ئاستەم تۆویکە،
بەڵام سوتێنەر
بەرامبەر ناو لەپی فەزا

ئەو برگە پەنگرانەن
رووەکیش:
ڕەگەکانیان بێدەنگی شەق دەکەن،
چڵەکانیان
پەناگا لە دەنگ دروست دەکەن.
برگەکان:
یەکتر دەگرن و لێکیش جیادەبنەوە،
بە پێکچوون و وێکنەچوون یاری دەکەن.
برگەکان:
لە هەنییەکان پێدەگەن
لە دەمەکاندا گوڵ دەگرن
ڕەگەکانیان شەو دەخۆنەوە، پەرتوو دەخۆن.
زمانیان:
درەختە پەنگرن
گەڵاکانیان بارانن .
گیاو گوڵی بروسکە
جەبری زایەڵە
لەسەر گەڵای لاپەڕە
شیعر قیتدەبێتەوە
هەر وەکو خۆر
لەناو لەپی فەزا.

## هاتوچوون

لەگەڵ کەوتنی کوێرانەی شەپۆل دەکەومە ناوت
وەک چۆن شەپۆل لەدایک دەبێت جەستەت دەمگرێت
لە دەرەوە با گڤەی دێت و ئاوەکان کۆدەکاتەوە

گشت دارستانەکان درمختێکن.

شار لە گەرمەی شەودا پیاسەدەکات
خاک و ئاسمان خیزاوی بێ وەستان
توخمە بەرەلابووەکان
بەگی رۆژێکی نەناسراو دەچن.

## تەواوکەرەکان

لە جەستەم تۆ لە گرد دەگەرێیت
خۆرەکەی لە دارستاندا نێژرا
لە جەستەت من لە گەمی بزربووی
ناوەراستی شەو دەگەرێم.

## وشە لە شێوەی گەردەلوولە

### پێشکەشە بە جۆزێ ئێمیلیۆ پاچێکۆ

پەنجەرە دەکەمەوە
دەروانێتە هیچ لایەک
ئەو پەنجەرەیەی
کە بەرەو ناوەوە دەبێتەوە
با- لە ناکاو سووک
بورجی لینی گەردەلوولی
بەرزدەکاتەوە
گشتیان بەرزترن لەم خانووە
لەسەر ئەم لاپەرەیە
دەگیرسێنەوە
دەکەون و قیت دەبنەوە.
پێش ئەوەی هەر شتێک بڵێین
لەگەڵ بە ئاستەم هەڵدانەوەی لاپەرە
رەشدەبنەوە
گەردەلوولەکانی زایەڵە
بە سوورانەوەیان
هەناسە هەڵدەکێشن و دەدەنەوە
ئێستاش بەسەر شوێنێکی دیکەدا دەبنەوە
ئەوە دەڵێن
نەک ئەوەی وتبوومان
شتێکی دیکە هەمیشە شتێکی دیکە
هەمیشە هەمان شت
وتەکانی شیعر
کە قەت ئێمە نایڵێین
شیعر پێمان دەڵێت.

## جادەی ترۆوبیچ

١
خۆر لەناو ناوەوەی ژوور
ساردی لە ناو خۆر
جادە چۆڵەکان
ئۆتۆمبێلە وەستاوەکان
هێشتا بەفر نەباریوە
تەنیا با و با
هەمیشە لە هەوای بەستوو دەسووتێت
درمختێکی بچکۆلەی سوور
من قسە لەگەڵ ئەو دەکەم کاتێک قسە لەگەڵ تۆ دەکەم.
٢
من لە ژوورێکی چۆڵم شێواز لێی هەڵاتووە
تۆش لە ژوورێکی دیکەی وەک ئەمەیت

یانیش هەردووکمان
لە جادەیەکین نیگای تۆ چۆڵی کردووە
جیهان
بە نەبیندراوی دەپچڕێت
یاداشتی
لێکترازاوی ژێرپێمان
لە ناوەڕاستی ئەم دێڕە نووسراوەدا
دەوەستم.
٣
دەرگاکان لەخۆیانەوە دەبنەوە و دادەخرێنەوە
هەوا
بەناو ماڵەکەماندا دێتە ژوورێ و دەردەچێت
هەوا
بە تەنیا قسە لەگەڵ خۆی دەکات کە قسەت لەگەڵ دەکا
هەوا
بێ ناو لە دالانی بێ پایان
نازانین ئەوەی لێرەو لەوبەرە کێیە
هەوا
دەسووڕێ و دەگەڕێتەوە ناو کاژەڵاکی بەتاڵی سەرم
هەوا
دەست لە هەر شتێک بدات دەیکاتە هەوا
هەوا
بە پەنجە هەواییەکانی ئەوەی دەیڵێم دەیرەوێنێتەوە
من ئەو هەوایەم کە تۆ سەیری ناکەیت
نەمتوانی چاوەکانت بکەمەوە
دەرگاش دابخەم
گشت هەوایەکان ڕەقبوونەوە
٤
ئەم وەختانە شێوەی پشوویەکیان هەیە
پشووش شێوەی تۆی هەیە
تۆش شێوەی ئاوپڕژێنێک
نەک هی ئاو بەڵکو هی زەمەن
لە ترۆپکەی ئاوەکە
ڕووناکیم بە شەقەی باڵ دەخەن
هەوبووم ئەوم هێشتا هەونیم
ژیانم ناکێشرێت
ڕابردوو تەنک دەبێتەوە
داهاتووش بە ئاستەم لە چاوەکانتدا کەمێک ئاوە.
٥
ئەوەتا تۆ شێوەی «پردی ئێستا» وەردەگریت
لەبن تاقەکانتدا ژوورەکەمان کەشتیرانی دەکات
لە بەرزاییت دەبینین
لەناو بادا شەپۆل دەدەیت و
تۆ لەش بوویت و تۆ ڕۆشنایی، تێدەپەڕیت.
لەسەر کەنارەکەی دیکە
خۆر
بە سەرکێشی بەرزدەبێتەوە
ڕەگەکانی لە ئاسمان دەنێژێت
دەتوانین خۆمان لە ژێر گەڵاکانیدا بشارینەوە
بە چڵەکانی ئاگرێک دەکەینەوە
ڕۆژیش دەشێت ببێتە نشینگە
٦
ساردی جیهان لە بزاڤ دەخات
شوێن شووشەیە
شووشەش هەوایە
هەراوزەنا هەرە ڕزنگەکانیش
لەناو پەیکەرەکان دادەمەزرێن
زایەڵەش زۆریان دەکاو دەشیانڕەوێنێتەوە

لەوانەیە بیکاتە بەفر
درەختی گڕگرتوو هەڵدەلەرزێت
هەمووی بە شەو گەمارۆدراوە
کە لەگەڵ ئەو قسەدەکەم قسە لەگەڵ تۆ دەکەم.

## بەختەوەر لە هەرات

هەروەک چۆن ئەم دێڕانە دەنووسم
بێ بیری روون
هاتوومە ئێرە:
مزگەوتێکی شین و کەسک،
شەش منارەی نیوە ڕوخاو،
دوو یان سێ گۆڕ،
بیرەوەری شاعیرێکی پیرۆز،
ناوی تەیمور و خزمەکانی.

بە -با-ی سەدرۆژە گەیشتم.
هەموو شەوێک بە لم دایاندەپۆشێت،
گەمارۆی ئەنیام دەدەن، پێڵوەکانیان سوتاندم.
کارێوە:
بڵاوبوونەوەی باڵندەکان و
هەراوهۆریای ئاوی سەربەردیش
کە پێی جوتیارەکانن
(بەڵام ئاو تامی غوباری هەبوو)
پسەپسی ناودەشت
پەیدابوون، گومبوون،
خۆڵە گەردەلوولەکان
بێ جەوهەر وەک بیرەکانم
هاتوچۆکانی
ژوورێکی هۆتێل یان نێوان گردەکان:
خاک گۆڕستانی وشترو
لە نیگاشمدا هەمیشە
هەمان ئەو روخسارانەی کە لێکدەترازێن.
با، میری کاوڵگەکانە
ئایا تاقە مامۆستای منیشە؟
داماڵین:
کەمتر هەڵدەکشێت و ئەمەندەو زیاتریش.

لە مەزاری عابیدێک،
بە قووڵی لەناو درەختێکی وشکدا
بزمارێکم چەقاند،
نەک وەک ئەوانی تر، دژی چاووزار:
بەڵکو دژی خۆم.
(شتێک دەڵێم:
ئەو وتانەی -با- هەڵیاندەگرێت.)
پاشنیوەڕۆیەک، سازش لە بەرزاییەکان.
بێ جێگۆڕین
چنارە ڕەشەکان ڕۆیشتن.
خۆری سەر سواڵەتەکان
لەناکاو بەهار.
لە باخچەی شازادەکان
بە گومبەتی پیرۆزەییدا هەڵدەگەڕام.
منارە بە نیشانە کوتراوەکان:
نووسینی کوفی، ئەودیوی پیتەکان،
ڕوون دەبنەوە.

نیگای بێ وێنەم نەبوو



نەمبینی شێوەکان بسوورێنەوە
تا بوورانەوەی ناو ڕۆشنایی وەستاو.
بوونی بێ جەوهەری سۆفی
لە پریی ناو بۆشاییم نەخواردەوە
سی و دوو نیشانەکانی بودیزاڤاتا-ی
لەش گەوهەرم نەبینی.
ئاسمانێکی شین و تەواو شینم بینی،
لە سپییەوە بۆ سەوز
هەموو باوەشێنی چنارەکان
لەسەر کاژەکانیش، هەوا نەک باڵندە
پەرەسێلکەی ڕەش و سپی
بینیم جیهان لەسەر خۆی وەستابوو
ناویش لەم ساتەی ئێستا دمتیم
پوختەی بێ پایان.

---

# ڕۆژ: لێرە بە مانای «الیوم» داندراوە

– ئەم شیعرانەی ئۆکتاڤیۆ پاز لە ئیسپانییەوە کراونەتە فەرەنسی. ئەگەر شاعیر خۆی دەستی لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەدا نەبوایە، من نەمدەکردنە کوردی.

سەرچاوەکان:


- Octavio Paz, Le feu de chaque jour, Poesie/ Gallmard, Paris, 1986
- Octavio Paz, Liberte sur parole, Poesie/ Gallmard, Paris, 1971

# شتێک دەربارەی شێوازی سینەما

کارل تیۆدۆردرەیەرە

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: قاسم عەزیز



ئەو لەیەکچوونەی کە لە نێوان کاری هونەری و خودی مرۆڤدا هەیە، کتومت وەک ئەوەیە کە چۆن باس لە رۆح و کەسایەتی و شێوازی تایبەتی مرۆڤێک دەکرێت، هەر ئاواش دەتوانرێت باس لە رۆح و کەسایەتی و شێوازی تایبەتی کارێکی هونەری بکرێت. رۆحیش، وەک کەرەستەی دەربڕین لە لای هونەرمەند بۆ تێگەیشتنی کارە هونەریەکەی، لە شێوازدا خۆی بەدیاردەخات.

شێواز پێویستیەکی مەزنە بۆ گرێدانی ئیلهامەکان و پیشاندانی لەشێوەی کارێکی هونەریدا. لەرێگەی شێوازەوە هونەرمەند دەتوانێ ئیلهامە تاکەکان بکات بە یەکەیەکی چروپڕ و وا لەخەلکی بکات کە سەیری کارەکەی بکەن و تێی بگەن. بێگومان شێواز شتێک نیە کە جیاوازی لەگەڵ کارەهونەریە پوختەوکامڵەکەدا هەبێ، بەڵکو تێکەڵ بەیەکن و بەشێوەیەکی نادیارانە دەخزێنە ناو یەکتر.

کاری هونەری، بەرهەمی تاکەکەسیی مرۆڤێکە. کەچی سینەما بە هۆی کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی دێتەکایەوە. بێگومان ئەو کارە هەرەوەزیەش نابێتە هونەر ئەگەر بێت و مرۆڤێکی خاوەن شێواز و

کەسایەتییەکی هونەری بەرزی لە پشت نەبێ.

یەکەم هەوێنی دروستکردنی فیلم لە نووسەرێکەوە دەستپێدەکات کە کارەکەی (بیرۆکەکەی) دەبێتە بناغە بۆ فیلمەکە.

لەو ساتەوەش کە چیرۆکەکە نووسرایەوە، ئیتر ئەرکی ڕێژیسۆرە کە دەستنیش شێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکە بکات. جا ئەو کاتە ئەو هەموو کارە هونەرییە تاکەکەسیانە دەچنە ژێرخزمەتی کارێک کە پێیدەگووترێ سینەما و بەرهەمەکەش فیلم. فەرماندە و سەرپەرشتیکەری سەرەکی ئەم بەرهەمەش ڕێژیسۆرە. ڕێژیسۆریش دەبێت هەست و بۆچوونی خۆی بۆ بەرهەمەکەی بەتاموچێژێک دیاربکات کە بینەر هەمان تاموچێژی لێوەربگرێ.

لەرێگای شێوازی تایبەتیەوە، ڕێژیسۆر ڕۆحی خۆی دەخزێنێتە ناوکارەکەی تاوەکو ببێتە هونەر. هەر لەسەر ئەویش پێویستە کە روخسارێک بداتە کارەکەی بە روخساری خۆی بچێ. هەر بۆیەش ئەرکی ئێمەی ڕێژیسۆرە کە هەوڵبدەین سینەما لە پیشەسازییەکی رووتەوە بکەین بە هونەر. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەرمان لە کارەکەی خۆمان چاک شارەزابین و بە گرنگی و گەورەیی وەریبگرین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین. ئێمەی ڕێژیسۆر پێویستە داخوازیمان هەبێت، هەروەها بوێرین کە کارە هونەریەکانمان بەبێ کەمتەرخەمی بهێنینەدی. بۆ ئەوەی سینەما خۆی بچەسپێنێ و تازەگەریش بەردەوامبێت، لەسەرمان پێویستە کە خاوەن شێوازی تایبەتی بین لە دەربڕینی هونەریمان. وەک ڕێژیسۆرێک دەمەوێ ئەو فاکتەرانە بخەمە بەردەست کە لە فیلمی (ڕۆژی ڕق) Vredens Dag دا وەک شێوازێکی تایبەت بە خودی خۆم بەکارمهێناوە. بۆ نموونە وێنە و ریتم لە فیلمەکەدا.

**وێنە..** لە فیلمی دەنگدار جۆرە شێوازێکی بێتام و بێزەوق پەیدابووە، ئەویش قسەکردن (دیالۆگ) زاڵە بەسەر وێنەدا. هەندێ فیلم یەکجار زۆر دیالۆگی تێدایە، ئەوەندە قسەدەکرێ کە ڕێگا بە چاونادرێت تاموچێژ لە وێنەکان وەرگرێت، لەوەدەچێ کە کارمەندانی فیلمچێکەر لەبیریان چووبێ کە سینەما لە پێش هەمووشتێک شێوەهونەرێکی دیتنە Visuell لەوەی کە گوێگرتن بێ.

وێنە سووکتر و هاسانتر لە دیالۆگ دەچێتە مێشکی خەڵک. لە فیلمی (ڕۆژی ڕق)، هەوڵمداوە کە گرنگی بدەم بە وێنە و ئەم پرنسیپە بەرچاوبگرم کە وێنە خێراتر ئاشنای مێشک دەبێ. هەڵبەتە نەک لەبەر ئەوەی کە وێنەکە جوانە و هیچیتر، نەخێر ئەگەر وێنە لە خزمەتی فیلمەکە نەبێ ئەوا فیلمەکە تێکدەدات. بەڵام مەبەستی من لێرە ئەوەیە، ئەگەر من بتوانم شتێک، هەر شتێک، حاڵەتێک بە وێنە دەرببڕم، پێویست ناکات ووشە (دیالۆگ) بەکاربهێنم. هەربەوەمەبەستەش من و وێنەگرەکەم (سینەماتۆگراف) لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە فیلمەکە بە ڕەش و سپی بگرین و بە ڕەشتاڵیەکی تۆزێ خۆڵەمێشی و سپییەکی کاڵ روخساری فیلمەکەم ڕەنگ بکەم. چاو ئەو وێنانە چاکتر وەردەگرێ کە ڕێکوپێک و هارمۆنین و ئەوانی تر ڕەتدەکاتەوە کە نارێک و بێبەلانسن. چاو زۆر بە خێرایی و بە هاسانی هێڵی شەپۆلی وەردەگرێ لە وەی کە هێلی شاقوڵی هەزم بکات. هەروەها چاو بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک لەگەڵ ئەو شتانە (ئۆبجێکت) مامەڵەدەکات کە لەناو چوارچێوەی وێنەدا دەجوڵێنەوە، کەچی بە سستی (passiv) هەڵسوکەوت لەگەڵ شتی نەجولاو دەکات. هەربۆیەش، چاو تاموچێژ لە جولانەوەی کامیرا وەردەگرێ و لە گەڵ ئەم جولانەوەیە دەگونجێت ئەگەر بێتو بە ریتمێکی نەرم و هارمۆنی بجوڵێتەوە. بە کورتی، وەک یاسایەکی سەرەکی دەتوانین بڵێین، مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات ریتمی وێنەکان لە فیلم بەجوانی رابگرێ و بەرەو پێشەوەی ببات. هەڵبەزین ودابەزین لە جولانەوەی کامیرا و شێوەی لە

چوارچێوەدانی وێنە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی فیلم دەبێ لە خزمەتی دراماتورگی چیرۆکەکە بێت.

**ریتم..** فیلمی دەنگدار ، بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دواییدا، هەندێ فیلمی ئەمەریکی و زۆربەی فیلمە سایکۆلۆژیەکانی فەرەنسی ، شێوە ریتمێکی نەرمیان بەکارهێناوە کە وا لە بینەر دەکات تامۆچێژێکی چاک لە فیلمەکان وەرگرێ. ئەو جۆرە ریتمانە وادەکات کە بینەر حەز بەدیتنی وێنەکان بکات و لە هەمان کاتیشدا ئەو دیالۆگانەشی گوێ لێبێ کە پێویستن بۆ فیلمەکە. منیش لە فیلمی (رۆژی رق) ، هەوڵم داوە ئەم شێوازە تایبەتیە لەبەر چاوبگرم. هەندێ کەس رەخنەیان لە فیلمەکەم گرتووە ، کە لە هەندێک شوێندا دیمەنەکان ریتمێکی خاویان هەیە. بەڵام من ریتم دانانێم تەنیا بۆ ریتم و بەس ، بەڵکو هەندێک جار ئەو دیمەنە پێویستی بەو جۆرە ریتمە هەیە. ئەز فیلمم دیوە کە دیمەنەکان بە ریتمێکی زۆر خێرا مۆنتاژ کراون کە کاریگەریەکی درامی پێشکەش بە فیلمەکە کردوە و ریتمەکانی لە شوێنی خۆی بوویتە ، لەگەڵ ئەوەش فیلمم دیوە کە دیمەنەکانی بە ریتمێکی زۆر نارێک و ناهارمۆنی دروستکراون. ئەو جۆرە ریتمانە تەنیا خزمەتی (ریتم بۆ ریتم) دەکەن. هەڵسوکەوت وناوەرۆکی رووداوی چیرۆکی فیلمەکەی من (رۆژی رق) بریاری لەسەر ریتمی فیلمەکە داوە.

لە هەموو هونەرێکدا ، مرۆڤ و چارەنووسەکانیەتی کە دەبنە بابەتی سەرەکی و ناوەرۆکی کارەکان. لە فیلمی هونەریشدا ، هەر خودی مرۆڤە کە ئێمەی بینەر دەمانەوێ لەسەر پەردەی سپی سینەمادا ببینین و لێی نزیک ببینەوە و لەگەڵ شتە روحیەکانیدا بژین. خۆزگەی ئەوەمانە کە پەیوەندی و هاوسەری دروستبکەین ، لەگەڵ خەم وخۆشی و کارەسات و رووداوەکانی ئەم مرۆڤە تێکەڵبەیەک بین و لە جیهانی راز و نیازی ئەو مرۆڤانە بگەین. ئێمەی بینەر دەمانەوێ سینەما لەگەڵ خۆی بمانبات بۆ سەفەرێکی نادیار و دوور ، دەرگای شتە شاردراوەکانمان بۆ بکاتەوە وەمەتەڵەکانی ژیانمان بۆ روونبکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا داوای بەردەوام بوونی ئەوسەفەرە بێدەنگە دەکەین و خولیای تامۆچێژێکی تازەتردەبین کە لە دەرەوەی پەردە وهۆڵەکەدا بەدەستمان ناکەوێت.

گەورەترین دراما لە بێدەنگیدا خۆی دەنوێنێ. مرۆڤ هەستی راستەقینەی خۆی دەشارێتەوە ، هەوڵدەدات ئەو هەڵچوونەی کە لە ناخیەوە هەڵدەقوڵێ ، لەرووخساریدا دیارنەبێت. مرۆڤ بەدیتنی فیلمی سایکۆلۆژی زیاتر خۆی دەدۆزێتەوە. ئەوکاتەش ئەو حاڵەتە ورۆژمیە سایکۆلۆژیە دەردەبڕێت کە کارەساتێک روودەدات.

بێگومان بینەریش هەیە کە حەز بەدیتنی فیلمی ریالستی دەکات ، بەڵام ریالیزم هونەر نییە. بە رای من تەنیا ریالیزمی سایکۆلۆژی نرخێکی هونەری و راستیەکی هونەریان هەیە کە خۆی لەخۆیدا بابەتەکان لە واقیع وەرگیراون ، بەڵام بە چاوی هونەرمەندانە لە فیلتەر دراون و هەروەها هەموو وردەکاریە رۆژانەییەکان بۆ راستیەکی هونەری لە بێژینگ دراون.

من و ئەکتەرەکانم بەیەکەوە هەوڵمانداوە کە دیمەنەکانی فیلمی (رۆژی رق) ، کە خۆی لەخۆیدا درامایەکی چڕ و تیر و پڕن ، دووربن لە چوارچێوەی نواندنێکی شانۆیی. پێش ئەوەی کە بچمە سەر بابەتی جیاوازی نواندن لە نێوان شانۆ و فیلم ، دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە داگرم کە من بە هیچ شێوەیەک نامەوێ بە چاوێکی نزم سەیری شانۆ بکەم. ئەوەی مەبەستی منە لێرە تەنیانەوەیە کە ئەکتەر لە شانۆدا بە جۆرێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ شێوەی نواندن دەکات وەک لە سینەما و لەبەرامبەری کامێرەدا.

لە شانۆ ، ئەکتەر ناچارە بە دەنگێکی بەرزتر قسەبکات ، بۆ ئەوەی کە ئەوانەی لە ریزەکانی دواوە دانیشتوون بە هاسانی گوێیان لە دیالۆگەکان بێت. هەڵبەتە ئەو ناچاربوونەش تەنیا بە دەنگ ناکرێ ، بەڵکو ئەکتەری شانۆ ناچارە جۆرە جوڵانەوەیەکی

بێدەنگ(Mimik) (یاخود پانتۆمایم وەک لای ئێمە باوە) بە زەقتر بکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی بە باشی پیشانبدات. لە ستۆدیۆی فیلمدا، ئەکتەر پێویستی بەو شێوە دەنگ و شێوە پانتۆمایمە زەق و ئاشکرایە نیە. بەڵکو زۆر ئاساییانە، دەنگی ڕۆژانە و جوڵانەوەی ڕۆژانە بەسە بۆئەوەی ئەکتەر بتوانێ روحێکی زیندوو و باوەڕپێکراوبداتە کارەکتارەکەی.

گرنگترین شێوەی دەربڕین بۆ ئەکتەری سینەماش هەر جولانەوە و دەنگە. بەڵام کاتێک کە دەنگ هاتە ناو سینەما، جولانەوەی ئەکتەر کەمتربۆوە، چونکە ووشە (دیالۆگ) جێگای گرتەوە. هەرچەندە دیالۆگیش دەبوایە ڕۆڵێکی دیاری هەبوایە، کەچی زۆرجار ئەو دیالۆگانە لە دەمی ئەکتەرەوە بەڕووخسارێکی سارد و بەبێ هیچ دەربڕینێکی ڕۆحی دەگووتران. بەڵام فیلمە سایکۆلۆژیە فەرەنسی و ئەمەریکیەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەم جۆرە جولانەوەی میمیکی دووبارە هێنایەوە ناو سینەما کە بەرای من کارێکی پیرۆزە.

لە فیلمی دەنگدار، میمیک، mimik شتێکی زۆر بەنرخ و یارمەتی دەرە بۆ ئەکتەر، چونکە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بینەر بۆ تێگەیشتن لە هەست وبۆچوون و هەڵسوکەوتی ئەکتەر سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە دەیبینێ. ئەو جۆرە دەربڕینە میمیکە، ڕۆح دەداتە روخسار. زۆرجار دەتوانین کارەکتارو حاڵەتی ئەکتەرێک بە یەک جولانەوەی لەشی تێبگەین. بۆ نموونە، نیوچاوان گرژ بوون، چاونوقاندن، شان هەڵتەکاندن...هتد.

میمیک شێوە دەربڕینێکی سەرەتایی و بنەرەتیە کە مرۆڤ بەکاری دێنێت بۆ دەستنیشانکردن و دەربڕین و تێگەیشتن لە حاڵەتەکانی خۆی. نەک هەر تەنیا مرۆڤ، بەڵکو ئاژەڵیش بەهەمان شێوە داخوازییەکانی دابین دەکات بۆنموونە سەگ کاتێک برسیەتی یان تووڕەیە یانیش بەتەمای پەلاماردان و پاسەوانی کردنە ئەو جۆرە میمیکەی هەیە.

بەوبۆنەیەوە کە باسی میمیک دەکەین، حەزم کرد هەندێک باسی ماکیاژیش بکەم. ئەکتەر ناچارە ماکیاژ بکات، لەبەر کامیرا و رووناکی، بەڵام نابێ ئەو ماکیاژە لەسەر پەردەی سپی و کاتی پیشاندان هەستی پێبکرێ، پاشانیش وێنەگر بە شێوەیەک رووناکی دادەنێ کە ماکیاژەکە دیارنەبێت. هەرچەندە من لە فیلمی (ڕۆژی ڕق) بەتەواوی ماکیاژم رەتکردەوە و بەکارم نەهێنا چونکە درامای فیلمەکە وایدەویست.

مرۆڤی ئەو چەرخەی ئێمە، تارادەیەک فێری ئەوە بوون کە جوانی لە ساکاری و سادەیی رووخساردا ببینن، بۆیە کەمترماکیاژ دەکەن. چرچ و لۆچی ڕووی ئادەمیزاد دەستنیشانی کارەکتارەکەی دەکات، هەروەها ئەو چرچولۆچیە لە رووخساری مرۆڤێکی ڕووخۆش و ئێسک سووک لەگەڵ یەکێکی تری رەزاقورس مانای جیاواز دەبەخشن. جا ئەگەر ئەو چرچولۆچیە بە ماکیاژ لاببەین کە ئەکتەرەکە هەیەتی ئەوا ئەو کارەکتارەش لەناودەچێ کە مرۆڤەکە هەیەتی، بەتایبەتی لە گرتنی وێنە زۆر نزیکەکانی دەموچاو.

لایەنێکی تری جیاوازی نێوان سینەما و شانۆ سەبارەت بە ئەکتەرەکان ئەوەیە کە لە سینەما ئەکتەر دەتوانێت زۆر بە کزی قسەبکات. مایکرەفۆن هەیە کە هەموو دەنگێک تۆماردەکات، تەنانەت هەناسەش. لەفیلمی دەنگدار، ڕێژیسۆر دەبێ زۆر ئاگاداری هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان بێت، بەتایبەتی لە ڕووی دەنگ و جولانەوە و چۆنیەتی قسەکردن و دەربڕینی ووشە و ووتنی دیالۆگەکان. لێرەدا پێمخۆشە هەندێک لە سەر ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی ڕێژیسۆر بدوێم کە بەرای من لە هەموویان گرنگتر خۆ خەریککردنە لەڕووی ئامادەکردنی ئەکتەر. ڕێژیسۆر، وەک مامانێک وایە لەکاتی لە دایک بوونی منداڵێک، ئەم لەیەکچوواندنە ڕێک لەگەڵ بۆچوونەکانی ستانسلاڤسکی Stanislavskij یەکتر دەگرنەوە. ئەکتەر(منداڵەکە) بەرەو لەدایک بوون دێت و ڕێژیسۆریش (مامانەکە) یارمەتی دەدا بۆ بە

هاسانکردن و ڕێکوپێکی پرۆسێسی لە دایکبوونەکە. لێرەدا ڕێژیسۆر ڕۆحی خۆی و تێکستی نووسەرەکە لەپرۆسەی لە دایکبوونی ئەکتەرەکەدا دەبینێت. بۆیە پێویست ناکات کە ڕێژیسۆر ئەکتەر ناچاربکات بەزۆری شتێک بکات کە ئاسایی و رەسەنایەتی تێدانەبێ. بەڕای من ئەکتەر بە فەرماندەی توند ناتوانێت داهێنان پیشانبدات وکارەکتار دروستبکات ، چونکە هەستی ڕەسەن و دەروونی ڕاستەقینەی کارەکتار بە زۆری دروست نابێت ، بەڵکو دەبێ لە خودی ئەکتەرەکەوە بێتەدەرەوە. ئەوەش تەنیا بە هاریکاری نێوان ڕێژیسۆر و ئەکتەر دەبێت ، جائەگەر ئەو دوو لایەنە بتوانن ئەم حاڵەتە بدۆزنەوە ئەوا کارەکەیان سەرکەوتوو دەبێت.

ئەکتەری چاک لە دەروونەوە کارەکتار دروستدەکات نەک لە ڕوواڵەتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستەم نموونەیەک دێنمەوە. منداڵێک لەدایکی زۆر تووڕەدەبێ ، بەڵام دایکی بە ڕوویەکی خۆشەوە پێیدەڵێ. ئای. دەتۆزێک پێبکەنە..!!. منداڵەکە لەسەرەتا زەردەخەنەیەک دەنیشێتە سەر ڕووخساری ، بەڵام پاشان دەستدەکات بەقاقای پێکەنین و لەخۆشیان بەمسەروئەوسەری ژوورەکەدا ڕادەکات. شێوازی قسەکەی دایکی منداڵەکە و زەردەخەنەی منداڵەکە ، لەگەڵ ناخی منداڵەکە تێکەڵدەبن و تووڕەیی نامێنێ. بۆ دەربڕین لەو خۆشییە منداڵەکە دەستدەکات بە یاریکردن و ڕاکردن بەدەوری خۆیداو بە هەڵسوکەوتێکی سەیر ئەو حاڵەتەمان نیشاندەدات کە مناڵەکە تێیدادەژی. جا ئەکتەریش ، وەک ئەو منداڵە وایە ، دەبێت وایلێبکەی کە کارەکتارەکەت بە حاڵەتێک و شێوازێکی ڕەسەن و باوەڕپێکراو بۆ بنوێنێ.

هەڵبەتە ناتوانم باسی فیلم بکەم ئەگەر بێتو هەندێک باسی مۆسیقاش نەکەم. هێنریش هاینێ Heinrich Heine گوتوویەتی

"کاتێک کە وشە نامێنێ ، مۆسیقا جێگای دەگرێتەوە." جا هەر ئەوەشە کاری مۆسیقا لە فیلم. مۆسیقا شان بەشانی وێنە و ووشە ، دەوڵەمەندی دەدات بە کارە هونەریەکە و حاڵەتە سایکۆلۆژیەکانی کارەسات و ڕووداو و کارەکتارەکانمان بۆ نیشاندەدات. هەرچەندە ئومێدەوارم کە فیلمی وا لە داهاتودا دروستبکرێت وێنەی سینەما خۆی ئەم حاڵەتەمان بداتێ و نەبێتە ووشە ئەگەر نەما مۆسیقا جێگای بگرێتەوە.

تائێرە ، من باسی پرۆسە و تەکنیکی فیلم دروستکردن و لایەنە پراکتیکەکانی ئەم کارەهونەریەم کردوە ، کە پێموایە شارەزایی پەیداکردن لە کاری تەکنیک پێویستیەکی گەورەی فیلمچێکەرانە. هەروەها هەموو هونەرمەندێکیش ، بۆ گەیشتن بە پلەیەکی بەرزی هونەری بومەرامێک ، پێویستی سەرشانێتی کە لە کارەکەیدا شارەزابێت و سەری لە چۆنیەتی بە ئاکام گەیشتنی شێوەو شێوازی ئەم کارە هونەرییەی دەربکات. بێگومان ئەوانەی کە فیلمی منیان دیوە ئەوەدەزانن کە من تەکنیک وەک شێواز و ڕێگایەک بەکار دەهێنم بۆ دەربڕین لە ئایدیاو بۆچوونەکانم ، نەک لەبەر خودی تەکنیک خۆی. هەموو ئاوات و مەرامێکیشم ئەوەیە کە بینەر تاموچێژ لەکارەکەم وەرگرێ.

*کارل تیودۆر درەیەر Carl Theodor, DREYER (1968-1889) ، ڕێژیسۆرێکی دانمارکیە ، یەکێکە لە فیلمسازە ناودارەکانی فیلمی هونەری لە مێژووی سینەما کە لە دانمارک و سوید فیلمەکانی دەهێنایەبەرهەم. درەیەر، خاوەن شێوازێکی تایبەتمەند بوو لە دروستکردنی فیلمەکانی. دراماى سایکۆلۆژی و شیکردنەوەی سایکۆلۆژی ناخی مرۆڤ ، بێئارامی ، خۆبەخنکردن ، توندوتیژی و خۆشەویستی ، سەرجەم و ناوەرۆکی کارەکانی بوون. لەسەردەمی فیلمی بێدەنگ زیاتر بەرهەمی هەبوو. لەتەواوی سی ساڵی تەمەنی هونەری ، تەنیا پێنج فیلمی دەنگداری بەبەرهەمهێناوە. فیلمی وەک (ژان دارک) Jeanne d Arc و (ڕۆژی ڕق) Vredens Dag لە کارە هەرە وەستاییەکانیتی. بەبڕوای درەیەر ،

دەورویشت ، خەڵکەکان ، رووداوەکان پێویستە تێکبئاڵێندرێن و بەریتمێکی ڕێک وپێک و دەستنیشانکردنی شوێنی کامیرا و چوارچێوەی وێنە و جوڵانەوەی ئەکتەرەکان دەبێت تەواوییەک و یەکانەیەک بدەن بە رۆحی فیلمەکە.

درەیەر زۆر دەسارگیر بوو لە داخوازییەکانی کە زۆر جار تەنگوچەڵەمەی بۆ دەخوڵقاند لەگەڵ بەرهەمهێنەرەکانی دانمارک و سوێد. هەموو ئاواتی ئەوەبوو

کە فیلمێکی درێژ لە سەر ژیانی مەسیح سازبکات ، بەڵام بەداخەوە مردن ڕێگەی پێنەدا.

سەرچاوە:

Carl Th. DREYER , Något om filmstil FILM- EN ANTOLOGI , Kerstin Allroth .Lund 1971. Sweden

## بانگەوازێك

لاوازی جوکمی چاو یان نابینایی یەکێکە لە هەرە دژواری و کێشەیەکانی سەر ڕێگای ئادەمیزاد. نابینایی چ زگماک چ لە ڕێگەی نەخۆشییەوە، چ بەهۆی کارەساتی جۆراوجۆری ئاکە کەسییەوە، لەمێژە میوانی بەخێرنەهاتووی ئینسانە. بەڵام بەتایبەت لەو شوێنانەی کە شەڕو کوشتارو ئەنفاو تەقاندنەوە بەرۆکی گرتوون، وەک کۆمەڵگای کوردەواری، ئەم دیاردەیە زۆر فراوانترو فرەگیرترە.

لە کوردستاندا، وەک زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، نە ڕێکخراوێک هەبووە کە نابیناکان کۆبکاتەوە، نە ڕێبازێک کە خوێندنەوەو نووسینیان فێربکات.

ئەگەر خزمەتی بەنرخی جێگایەکی وەک مزگەوتی گەورەی کاک ئەحمەدی شێخی لە سلێمانی لێدەرکەین، لە ڕاستیدا دەکرێت بگوترێت کە نابینایان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە تەواوی پشتگوێ خراون...

کچ و کوڕو گەنج و ڕۆشنبیرەکانی دەرەوەی وڵات، پاش وەچەی نوێی کورد لە دەربەدەری و غەریبیدا، سەرەڕای هەموو تەنگوچەڵەمەی ژیان و گوزەرانی شەخسی خۆیان لە وڵاتانی بیانیدا، قورسایی ئەم ئەرکە نیشتمانی و ئینسانییەشیان لەسەر شانە کە بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی گەلەکەی خۆیان بەم هەوارە ئاوەدان و ئازادەی جیهانی نوێدا، پێشەنگ و پێشڕەوبن. بۆچی یەکێک لەم بوارانە خوێندن و نووسین بە نابینایان نەبێت؟

ئێمە چەند لاوێکی نابینای کورد لە دەرەوەی وڵات و پەنابەر لە سوێد بڕیارمان دا ئەم ئەرک و خزمەتە گەورەیە بە ئەستۆ بگرین و لە دژواری کارەکە و چاوتی و چەتوونی هەلو مەرجەکان نەترسین. بۆ ئەم مەبەستە بڕیارمان دا شێوەی نووسینی ناسراو بە نوختەچن، کە بە ناوی داهێنەری یەکەمی برایل ( ) ناسراوەو ئەلفوبێی تایبەتی نابینایانە و بە کوردی شێوەزبری پێدەگوترێت بە کوردی ڕێکبخەین.

بەڵام پێویستی بەوە هەبووە کە ئەم نووسینی زبرە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەلفە بێی کوردی بگونجێندرێت. ئێمەش لەم بارەیەوە هەموو هەوڵێکمان داوەو جگە لە خۆمان پەنامان بردوتە بەر زۆر لە زمانەوانان و، سەرەنجام ئەم ئەلفو بێیەمان بە کوردی ڕێکخستووە.

جگە لە دەقی ئەسڵی کە ئینگلیزییە، ئێمە لە دەقەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی کەڵکمان وەرگرتووە بۆ داڕشتن و ڕێکخستنی دەقە کوردییەکەی، هیوادارین خزمەتەکەمان دەستگیری هەزاران نابیناو ئێستا داهاتووی، لە هەموو پارچەکانی کوردستان خزمەت بکات، کە دنیای تاریکی خۆیان بە تووری نووسین و تیشکی خوێندنەوە، ڕووناک بکەنەوە. ئێوەی خوێنەریش هەر کەس هەن و لەهەر کوێ هەن دەستی دۆستایەتی و یارمەتی بە لای ئێمە درێژبکەن، تا هەموومان پێکەوە، بیناو نابینا، شادمانی و بزە بخەینە ناو ئەو دڵانەی کە لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان پێی هەیە.

هەر کەس پێیخۆشە ئەم زبرە کوردییەی دەست بکەوێت با لەگەڵ ئەم دوو مەرکەزە جیهانییە پەیوەندی بگرێت.

National Library Service for the Blind and Physicly Handicapped
Library of cogress
Washinton D. C. US. A

2- Scientific and Cutlural Organization
7 place de fontoenay
757 00 Paris / France

هەر کەسێک پێی باشە زانیاری زیاتر وەربگرێت، یان یارمەتیمان بدات، با پەیوەندی بەم ژمارەی فاکس و تەلەفۆنەوە بکات:

٠٠٤٦ ١٨٥٢٥١٥٢ هێمن

چیرۆک

# مردنی سەربازە هەڵاتووەکە

عەتا محەمەد

کۆمەڵێک سەرباز لە پەنایەکی سەر چینکۆی بە لم داپۆشراو بەدرێژایی ئەو رۆژە قسەیان دەکرد، بێزاریش لە چاویاندا تێکەڵ بە سام و بێدەنگی دەبوو. ئەوانە لە تاریکی و رووناکی بیاباندا بەدوای ئەو تاڵانە دەکەوتن کە بەردەوام لە ترس دووری دەخستنەوە. ترس کوشندەترین وشە بوو، لە نانخواردن و پشوودان و ناوخوێندنەوەو ئێشکگرتنیاندا لێیان نەدەبووەوە. تاڵەکانیش تەنیا لە گێرانەوەکانیاندا بوو کە هەرگیز لێی بێزار نەدەبوون. پاش ئەو رستەیە کەمێک وەستا. لەوە دەچوو بیەوێت رستەکان بە شێوەیەکی باشتر رێکبخات. دوای چاوگێڕان بە سەربازەکاندا بەردەوام بوو..

ئەمە دوایەمین قسەیە سەربازە هەڵاتووەکە دەیەوێت بیکات، کاتێک لە ناوەڕاستی دەرگای سەربازگاکەدا بە دەمدا دەکەوێت و، بە هەرچواردەوریدا بیابانێکی مسین درێژبۆتەوە. لە نزیکییشیدا چوار سەرباز وەستاون، ئەمیش رووت و روو لە ئاسمان درێژبووە. لە ژێر جەمالۆنە بەلم داپۆشراوەکانیشەوە بەردەوام سەرباز دێنە دەرەوە تا بەدەوریدا بازنەیەک دروستدەکەن.

پاش ڕەشەبا هەوای بیابان قورسدەبێت. هەوای خنکێنەرو بێ جوڵەی ئەو بەیانییەش هەموو شتێک خاودەکات و تەنانەت کەوتنەکەی ئەویش زۆر هێواش دەکاتەوە، کە بواری هەموومان دەدات پێکەوە کەوتنەکەی ببینین. لە ژێر هەوای قورس و لە سەر لە مسییەکە هەموو شتێک وەک خاڵی ڕەش یان بۆر دەنوێنێت. کەوتنی ئەمیش پێنج رۆژ دوای هەڵکردنی ڕەشەبا لمییەکە بوو، کە هەموو شتێکی لەسەر لمەکە دەسڕییەوە. ئەم تورەییەش تاکە شتێکە لێی دەترسین. جار هەیە کتوپڕ بە راماڵینی ئەو شتانەی دێنە رێی دەست پێدەکات. لە ناو ئەو تورەییەدا سەختترین شوێن، کە مرۆڤ نەیتوانیوە دەستەمۆی بکات، دەبیندرێت.

دوایەمین قسە کە سەربازە هەڵاتووەکە دەیەوێت بیکات پێنج رۆژ دوای هەڵکردنی ڕەشەباکە بوو، کە لە کاتی هەڵکردنیدا هەموومانیان بە سەربازە زیندانییەکانیشەوە-کە کاتێک لە ناو ژوورە چینکۆییە تەسکەکاندا دەریان دەهێنان نەیان دەتوانی لەبەر توانەوەی ئێسکیان بە پێوە بوەستن- دەمرد تا چاودێری شتەکان بکەین نەک لم دایان پۆشێت، یاخود هەڵیان کەنێت و زەوییەکانمان تێکەڵ بە زەوییەکانی دەرەوە بێت.

سەربازە زیندانییەکانیش تاکە شتێک کە بیریان لێ نەکردبێتەوە هەڵاتن بوو، چونکە دەیانزانی کە لەکاتی وادا بیابان هەوڵی سڕینەوەی هەموو شتێک دەدات: رێگا، ئۆتۆمبێل، سەربازە هەڵاتووەکان... لە هێمنیشدا بیابان لە جەستەی ئافرەتێکی گەنمڕەنگی راکشاو دەچێت کە خۆشترین خەومان لەسەر دەبینی، لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێک تیایدا وەک خاڵی ڕەش یان بۆر دەنوێنێت، تەنانەت ئەوانەی شەوانە لە پەناتدا دەنووستن. لەو چاڵە بەلم داپۆشراوانەدا لە ڕەگی درەخت دەچووین، تفەنگەکانمان بە شانماندا

هەڵدەپەسێرین و لە بێدەنگی ڕادەمێنین. یەکێک بە کزییەوە دەڵێت:

– کوللەو زەرووومان تێبەردەدەن..

– سەربازەکانیان زیندووکراوەن، جارێکی تر نامرنەوە، لە شوێنێکی دیکە سەربازێک وادەڵێت.

ئێوارانی پێش شەڕ مرۆڤ ناتوانێت لە تفەنگەکەی جیابێتەوە. بۆنی باروت، سامناکی لم، جەستەی بیابان و نەبوونی باڵندەیەک زیاتر دەتنووسێنێت بە تفەنگەکەتەوەو دەیکاتە ئەندامێکی تری لەشت.

سەربازە چوارخەتە ڕەشتاڵەکە چەکەکەی هەڵدەگرێتەوەو، دوای ئەوەی لە پشکنینی دەفتەری ڕۆژانەی سەربازەکان دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە لای سەربازە هەلاتووەکە. لە سێلەی شانی فەرماندەوە سەیری قوڵایی بیابانەکە دەکات و دەڵێت:

– گەورەم هەشت ڕۆژە!!

ئەمە ئەو تەنیا شتەیە کە لە سیمەکان دەپەڕێتەوە و لە درزو کونی پەناگاکانەوە دەچێتەخوارەوە هەموو سەربازگاکانی ناوچەکە، تەنانەت ئەوانەی ئەوبەریش، لە یەک کاتدا گوێمان لێدەبێت، گوێمان لە دەنگی ئەو گوللانە دەبێت کە لەژێر هەوا قورسەکەدا بە کپی و هێواشی دەکەونە ئەملا ئەولای قاچییەوە.

پاش ئەوەی لە سیمەکان پەڕییەوە، فەرماندە کەمێک لە نیشانگرەکان نزیک دەبێتەوەو سەیرێکیان دەکات و بە هێمنی دەڵێت:

– بەسە.. خۆی دەگەڕێتەوە!

نیشانگرەکان بە بێزارییەوە دەگەڕێنەوە دواوە؛ بێزاری نەکوشتنی کە دەبوایە بیان کوشتایە. دەبوایە بکوژرایە تا ئەو جێپێیانە بەجێ نەمێنن کە تەنیا شتێک بوون لەو چۆڵەوانییەدا لە گەڵم بوون. پاش ئەوەی سەربازگەکە لە بەرچاوم ونبوو ڕاوەستام، بە هەرچواردەورەمدا ڕوانیم. گەورەم ئەوکاتە زانیم کە من بۆ جێگەیەک دەگەڕێم تیایدا بمرم.

کاتێک ڕایدەکێشنە بەردەم ژووری فەرماندە لەسەر پشت باڵی دەخەن. لە ژێر پێستە وشک و سوتاوەکەیدا، لە چاوە هەڵتۆقیوە شینەوەبووەکانیدا ترس دەبینین؛ ترسێک کە وەک پەڵەی زەرد لەسەر پێست و ڕەشێنەی چاویەتی.

– گەورەم هەشت ڕۆژە تەنیا لم دەخۆم !!

سەربازەکان بەردەوام هەست بە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕستە وشکە دەکەن. سەیری یەکتری دەکەن و چاو لە پەڵە زەردەکان دەبڕن، ئەوکاتە بۆنی مردن بە خەستی لە لەشیانەوە دێت. بیابان ئەو مردنە گەورەیەیە کە لەبەردەمتدا ڕاکشاوەو لە یەکەمین پێخستنە سەریەوە زۆر بە هێمنی دەمرێت. جوڵە و دەنگ و بۆیاخی پۆستاڵ و تەنانەت ئەو خواردنەی دەیخۆیت هەموویان دەمرن. بۆنی مردن لە خۆرە سوتێنەرەکەو دەنگە لە سوورەوەبووەکانەوە دێت و بەسەر پێستە ڕەشداگەڕاوەکانمانەوە دەبریسکێتەوەو دڵنیایی مردن دێن. بیابان تورەییە دەتشێوێنێت. لێرەدا جیاوازییەکە ئەوەیە کە لەپێش مردن و لە پاشانیشدا ناناسرێیتەوە.

لە ناوەڕاستی دەرگاکەدا بە پشتدا کەوتبوو. بە دەوریدا کۆمەڵێک سەربازی سەرتاشراو ڕاوەستاون. هەندێکیان دەستیان لە گیرفانی پانتۆڵە خاکییەکانیاندایەو، هەندێکیشیان جگەرەی پێچراوە دەکێشن. یەکێک لێی نزیک دەبێتەوەو پۆستاڵەکەی لەپێی دادەکەنێت. لەگەڵ داماڵرانی پێستی قاچیدا، بەدەم ڕاکێشانی پۆستاڵەکەوە، ماسی ویشککراوەی دێتەوە یاد، کە بە ڕێکەوت لە کۆڵانێکی پشت «شەقامی ڕەشید» لە سندووقی تەختەدا بینیبووی.

ئەوکاتە تیشکە زیوییەکە بەخواری دەیدات لە لەشە باریک و وشکبووەکەی، دەنکە لمەکانی دەوری دەبریسکێنەوە. ئەو لایەی لە خۆرەکە بوو هێڵێکی سپی بەدەوردا دروست ببوو. ئەوەی لای سەریەوە ڕاوەستابوو مردنی باوکی هاتەوە یاد. یەکێکی تریش سەفەرکردن و، چوارخەتەکەش ژنەکەی بیرکەوتەوە.

فەرماندە سەیریان دەکات و بە تورەییەوە دەڵێت:

– بیبەنە شوێنێک!

تا فەرماندە لە تاریکیدا ونبوو سەیریان دەکرد. پاشان ئەو دووانەی لە تەنیشتییەوە دەنوون دەچنە ژێر باڵی و بەرزی دەکەنەوە، یەکێکیش لە دواوە پۆستاڵەکانی بۆ هەڵدەگرێت. پێیە خشاوەکانی دوو هێڵی تەریبی لەسەر لەکە دروست دەکەن. بردیانە خوارەوەو لەسەر جێگاکەی پاڵیانخست. ناو پەناگە «مەلجە» و بەردەرگاکەی پڕدەبن لە سەرباز کە دێن بۆ بینینی. یەکێک لە لای دەرگاکەوە دەڵێت:

– بزانە جگەرە ناکێشێت؟

– نا ئەوە پێنج ڕۆژە نانی نەخواردووە..

هەموو سەربازەکان، بەوەشەوە کە قسە دەکات، دەدەنە پێکەنین.

بۆ فافۆنەکەی ملی دەگەڕێن بەڵام نایدۆزنەوە. یەکێک بە بێزارییەوە دەڵێت:

– چاوەڕێی چین؟ چاوی داخەن!

– چاوەڕێی مۆڵەتی فەرماندەین.

– ئەی چەکەکەی کوا؟

لەو کاتەدا سەربازێک خۆی بە قەرەباڵغییەکەدا دەکات دەڵێت:

– فەرماندە داوای دەکات.

هەر ئەو دوانەی پێشوو دەچنە ژێرباڵی و دەیبەنە دەرەوە، پۆستاڵەکانیشی بەیەکەوە گرێدەدەن و بە ملیدا هەڵیدەواسن. فەرماندەش کاتێک لە بەردەمیدا دایدەنێن هاتوچۆ دەکات. پێستی ڕەشترو چاوی کەم ڕوناک دەنوێنێت. ئەمیش چاوە کراوەکانی بەرەو تاریکییەکە کردبۆوە نەیدەتوانی فەرماندەکان لە یەکتری جیابکاتەوە. ئەوەی بەناو دڕکدا لەسەرزگ دەیبرد، یان ئەوەی ڕۆژێکی تەواو قاچێکی پێ بەرزدەکردەوە، یان ئەوەی لەسەر سەری وەستاوە، یاخود ئەوانەی لە جادەو وێنەکاندا بنیوێنی، لە T.V دا قسەدەکەن و لە خوتبەکانیاندا گەشکە دەیانگرێت.. نەیدەتوانی لە یەکیان جیاکاتەوە.

کزەبای ئێواران دەستی بە هەڵکردن کردبوو. لە نێوان سیمەکانەوە دەهاتە ژوورەوە تا بۆشایی ناو سەربازگەکە پڕکاتەوە. فەرماندە بە هێواشی دەڵێت:

– بیکەنە شتێکەوە!

بەو تاریکییە دەچنەوە ژێرباڵی و دەیبەنەوە بەردەم پەناگەکەی. دایدەنێن، پاش ئەوەی یەکێک دەڵێت:

– با ئەمشەو لە دەرەوە بێت.. هیچ نییە تێی بکەین.

لەسەر لەکە پاڵیدەخەن و بە بەتانییەک دایدەپۆشن، پۆستاڵەکانیشی لای سەریەوە دادەنێن.

– کەسی ناوێت بە دیارییەوە بێت، ئەوە هەشت ڕۆژە تەنیایە!

لە خوارەوە، لەناو چاڵەکەدا بە دەوری فتیلە دوکەڵاوییەکەدا، کۆدەبینەوە چاوەڕوانی بەیانی دەکەین. بەدەم گێڕانەوەی هەڵاتنی سەربازەکەوە، پێنج ڕۆژ پاش هەڵکردنی ڕەشەبایەکە، جگەرە دەپێچینەوەو لە جوانداپۆشینی دڵنیا دەبین، لەگەڵ ئەوەی دەزانین ساردی لەکە دەگاتە سەرئێسقان.

بەپێ برینی لەکە مەحاڵە. سێ شەوو سێ ڕۆژ بەردەوام ڕۆیشتم تا لە بیابانەکە دەرچم، بەڵام لێرە شتێک نییە ناوی دەرچوون بێت. پاش ئەوەی چوارجار ڕووی ڕۆیشتنەکەم گۆڕی هەر گەیشتمەوە دەرگای سەربازگەکە. لەسەر ئەم لە زیوییە هەموو شتەکانی دەوروبەرت لە یەک دەچن و مانای خۆیان لەدەست دەدەن. لەناو بۆشاییەکانی لدا ونبووم و هێڵنجم دەدا، لم هەڵدەهێنایەوە. دەڕۆیشتم و بەردەوام دەکەوتمە ناو زۆنگاوەکانی تینوێتییەوە. تەنیابووم تا گەیشتمە ناو دەرگای سەربازگاکە.

هەر ئەوکاتەی لە چاڵەکەدا دادەنیشین و باسی هەڵاتنی سەربازەکە دەکەین، فەرماندە دوور لە ئێمە نووستووەو یەکەم جارە دەنگی پرخەی دەبیسترێت. لە سەرەتادا پاسەوانەکان وادەزانن دەنگی ئۆتۆمبیلێکی ڕێونکردوویە، تا لە پشت ژوورەکەیەوە خۆیان مات دەکەن و بە یەکتر دەڵێن:

– خەو دەبینێت!!

لەودیوەوە فەرماندە لە خەودا نقووم بووە، خەون بە ڕەنگی تفەنگ و ئەو سەربازانەوە دەبینێت کە لە سزادا

پەرکەم دەگرن. ئەو شەوە بۆ میزکردنیش نایەتە دەرەوە. پرخەی دێت و خەو بە قووڵایی مردنەوە.. بەلاشەی سەربازە ویشکبووەکەوە دەبینێت. دوو پاسەوانەکە بەدەم پێکەنینەوە سەیری سەربازێک دەکەن، کە لە نزیک هەڵاتووەکەوە کەمێک دەوەستێت و پاشان دەگەڕێتەوە پەناگەکەی. ئەو هێشتا دانەنیشتووە دەڵێت:

– لە تاریکییەکەدا پەڵە زەردەکانی دەبریسکێنەوە!!

– ئەوە پەڵەی ترسە.. ترسی بە تەنیا مردن!!

کەس هەوڵی نەدا بزانێت کێ وای گوت، چونکە هەر لەگەڵیدا یەکێکی تر بە ترسەوە گوتی:

– دەشێت لەو خراپتر بێن...

لێرەدا نەیاندەزانی بیر لەچی دەکەنەوە، چونکە ترس لە هەموویاندا دەبینرا، ترسی بە تەنیا مردن. یەکێکی تربە سوکی وتی:

– هەر ئەو باش بوو کەس گوێی لە هاواری نەبوو.

تا بەری بەیان لەژێر دوکەڵی تۆخ و بەدەم جگەرە پێچانەوە دادەنیشتن، تا ئەوکاتەی بەرەبەیان فەرماندە تیایدا هاواردەکات:

– دووری خەنەوە لێرە..

لەگەڵ دەنگەکەدا رادەکەینە دەرەوە، شلەژاوی فەرماندە دەبینین، ئەمیش چاوەکانی لەسەر لەکە بە قووڵایی رووناکی ئاسمان هەڵدابوو، پەڵەی زەردی کاڵیش بە دەموچاویدا بڵاوبیوونەوە.

ئەوەی پێویست بێت بۆ هەڵاتووەکەی دەکەن . پاشان دەیخەنە پشتی ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە و سەربازێک لەلای سەریەوە دادەنیشێت، ئەوەی نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە دەمرێت و جگە لە بیابان کەسی لەلاوە نابێت. هاواری لێدەکەن:

– قسەی بۆ بکە تا ئارام بێت!

لەو کاتەوەی دەکەونە رێ بە درێژایی رێگا، کە پانزە سەعاتێکە، قسەی بۆ دەکات. باسی زۆر شتی بۆ دەکات. باسی ئەو شتانەشی بۆ دەکات کە یەکەم جارە بێ شەرم دەیانڵێت. ئەمیش چاوەکانی لە شیشی ئۆتۆمبێلەکە بڕیبوو.

لە دووری پانزە سەعاتەوە «گاورسورخ» لە ناوچەیەکی شاخاویدا راکشابوو. لێرەدا هیچ کام لە سەربازەکان پرسیاری گاورسورخ ناکات، چونکە هەر یەکێکیان ئەو شارەی لە زەیندایە کە دوایەمین جار بۆی دەگەڕێتەوە.

لە مانگی ئابدا تەپۆلکەکان زەردو ویشک دەنوێن. شنە بایەک بەسەر وەرسی و سستی رۆژە گەرمە درێژکراوەکانی تەمموزدا هەڵدەکات. کە گاورسورخ خوڕەی ئاوو بۆنی سەوزبوون لە دەمارەکانییەوە دێت تیشکی خۆر وەک دڵۆپە ئاڵتوون بە سەریەوە دەبریسکێتەوەو، نوێژە درێژەکانیان لەژێر قوبیە نیلییەکاندا شنەی ئارامی لێوەدێت. گاورسورخ لەوێدا، لە رابردوودا، راکشاوە کە پەتا کوشندەکانی وەک پەڵە بە ناوچەوانییەوە دەدرەوشێنەوە.

لەژێر شینایی ئەو ئاسمانە گەرمەدا دەگەڕێیتەوە. بە راکشاوی لە پشتی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیدا دێیتەوە و جگە لە پیرێژنە ویشکهەڵاتووە چرچەکان، کە پێشتر خەونت پێوە دەبینین، کەسێکی تر چاوەڕێت نییە. لە قەراخی ئیڤا سەربازییەکەوە گوێ لە قسەی ئەو سەربازە دەگریت کە لەسەر سەرت راوەستاوە. هەندێکیش، بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت، ژنەکان دوور دەخەنەوە، چونکە لە رووتیت دەترسن. تۆیش چاوە پڕ پرسیارەکانت بەرەو ئاسمان کراونەتەوەو قاچت گەیشتۆتە دەرگای ئۆتۆمبێلەکەو پڕ بەپڕی ئیڤاکە هەڵامساویت. سەربازەکە قسەت بۆ دەکات و ژنەکانیش فریای پرچڕنینەوەو یەخەدادڕین دەکەون. سەربازەکە دەیەوێت بڵێت: «بریا سندووقێکمان دەست بکەوتایە!» کاتێک یەکێک هاوار دەکات:

– زۆر ئاوساوە.. ئاگاداربن بریندار نەبێت!

شەو بە تاریکی و شنەی باو بێدەنگییەوە دێت و، ژنانیش لە نوزەنوزێکی هێواشدا کۆمەڵ بوون و، کراسەکانیان تا سەر ناوکیان دڕیوە. جێگا چنگ و چەپۆک لەسەر رومەت و سنگ و بەشێکی مەمکە



دەرکەوتووەکانیان دیارە، کە لە سەرەتادا و لەگەڵ پێداکێشانیدا جێگاکە سپی دەبێت پاشانیش سوور هەڵدەگەڕێت. جارجار سنگەکان دەکەونە گۆشەی بینینی چاویەوە، کە لە حەوشە پاڵخراوەو چاوە بێ ئارامەکانی بەرەو ئاسمان کراونەتەوە. لە دەوری ئەم ڕیزێک لە پیرە کەمدووە ماتەکان دانیشتوون و سەرقاڵی جگەرەکێشانن بە دارجگەرە زەردباوەکانیان. لە دواشیانەوە گەنج و هەرزەکارەکان ڕاوەستاون. منداڵانیش لە سەربانەکەوە سەیری دەکەن، ئەمیش چاوە بێ ئارامەکانی بەرەو ئاسمان کراونەتەوە.

ئەوەی کاغەزی وەرگرتنی سەربازە هەڵاتووەکە ئیمزادەکات دەڵێت:

– سەربازەکە وتی کە هەشت ڕۆژ زیاترە مردووە!

یەکێک کە خۆی بەسەر گۆچانێکدا نوشتاندۆتەوە بە هێمنی دەڵێت:

– ئەی چۆن دۆزیانەوە؟

– وتی هەر خۆی بە ڕووتی گەڕابۆوە.

پیرەکان بێدەنگ دەمێننەوە تا یەکێک دەربارەی پەڵە زەردەکانی سەر پێست و بیلبیلەی چاوی دەپرسێت. ئەوکاتە یەکێکیان زۆر بە هێمنی و بێ ئەوەی بیەوێت دەڵێت:

– ترسە.. ترسی بە تەنیا مردن.

لەو دەمەو بەیانییەدا بۆ یەکەمجار شەونم لەسەر پێستە ڕەشداگەڕاوو پەڵاوییەکەی دەبینن. کاتێکیش شنەی با بە سەریدا دەخشێت دەبینن پێستەکەی دەکشێت و گەورەدەبێت.. سەرپەنجە شینەوەبووەکانی سوور هەڵدەگەڕێن. دەبینن سپیتر و تەڕتر دەبێت.. گەورە دەبێت. ترسی جێنەبوونەوەی دەیانگرێت. هێشتا فێنکی کزەبایەکە لەژێر پێستماندایە کە لەخۆدانی ژنان دەست پێدەکاتەوە. شەونمەکان دەبنە هەڵم و ونده‌بن. بازنەی سەیرکەرانیش، لە مامۆستاو فەرمانبەرو کچەعازەب و کرێکارو دوکاندارو منداڵ زیاد دەکات. ئافرەتەکان لە ڕەنگی سەرلێوی

وردەبنەوە، کە لەو رەنگەیان بۆ لێویان دەستنەکەوتووە. رەنگە تیوارەکەی پێستی وایان لێدەکات رانیان، لە ترسان و لە شەرمان، توند جووت بکەن. پیاوانیش تەنیا سەیری ئەو دەست و بازووانەی دەکەن کە لە خەونەکانیان گەورەترن، منداڵانیش لە نزیکەوە یاری دەکەن کاتێک ئەو چاوە بێ ئارامەکانی لە ئاسمان بڕیبوون.

پاشان ژنان داوادەکەن سێرژەی بۆ بکەن. لەوێدا تەنیا منداڵێک لە درزی پەنجەرەکەوە چاوی لێدەبێت. چاوی لە کردنەوەی لەچکەکان دەبێت بەدەم لەخۆدانەوە.. شۆڕبوونەوەی قژە درێژو قوڕاوییەکان.. جارێکی تر یەخەدادڕین تا سەرناوک.. بەرزبوونەوەی ژنان لەگەڵ چەپۆکە قورسەکانیاندا. ئەمیش تیواری تەردەبێت، سەرپەنجەکانی سوورو نیگاکانی هێمنتر دەبن. تەنیا منداڵێک لە درزی پەنجەرەکەوە دەیانبینێت. لە دەریشەوە کۆمەڵێک وەستاون و بە نزمی دەدوێن:

– دەبێت چاوەڕوانی بروسکەنامە بکەین چونکە چەکەکەی نەگەڕاندۆتەوە!

– دەتوانین پارەی چەکەکەی بۆ کۆبکەینەوە!

– دەبێت چەکەکەی خۆی بێت.

– ئاخر زۆر ئاوساوە!.. لە حەوشە چۆتە دەرەوە!

رەنگی گەش ببوو. پەڵە زەردەکانی بیلبیلەو سەرپێستی دیار نەمابوون. منداڵەکانیان لێ دوورخستەوە تا گوڵاوپرژێنی بکەن و بنباڵ و لای سەری پڕ لە ڕیحانە بکەن. ئەمیش چاوە نائارامەکانی، کە رەنگی مردنی بیابان و لەخۆدان و ژن و پیاوو منداڵانیان گرتبوو، بەرەو ئاسمان کردبوونەوە. لەو کاتەدا منداڵێک، کە لە کۆڵان یاری بە پەنجەکانی دەکرد، خۆی بە حەوشەکەدا دەکات و هاوار دەکات:

– سەیری کرمی بنباڵی کەن!..

بە سەرسامییەوە ئاوڕ بۆ کرمە رەنگاورەنگەکانی بنزان و کەللەو بنباڵی دەدەنەوە. ئەویش چاوە نا ئارامەکانی بەرەو ئاسمان کردوونەتەوە.

لێرەدا یەکێک لە سەربازەکان بە قووڵی سەیری ئەوەی دەکرد کە لەبەر خۆیەوە قسەی دەکردو، پاش ئەوەی پەنجەی بەرەو راگرتبوو گوتی:

– بەڵام بیابان لە خۆماندایە!

ئەم رستەیە وەک چەند تەقینەوەیەکی بەردەوام لە ناویاندا دەنگی دەدایەوە: بەڵام بیابان لە خۆماندایە.. بەڵام بیابان لە خۆماندایە.. بەڵام بیابان لە خۆماندایە.. بەڵام....

لەگەڵ ناڵەی ئەو تەقینەوانەدا سەربازێک دێتە خوارەوە بۆ ناو پەناگاکە و بێ وەستان دەڵێت:

– گوێتان لە تەقەیە؟.. دەڵێن سەربازێک هەڵات!

لەگەڵ چوونە دەرەومیاندا بەردەوام رستەکە لە ناوەوەیاندا دەتەقێتەوە: بەڵام بیابان لە خۆماندایە.. بەڵام بیابان لە خۆماندایە.. بەڵام بیابان لە خۆماندایە.. بەڵام....



# کاتێ پڵاو سترانان دەڵێ

## (سیمای نارێک و نامۆی شاعیران لە وەرگێڕدراوەکانی «مستەفا قەرەداغی»دا)

بەرۆژ ئاکرەیی

«ئەگەر لەناکاو بەرەو ڕووی کەسێ بیتەوە کە خاوەنی سیمایەکی نارێک و نامۆ بێ، چ دەکەی؟ ئەگەر کەسێ ببینی کە لە شوێنی گوێ لووتی هەبێ و زاریشی نەبێ، هەڵویستەکەت چ دەبێ؟ ئەگەر بێین و ئەم گفتەی [شۆپێنهاوێر] قەبووڵ بکەین کە: «شێواز، قەدوباڵا ناسینی زەینە» کەواتە شیعر یان شیعرێکی وەرگێڕدراو کە دووربێ لە هەرچەشنە شێواز و بنەما و شیعرییەتی شیعر، مینا ژنێکە کە سێ ئەبرۆی هەبێ، یان پیاوێ کە شتێکی ناقۆڵا لەسەر تەختی تەوێڵی ڕوابێ. کاردانەوەکان لە هەرکەسێکدا جیاوازن. بەڵام گەلێ جار هەڵدەکەوێ کە خوێنەر، تەنانەت خوێنەری ئاساییش لە جیاتی وەرگێڕ شەرم دایگرێ و نارەقە بکا.

وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا چەشنێ حەقیقەتخوازییە. ڕۆڵی وەرگێڕ گەڕانێکی بێبڕانەوەیە بەدوای حەقیقەتی پەیڤدا. ئەم گەڕان و حەقیقەتخوازییە بەلای کەمەوە لە دوو زماندا ئەنجام دەدرێ، بۆ موتوربە کردنی ڕاستەقینەی دوو پەیڤ، دوو ڕستە و لە کۆتادا: دوو فەرهەنگ. وشەکان، مینا گیانلەبەرەکان لە فەرهەنگی جۆراوجۆردا، ژیانی جیاجیایان هەبووە و هەیە. پەیڤەکان لە فەرهەنگە جیاجیاکاندا مینا بەردی ناو چەمێکن، کە لە ڕەوتی مێژوویی - فەرهەنگییەکی



تایبەتیدا و بە ناسنامەو تایبەتمەندی جیاجیاوە سواون و لە ڕەوتی زەمەندا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و شێوەیەکی تایبەت بە خۆیان وەدەست هێناوە.

وەرگێڕان لەم ڕەوتە مێژوویی - فەرهەنگییەدا، ڕووەو بنەماکانی زمان ڕێدەکا، واتە زمانێ کە ژیاوە، پیر بووە، خۆی گەنج کردۆتەوە و شێوەکانی ژیانی خۆی گۆڕیوە، تاکو بواری ژینێکی سەرلەنوێی پەیڤ و ڕستە و

شیعرێ لە زمانێکی تردا بخولقێنێ»(١)

پێم وایە ئەگەر بەلای کەمەوە نەختێ لەگەڵ بۆچوونی سەرەوە تەبا بین، لەگەڵ ئەم بەرهەمانەی ئەمڕۆ بەناوی وەرگێران دەرخواردی زەینمان دەدرێن و لە کۆتادا لەگەڵ خۆمان ناتەبا دەبین!

***

مستەفا قەرەداغی یەکەمین کەس نییە کە خۆی لە قەرەی وەرگێرانی شیعری فارسی بۆ کوردی داوە، منیش دوایین کەس نیم کە لە جیاتی وەرگێڕێک شەرم دایدەگرێ.

بەڵام:

١- ئەگەر بمویستبایە؛ دێڕ بە دێڕ بە کتێبەکەی کاک مستەفا قەرەداغی (تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە ـ هەڵبژاردەیەک لە شیعری فارسی هاوچەرخ)دا، بچمەوە دەبوا سەرلەنوێ هەموویم وەرگێڕابایە و موناقشەم لەسەر بکردایە، لە ئاکامیشدا ئەم



نووسراوەیە دەبوو بە کتێبێکی تر کە قەبارەکەی دوو بەرابەری کتێبی گۆڕینی لێدەردەچوو! ئەم کارەم نەکردووەو حەوسەلەیشم نییە!

٢- لێرەدا دیسان ناپرژێمە سەرباسی شێوەی داڕشتن و پاراستنی شێوازی نووسینی شاعیر. کە ئەگەر بێت و بمەوێ لەم دەلاقەیەشەوە سەیری بکەم، دەبێ من لە باتی وەرگێڕ داوای لێبوردن لە خوێنەر بکەم. کەواتە تەنێ لەرووی ئەمانەتداریی وەرگێڕەوە ـ بەپێی تێگەیشتنی ـ لەئاست دەق دا دەدوێم. گوایە: مشت نموونەی خەروارە!

٣- تەنانەت ناتوانم دێڕ بە دێڕیش بە شیعرەکاندا بچمەوە. کەواتە ناچارم، هەر بە سەرپێیی لاپەڕەکان هەڵدەدەمەوە و لە هەر لاپەڕەیەکدا، یەک دوو (یا چەند) هەڵەیەکی زەق دەستنیشان دەکەم.بەم حاڵەشەوە، ئەوە هەموو هەڵەکان نین و هەڵەکان گەلێ زۆرترن لەوانەی من دەیانخەمە بەرچاو.

***

ناوی کتێبەکەی کاک مستەفا قەرەداغی گوایە لە دێڕە شیعرێکی فروغی فەرروخزاد وەرگیراوە. دێڕە شیعرەکە بە فارسی ئەمەیە: «تنها صداست که میماند» واتە: تەنیا دەنگە کە دەمێنێتەوە. نەک: تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە!

(بەر لەهەموو شتێک: وەرگێڕ تەنانەت ناوی شاعیرەکانیشی بە هەڵە نووسیوە. شاعیرەکان بریتین لە: سوهراب سپێهری (نەک: سوهرابی سوپەهری!)، فروغ فەرروخزاد (نەک: فروغی فروغزاد!!) و: ئەحمەد شاملوو (نەک: ئەحمەدی شاملۆ!!!).

***

**• مادری دارم بهتر از برگ درخت دوستانی بهتر از آب روان**

واته: دایکێکم هەیە چاکتـر لە گـەڵای درەخت و هەڤاڵانێ، باشتر لە ئاوی ڕەوان

نەک: دایکێکم هەیە.. لەگـەڵای درەخت چاکتـرە هاوڕێیانێ لە ئاوی ڕوون (ل:١٢)

**• که باد اذانش را گفته باشد سر گلدسته سرو**

واته: کە با لەسەر منارەی دار سەرووەوە بانگەکەی دابێ.

نەک: کەبا لەسەر ترۆپکی دار سەروودا بانگی دابێ. (ل:١٣)

**• کعبه‌ام زیر اقاقیهاست.**

واته: کەعبەکەم لەژێر ئەکاکیەکانە.

نەک: کەعبەم لەژێر مرواریدایە. (ل:١٣)

**• پدرم پشت دو خوابیدن در مهتابی**

واته: باوکم دوای دووجار خەوتن لە هەیواندا

نەک: لەدوای دووجـار خـەوتنی بەر تریفـەی مانگ.(ل:١٤)

**• مرد بقال از من پرسید: چند من خربزه میخواهی**

**من از او پرسیدم: دل خوش سیری چند؟**

واته: کابرای بەقاڵ لێی پرسیم: چەند «مەن» کاڵەکت دەوێ؟

من لێم پرسی: دڵی خۆش «سیر»ی بەچەندە؟

نەک: پیاوە بەقاڵەکە لێی پرسیم چەند «مەن» کاڵەکت دەوێ

من لەوم پرسی: بە دڵخۆشییەوە «سیر» بەچەندە؟ (ل:١٤)

(سەیر لەوەدایە کە وەرگێڕ دەزانێ «مەن» و «سیر» پێوانەی کێشانن بەڵام نازانێ مەبەستی شاعیر چییە؟ دەکرێ لێی بپرسین: تۆ کە لە دەرخستنی مانای «سیر» حاڵی بوویت و دەزانی دەکاتە ٧٥ گرام، دەکرێ پێمان بڵێی: «بە دڵخۆشییەوە ٧٥گرام بە چەندە؟» یانی چی؟)

**• میوه کال خدا را آن روز می جویدم در خواب**

واته: ئەو ڕۆژە، میـوەی کـاڵی خـودام لەخـەودا دەجاوی.

نەک: لەخـەومـا.. ئەوسـا، مـیوەی کـاڵی خـوداییم دەجویی. (ل:١٥)

**• تا چلویی می خواند، سینه از ذوق شنیدن می سوخت.**

واته: هەر کە پەڕەسێلکەیەک دەیجریواند، سینە لە خۆشی بیستندا دەسووتا.

نەک: هەتا پلاوێک سترانی دەوت،

سنگ لە زەوقی بیستندا دەسووتا. (ل:١٥)

(«چلو» کـورتکراوەی «چلچلە»یە، واتە: پەڕەسێلکە. نەک ئەو «چلوکباب»ەی کورد زۆری حەز لێیە!)

**• رفتم از شهر خیالات سبک بیرون**

واته: لە شاری خەیاڵە سووکەکان وەدەرکەوتم

نەک: لەشاری خەیاڵاتەوە

بەئاسانی چوومە دەرەوە. (ل:١٦)

**• من به باغ عرفان**

واته: من بۆ باخی عیرفان،

نەک: من بۆ باخی زانایی (ل:١٦)

**• چیزها دیدم در روی زمین**

واته: زۆر شتم بینی لەسەر ڕووی زەمین

نەک: شتـەکـانم هەمـووی بەسـەر زەمینەوە بینی. (ل:١٦)

**• نردبانی که از آن، عشق می رفت به بام ملکوت**

واته: پەیژەیەک کە پێیدا ئەڤین هەڵدەگەڕایە سەربانی

مەلەکووت

نەک: پەیژەیەک.. کە ئەوین تیایدا دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک.(ل:١٧)

(١- پەیژە ناوەوەی نییە کە ئەوین تیایدا بگاتە کەشکەلانی فەلەک.٢- «ملکوت» «فەلەک» نییە! بەڵکو: مەزنێتی پەروەردگار، یانژێ: جیهانی غەیب، یاخود: جیهانی «عقول و نفوس» کە «جبروت و ناسوت» لەژێریدان و«لاهوت» کەلە سەرەوەیەتی. « فەرهەنگی موعین »)

* سبووری که به یک پوسته خربزه می برد نماز

واتە: کەسکدەرێک کە کڕنۆشی بۆ توێکڵی کاڵەکێک دەبرد

نەک: گسکدەرێکم بینی لەسەر توێکڵی کاڵەک نوێژی دەکرد(ل:١٧)

* پلەهایی که به گلخانە شهوت می رفت

واتە: ئەو پلیکانانەی بەرەو گوڵخانەی شەهوەت دەچوون

نەک: ئەو پەیژانەی بۆ گوڵستانی شەهوەت دەڕۆیشت(ل:١٨)

(گوڵستان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گوڵخانە هەیە، گوڵستان واتە: گوڵزار، بەڵام گوڵخانە: ژوورێکە کە دیوار و بانەکەی لە شووشە(لەم دواییانەدا بە نایلۆن) دروست دەکرێ و لە وەرزی سەرمادا چەندین چەشنە گوڵی تێدا پەروەردە دەکرێ «فەرهەنگی موعین». جیاوازی نێوان پلیکان و پەیژە پێویستی بە روون کردنەوە هەیە؟)

* پلەهایی که به بام اشراق

واتە: ئەو پلیکانانەی بەرەو ئیشراق

نەک: ئەو پەیژانەی کە بۆ سەربانی هەڵاتنی خۆر (ل:١٩)

* استکانها را در خاطره شط می شست

واتە:پیاڵەکانی لە بیرەوەرییەکانی زێ دا دەشوشت

نەک: پیاڵەکانی لە یادگاری زەریادا دەشت (ل:١٩)

* بند رختی پیدا بود

واتە: تەنافێک دیاربوو

نەک: تەنافی چرپایەک دیاربوو (ل:١٩)

* شرق اندوه نهاد بشری

واتە: خۆرهەڵاتی خەمی زاتی ئینسانی.

نەک: ڕۆژهەڵات: خەمی بنچینەی مرۆڤایەتی(ل:٢٠)

* پرش شادی از خندق مرگ

واتە: بازدانی شادی بەسەر کەندالی مەرگدا

نەک: بازدانی شادی لە سەنگەری مەرگەوە (ل:٢٠)

* حمله دسته سنجاقک

نابێتە: هێرشی مەفرەزەی تانجیبە پێغەمبەرە (دەستە، واتە: پۆل! نەک: مەفرەزە!! مەگەر ئەوەی ئەو تانجییە پێغەمبەرانە (کە دیسان هەڵەیە. «سنجاقک» واتە: «پوشکە بەقونە») لە کاتی سەربازیدا بووبن، یاخود پێشمەرگە. چو نازانم..)

* فتح یک کوچه به دست دو سلام

واتە: ئازادکردنی کۆڵانێک بە دەستی دوو سڵاو لێککردن

نەک: ئازاد کردنی کۆڵانێک بە دوو دەستی سڵاولێککردن(ل:٢١)

* جغد در «باغ معلق» می خواند

واتە: کوند لە «باخچە هەڵواسراوەکان»دا دەیخوێند

نەک: قەلەڕەش لە «باخچە هەڵواسراوەکان» دەیخوێند (ل:٢٢)

* باقەای از خس تاریخ به خاور می راند

واتە: باقەیەک پووش و پەڵاشی مێژووی بەرەو خۆرهەڵات دەنارد

نەک: چەپکێک لە دڕکی مـێــژووی بۆ ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست دەنارد (ل:٢٢)

**• صدای ظلمت را، وقتی از برگی می ریزد**

واتە: دەنگی تاریکی، کاتێ لە گەڵایەکەوە دەڕژێ

نەک: دەنگی ئەو تاریکییەی لە گەڵایەکەوە دەکەوێتە خوارەوە (ل:٢٣)

**• صدای سرفه روشنی از پشت درخت**

واتە: دەنگی کۆکینی ڕووناکی لە پشت درەختەوە

نەک: دەنگی کــۆکــینی ئاشکرای ئەودیو دارێک (ل:٢٣)

**• متراکم شدن ذوق پریدن در بال**

واتە: کەڵەکەبوونی زەوقی فڕین لە باڵدا

نەک: کەڵکەڵەی ئارەزووی هەڵفڕین لە باڵ (ل:٢٣)

(کەڵکەڵە: خولیا کەوتنەسەر بۆ شتێک «فـەرهـەنگی خـاڵ». «مـتراکم» واتە: «کـەڵەکـەبوون». زەوقیش نابێتـە ئارەزوو!)

**• جریان گل میخک در فکر**

واتە: ڕەوتی گوڵەمێخەک لە زەیندا

نەک: پیاسـەی گـوڵەمـێـخـەک بەناو بیری مـرۆڤـدا (ل:٢٤)

**• مثل یک سنگ سرراه حقیقت دارد**

واتە: وەک بەردی سەر ڕێگا، ڕاستیی هەیە.

نەک: وەکو بەرد لەسەر ڕێگەی ڕاستیدایە. (ل:٢٥)

**• به بوییدن یک بوته بابونه**

واتە: بە بۆن کردنی بنچکە بەیبوونێک

نەک: بە بۆن کردنی چڵە بەیبوونێک (ل:٢٥)

**• صدای پر بلدرچین**

واتە: دەنگی باڵی هەوێردە

نەک: دەنگی پەڕی کورکوڕ (ل:٢٦)

**• رنگ های شکم هوبره**

واتە: ڕەنگەکانی سکی چرگ

نەک: ڕەنگەکانی سکی سوچەر (ل:٢٦)

**• زندگی رسم خوشایندی است**

واتە: ژیان نەریتێکی پەسەندکراوە

نەک: ژیان نەریتێکی دواڕۆژ ڕوونە(ل:٢٦)

**• زندگی نوبر انجـیـر سـیـاه، در دهـان گس تابستان است.**

واتە: ژیان نۆبەرەی هەنجیری ڕەشە، لە زاری تفتی هاویندا

نەک: ژیان نۆبەرەی هـەنجـیــری ڕەشـــە لە دەمی پرچێژی هاویندا (ل:٢٦)

**• زندگی حس غـریبی است کـه یک مـرغ مـهاجر دارد**

واتە: ژیان هەستێکی نامۆیە کە باڵندەیەکی کۆچەر هەیەتی

نەک: ژیان هەستی غەریبێکە کە باڵندەیەکی کۆچەر هەیەتی (ل:٢٧)

**• چترها را باید بست**

واتە: دەبێ چەترەکان داخەین

نەک: دەبێ چەترەکان فڕێدەین (ل:٢٨)

**• فکر را، خاطره را، زیر باران باید برد**

واتە: دەبێ بیر و بیرەوەرییەکان، ببرێنە ژێر باران

نەک: بیر، یادگاری، دەبێ ببرێنە ژێر باران (ل:٢٨)

**• زندگی آب تنی کردن در حوضچه اکنون است**

واتە: ژیان مەلەکردن لە ستێرکی هەنووکەدایە

نەک: ژیان خۆ لە ئاو هاوێشتنە (ل:٢٨)

**• رخت ها را بکنیم:**

آب در یک قدمی است

واتە: جلەکان داکەنین:

ئاو، هەنگاوێک لێمانەوە دوورە

نەک: باروینەمـــان بگوێزینەوە.. ئاو لەم نزیکەوەیە! (ل:۲۹)

**• نگویيم شب تاب ندارد خبر از بينش باغ**

واتە: با نەڵێین گوڵەستێرە ئاگای لە دەرک پێکردنی باخ نییە

نەک: نەڵێین شـەوی سامالّ ئاگای لە بینینی باخ نیە (ل:۲۹)

**• بكاريم تهالي سر هر پيچ كلام**

واتە: لەســەر هەمـــوو پێچی پەیڤـێکدا نەمـامـێک بچێنین

نەک: لەسەر هەر بادانەوەیەکی قسەماندا نەمامێک بروێنین (ل:۲۹)

**• كتابي كه در آن پوست شبنم تر نيست**

واتە: کتێبێک کە تێیدا پێستی شەونم تەڕ نییە

نەک: پەرتوکـێک کـە سێڵـەکـان تیـایدا بێ مـەودان (ل:۲۹)

**• خلائي بود در انديشه درياها**

واتە: بۆشاییەک هەبوو لە ئەندێشەی دەریاکاندا

نەک: بۆشـــاییـــەک لە خـــەیاڵی دەریاکـــاندا هەبوو (ل:۳۰)

**• خاطره موج به ساحل صدف سرد سكون مي ريزد**

واتە: بیـرەوەری شـەپۆڵ سـەدەفی سـاردی وەسـتـان بەرەو بەستێن دێنێ

نەک: بیـرەوەری شـەپۆڵ دەڕژێتـە کـەناری سـەدەفی ساردی وەستاو (ل:۳۰)

**• وزن بودن را احساس كنيم**

واتە: هەست بە کێشی بوون بکەین

نەک: هەست بە بۆنی بوون بکەین (ل:۳۱)

**• مرگ در ذهن اقاقي جاريست**

واتە: مەرگ لە زەنیی ئاکاکیادا رەوتی هەیە

نەک: مەرگ لە بیری مرواریدا رێدەکا (ل:۳۱)

**• همــه مي دانيم كه ريههـاي لذت، پر اكســيژن مرگ است**

واتە: هەمووکمان دەزانین کە سییەکانی چێژ، پڕن لە ئۆکسیژێنی مەرگ

نەک: هەموو دەزانین کە سییەکانی لەززەت پڕن لە ئۆکسجین (ل:۳۲)

**• بار دانش را از دوش پرستو به زمين بگذاريم**

واتە: باری زانست لە ســــەرشـــانی پەرەســـێلکە بێنینەخوار

نەک: باری زانست بە شانی پەرەسێلکە بۆ زەوی بار بکەین (ل:۳۳)

***

(لێرە بەدوا لاپەڕە بە لاپەڕە پێیاندا ناچمەوە و هەر بە شـــانس لاپەڕەیەک دەکـــەمــــەوەو هەڵەیەکـــیـــان دەستنیشان دەکەم - وەک چۆن ئێرانییەکان فاڵی حافز دەگرنەوە -):

**• و من بلند بلند «كتاب جامعه» مي خواندم**

واتە: منیش بە دەنگێکی بەرز «کـتـێبی جـامـعـە»م دەخوێندەوە

نەک: منـیش بە دەنگی بـەرز بـەرزەوە پـەرتـووکی زانکۆم دەخوێندەوە (ل:٤٤)

«کتاب جامعە» بیستەمین کتێبە لە کتێبەکانی یاسای شەریعەتی موسا و گوایە سلێمان دایناوە. - فەرهەنگی موعین- )

**• به برق ساكت يک فلس**

واتە: بۆ ورشەی بێدەنگی پوولەکەماسییەک

نەک: بۆ کارەبای فلسێک (ل:٤٥)

* **صدای همهمه می آید**

واتە: دەنگی هات و هاوار دێ

نەک: دەنگی بۆرەبۆڕ دێ (ل:٤٦)

(بۆرەبۆڕ: هاواری گا و گۆلک.ه)

* **گاه از سر یک شاخه توت باید خورد**

واتە: هەندێ جار دەبێ لە سەری لقێکەوە توو بخۆین

نەک: هەندێ جار لەسەر لقی دارتوویەک خواردن بخۆین (ل:٤٩)

* **میتوان با زیرکی تحقیر کرد هر معمای شگفتی را**

واتە: دەکرێ بە زیرەکییەوە سووکایەتی بکەین بە هەموو مەتەڵێکی سەرسوورهێنەر

نەک: دەتوانی گاڵتە بە زیرەکی بکەیت بە هەر مەتەڵێکی سەخت و سەیر (ل:٧١)

* **می توان چشم ترا در پیله قهرش دگمه بیرنگ کفش کهنەای پنداشت**

واتە: دەکرێ چاوت لە قۆزاخەی سڵبوونیدا مینا دوگمەی پێڵاوێکی کۆن هێنایە بەرچاو.

نەک: دەتوانی چاوی خۆت لە پێڵووی زاڵبوویدا دوگمەیەکی بێ ڕەنگی پێڵاوە کۆنێ بیت (ل:٧١)

(بەداخەوە من لەم کوردیە ناگەم!)

* **گروه ساقط مردم**

واتە: کۆمەڵی تێکشکاوی خەڵک

نەک: کۆمەڵە خەڵکێکی بێ ڕەوشت (ل:٧٥)

* **دلمرده و تکیده و مبهوت**

واتە: دڵ مردوو و کز و واق وڕماو

نەک: دووڕەپەرێز و سەرگەردان (ل:٧٥)

* **هرکس ز تاریکی نمی ترسید**

در چشمهایم قهرمانی بود

واتە: هەرکەسێ کە لە تاریکی نەدەترسا

بۆ من وەک قارەمانێ بوو

نەک: هەموو کەس لە تاریکی نەدەترسا

لە چاوەکانمدا قارەمانی هەبوو (ل:٨٠)

* **با برگهای شمعدانی رنگ می زد**

واتە: بە گەڵاکانی (گوڵە) شەمدانی ڕەنگ دەکرد

نەک: بە گەڵاکانی مۆمدانێک ڕەنگ دەکرد (ل:٨١)

* **همه هستی من آیه تاریکیست**

واتە: هەموو بوونی من ئایەتێکی تاریکە

نەک: هەموو بوونی من ئایەتی تاریکیە (ل:٩١)

***

بۆ ئەوەی بتوانم کۆتاییەک بەم بەیتە بێ کۆتایە بێنم و بەشی شیعرەکانی شاملوو هەڵنەدەمەوە (چونکە بەڕاستی من لە ئاست گەورەیی شاملوو (لە شیعردا) خۆم بە شەرمەزار دەزانم کە وەرگێڕێکی گەورە(!) ببێتە قەسابی شیعرەکانی. تەنیا دەمەوێ دوایین کۆپلەی شیعری «لەدایکبوونێکی تر»ی «فروغ فەرروخزاد» بخەمە بەرچاو (تکایە بێجگە لە مانای شیعر لە تێکدانی شێوازی نووسینیش وردبنەوە) تا بزانین تەنانەت وەک خوێنەرێکی ئاساییش چەندە بێ ڕێزیمان پێ کراوە و دەکرێ:

* **من پری کوچک غمگینی را**
**می شناسم که در اقیانوسی مسکن دارد**
**و دلش را در یک نی لبک چوبین**
**مینوازدآرام، آرام**
**پری کوچک غمگینی**
**که شب از یک بوسه میمیرد**
**و سحرگاه از یک بوسه به دنیا خواهد آمد**

واته:

من پەرییەکی بچووکی خەمبار دەناسم
که له ئۆقیانۆسێکدا نیشتەجێیە
پەرییەکی بچووکی خەمبار
که شەو به ماچێک دەمرێ و
بەرەبەیان به ماچێک لەدایک دەبێ.

ئەمەش دەقی وەرگێڕدراوەکەی کاک مستەفا قەرەداغی:

من
پەری بچووکی خەمبارێک دەناسم
که ماڵی له ئۆقیانۆسدایه و..
دڵی له شمشاڵێکی داریندا
ئاواز دەچڕێ..
ئارام،

ئارام،
پەری بچووکی خەمبارێک
که شەوێ له ماچێکدا دەمرێ.. و بەرەبەیان، له
ما
چ
ێ
دا
لەدایک دەبێ. (ل:٩٤)

***

ماندوو نەبن!!..

ستۆکهۆڵم. هاوینی ١٩٩٥

(١)؛ بهنام باژندپور ١ جرئەای دەتاریکی افصلانه «تندر» شماره ٨



# ڕوونکردنەوەیەک

مستەفا قەرەداغی

خوێنەری هێژا، ئاشکرایە کتێبخانەی کوردی لە زۆر بواری زانستیدا هەژارەو جگە لە ئەدەب و سیاسەت لە زۆربەی بوارەکانی وەکو فەلسەفەو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ...هتد، شتێکی ئەوتۆمان تاکو ئەم کۆتایی سەدەی بیستەمە لەبەردەستدا نییە، کە خۆمان وەکو کورد نووسیبێتمانەوە. سەرەرای ئەمەش تەنانەت لە گەڵ پەراگەندە بوونی سەدان نووسەری کورد بۆ وڵاتانی جیاجیای دونیاو فێربوونی زمانە جیهانییەکان هێشتاش بە دەگمەن کەسانێک هەن کە بە کاری وەرگێران هەستابن. ئەمە جگە لەوەی هەر زۆر بە دەگمەن کورد هەبن بە شێوەیەکی زانستی لە بواری وەرگێراندا خوێندنیان تەواو کردبێ و بە وەرگێرانی کتێبی نووسەرە جیهانییەکان کتێبخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردبێ، تەنیا تاک و تەرا، لێرەو لەوێ لە رووی خەمخۆری و دڵسۆزییەوەو هەستکردن بەو کەلێنە گەورەیەی کتێبخانەی کوردی قەڵەمی ویژدانیان هەڵگرتووەو ویستوویانە ئەگەر بە دانانی خشتێکی بچوکیش بێت لە بیناکردنی ساختومانی وەرگێراندا بەشداری بکەن، دیارە کاری واش هەرگیز بێ کەموکوڕی نابێت. منیش تەنیا وەکو یەکێک لەو خەمخۆرانە بریاری وەرگێرانی کۆمەڵە شیعرێکی سێ شاعیری هاوچەرخی ئێرانیم دا.

من پێم وانیە فارسییەکی ئێجگار باش دەزانم، لەهەمان کاتدا پێشم وانیە کە نەزانم ئەحمەدی شاملۆ بە فارسی دەنووسرێ(احمد شاملو)! لەم چەند دێرەدا دەمەوێ چەند خاڵێک بۆ خوێنەران و بۆ کاک بەرۆژ ڕوونبکەمەوە کە رەخنەیەکی لەسەر کتێبی (تەنها دەنگ دەمێنێتەوە) نووسیوە.
کاک بەرۆژ دەڵێت ( مستەفا قەرەداغی یەکەمین کەس نیە ناشارەزاییانە و دوور لە هەرچەشنە ئاگادارییەک خۆی لە قەرەی وەرگێرانی شیعری فارسی بۆ کوردی داوە، منیش دوایین کەس نیم کە لە جیاتی وەرگێر شەرم دایدەگرێ)!

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم چەند دێرە نارەوایە بدەمەوە، دەڵێم هەر کاک بەرۆژ خۆی سێ خاڵی هێناوەتەوە کە دەیسەلمێنێ بە وردی کتێبەکەی نەخوێندۆتەوەو مەبەستی رەخنەکەی رەواخوازی نیە بۆ وەرگێرانی ئەدەبی. بروانە خاڵەکانی(١،٢،٣)ی رەخنە وتاری ( کاتێ پڵاو سترانان دەڵێ) کە لەهەر خاڵێکیاندا بە شێوەیەک دەیخاتە روو کە بە بەرپرسیارێتییەوە وتارەکەی نەنووسیوە:( حەوسەڵەم نیە، ناپەرژێم، ناتوانم دێر بەدێر بە شیعرەکاندا بچمەوە). ئێ برا کە ناتوانی و ناپەرژێی و حەوسەڵەت نیە، بۆ رەخنە دەگری؟ ئەگەر دەتوانی ، بۆ حەوسەڵەت نیە پیا بچیتەوە؟!

پێم وایە ئەوەی کە لە ڕووی بێت بە کەسێک بڵێت ( لە جیاتی تۆ شەرم دەمگرێ) کەسێکی شەرمن نیە! ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە، ئەگەر وەرگێرێک لە وەرگێرانی سەدان دێرە شیعردا چەند وشەیەکی بە هەڵە تێگەیشتبێ، بۆچی دەبێ شەرم دایگرێ؟! ئەمە لە کاتێکدا کە کاک بەرۆژ خۆی لە پێنج لاپەرەی ڕەخنەکەیدا کۆمەڵێک هەڵەی کردۆتەوە! دەتوانم بڵێم پێداچوونەوەو ڕەخنەگرتنی ئەم برادەرە لە سێ حاڵەتدا خۆی دەنوێنێ( ئەمە جگە لەتیرو توانجەکانی):

حاڵەتی یەکەم: هەندێک هەڵەی بۆ ڕاست کردوومەتەوە، کە شایانی سوپاسە.

حاڵەتی دووەم: هەندێ ڕاستی بۆ کردووم بە هەڵە.

حاڵەتی سێیەم: هەردووکمان بۆچوونی جیاوازمان هەیە بۆ وەرگێرانی دێرێک یان وشەیەک کە ڕەنگە هەمان مانا ببەخشن.

کاک بەرۆژ دەچێتە سەر ناوی شاعیرەکان و دەنووسێت: سوهراب سپێهری، فروغی فروخزاد، ئەحمەد شاملو تەواوە نەک بەو شێوەیەی کە من لە کتێبەکەدا نووسیومن. جارێ دەمەوێ بڵێم ناو دەکرێ بگۆردرێت. بڕوانە: ناوی گیڤارا، جیڤارا، چەگوارە کە هەرسێکیان هەمان ناون. یان ماکسیم گۆرکی، مکسیم غورکی... تاد. گەر کاک بەرۆژیش پێی وابێ ناوەکانی بۆ ڕاست کردوومەتەوە ، دەسا هەڵەی کردووە، چونکە لە فارسیدا پیتی (ێ) نیە ، کە پێی بنووسن: ( سپێهری)، هەروەها ( وو) نیە تا بنووسرێ ( شاملوو ).... تاد.

بە هەر حاڵ کاک بەرۆژ لە کۆتاییدا دەڵێ: ( تکایە بێجگە لە مانای شیعر، لە تێکدانی شێوازی نووسینیش وردبنەوە، تا بزانن تەنانەت وەکو خوێنەرێکی ئاساییش چەندە بێرێزیمان پێ کراوەو دەکرێ !). سەیرە! کام بێرێزی؟! نازانم بۆچی و کەی هەڵەکردن لەچەند وشەیەکدا یان تەنانەت چەندین وشەش لە وەرگێرانێکدا دەبێتە بێرێزی؟! برای بەرێز تۆ لە وڵاتێکدا دەژیت، خەڵکی ئەو وڵاتە نەک هەر ڕێز لە مرۆڤ دەگرن، بەڵکوڕێز لە گیانلەبەرو گژو گیاو گوڵ و دارستانیش دەگرن. تۆ بڵێی ئێمە نەتوانین هیچیان لێوە فێربین!

لە کۆتاییدا دووبارە دەڵێم وەرگێرانەکەم بێ کەم و کوڕیی نیە و بڕواناکەم وەرگێرانی بێ کەموکوڕیش لە ئەدەبی کوردیدا هەبێ( جگە لە دەگمەنەکان ). ئاواتی ئەوە دەخوازم کە نووسەر، یان هەر خوێنەرێک کە بە چاوی ڕەخنەوە دەقێک دەخوێنێتەوە بە نیازی هەڵسەنگاندن و نووسین لەسەر کتێبێک، دەقێک، دڵی بشواتەوەو نەهێڵێ گرێکان بیرکردنەوەی گرێ بدەن، ویژدانی بواری نەدات لە چوارچێوەی ڕێزو ئەدەب بچێتە دەرەوە! لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا.

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal

1996 17

